دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٢، دووشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی دێسامبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



**پەیامی «مستەفا هیجری»**

**سەبارەت بە وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی «ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»**

وتەکانی بەڕێز «نێچیروان بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە کۆڕبەندی «ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست» لە زانکۆی ئەمریکیی کوردستان لە دهۆک پێشکەشی کرد بە گشتی و بە تایبەتی ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە هەبوو، لەسەر بنەمای واقعییەتێکە کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە پشتە و جێبەجێکردنەکەی بەشێکی گرنگە لە دابینبوونی ئاسایش و ئاشتی لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

ئەم بۆچوونە کە لە کۆڕبەندێکی ئاوا گرنگ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە سەرنجی خرایە سەر، بەشێکە لە سیاسەت و هەڵوێستی هەمیشەیی و فەرمیی ئێمە سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد، هەر بۆیە جێی دەستخۆشییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری

ای سەرماوەزی ١٤٠٠



**پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەییدا**

٤




**شکستی دەوری حەوتەمی وتووێژەکانی ڤییەن و هۆکارە نادیارەکان**

٦



**پێویستیی ڕێکخستن و بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە**

٨



**دیمانەی کوردستان**

١٠

# تەقینەوەی بنکەکان یان تەقینەوەی کۆمەڵگا




دوای چەند مانگ لە وەدوا خستن و خۆدوورگرتن لە وەڵامدانەوە بە پەیامی کۆمەڵگای جیهانی، تیمی تایبەتی چل کەسیی ئامادەکراوی باندەکانی سەر بە وەلیی فەقیە، ڕۆیشتنە ڤییەن تاکوو بەقەولی خۆیان لەسەر لابردنی سزاکان وتوویژ بکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو کات ویستوویەتی کە چەمک و دەستەواژە گشتی و ستانداردەکان بگۆڕێ و بەناوێکی دیکە ناویان ببا تاکوو بەقەول وا نیشان بدا کە ئەوە ڕێژیمی ئیسلامیی تارانە کە ڕێوشوێنەکان دیاری دەکا و ڕۆڵی خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا دەسەپێنێ!

لەم دەورەیەشدا کە وتوێژی پەروەندە ناوکیەکەی ڕێژیم دووبارە بەڕێوەدەچێ، خامنەیی بۆ ئەوەی نیشان بدا کە لە بڕیار و قسەکانی پاشگەز نەبووەتەوە ناوی دانوستانەکانی ناوە، دانوستانی لابردنی سزاکان!!

پێشتر کە دۆناڵد ترامپ ڕێککەوتنی بەرجامی هەڵوەشاندەوە، خامنەیی دەیگوت کە نە شەڕ دەبێ و نە وتوویژ دەکەن، بەڵام ئێستا کە لە ژێر گوشاری جیهانی و دۆخی نالەباری ئابووریی پاسدارەکانیدا، ملی بۆ دانوستان شۆڕ کردووە، دەیەوێ بڵێ ئەمە هەمان دانوستان نیە! بەڵام هەر جۆرە دانوستانێک بکەن و لە ژێر هەر ناوێکدا بیکەن دەبێ بۆ ئەوەی شتێک بستێنن دەبێ شتێک بدەن! جا وەلیی فەقیە لە بەرامبەر ستاندندا دەبێ ئامادەیی دانی هەبێ، دەنا دانوستانەکە تێک دەچێ و سەر ناگرێ و قۆناخێکی توندتر لە ئێستە دژی ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی دەست پی دەکا.

لەم گەڕە تازەیەی دەسپێکردنەوەی دانوستانەکاندا، تیمی چل کەسیی نێردراوی خامنەیی، بە مەبەستی کات کوشتن و درێژدادڕی وەڕێ خرابوون و هەر بەو جۆرەی کە لە میدیا جیهانیەکاندا بڵاو بوویەوە، لایەنی ڕۆژاوایی بێهیوان لە وتەکانی تیمی کۆماری ئیسلامی و دەڵێن ئەو پێشنیارانەی هێنابوویان هەموویان بەجۆرێک بوون کە بۆ ڕێک‌نەکەوتن ئامادە کرابوون.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتوونەبوونی دەسپێکی دانوستانەکان و ڕەنگدانەوەی بێهیوایی ڕۆژاواییەکان لە میدیاکاندا، لە دوو بواردا لە ئێران کاریگەرییەکانی دەر کەوتن: لە بازار و لە بنکە ناوکییەکان!

لە بازاردا دۆلار دووبارە هەڵفڕی و تمەنی ئێرانی سووکتر لە جاران بوو. بە گرانبوونی دۆلار لە یەک ڕۆژدا نرخی شتومەک گرانتر بوو و خزمەتگوزارییەکان نرخیان زۆرتر بوون. لە ڕاستیدا هەژار و کەم داهاتەکانی ئێران گیرفانیان بەتاڵتر بوو.

بە هەر هەنگاوێک لە سەرەڕۆیی و ملهوڕیی خامنەیی و باندەکەی، ژیانی خەڵکانی ئێران وێرانتر دەبێ و کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر گوشاری زیاترەوە و لە هێڵی تەقینەوەی سەرتاسەری نزیکتر دەبێتەوە.

هەر لەو کاتەدا و دوای تاریکبوونی هەوا، دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز درگا و پەنجەرەی ماڵی خەڵکی لە دەیان کیلۆمێتریی دەوروبەری بنکەی نەتەنز لەراندەوە.

میدیاکانی ڕێژیمیش و تەنانەت ئەوانەی وا ڕاستەوخۆ لەلایەن سپای پاسدارانەوە بڵاو دەکرێنەوە، هەواڵی دژبەیەکیان بڵاو دەکردەوە و دیاربوو کە ترس و دڵەڕاوکێ بەرۆکی سپای پاسدارانیشی گرتووە و نازانن کە چی ڕووی داوە!

بەرپرسانی ڕێژیم ڕۆژی دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بڵێن دەنگی تەقینەوەکە هی تەقاندنی مووشەکێکی دژی فڕۆکە بووە. هەرچەند ئەوەیان ڕوون نەکردەوە کە بۆچی مووشەکەکەیان لە ئاسمان تەقیوەتەوە، بۆتە هۆی لەرینەوەی زەوی و لە ماڵەکانی خەڵکی لە مەودای زۆر دوور درگا و پەنجەرەیان لەریوەتەوە! ڕەنگە ئەو تەقینەوەش کاری ئیسراییل بووبێ و لە جێگری وەزیری بەرگریی ئیسراییلیشیان پرسی، وتی ناتوانێ بڵێ ئەو تەقینەوە چی بووە، خۆ لە پیاو سەبارەت بە کارەکانی شەوی پرسیار ناکرێ!!

لەو کاتەوە کە خامنەیی وتوویە نە شەڕ دەبێ و نە وتوویژ و دانوستان دەکەن، هەم دۆخی ئابووریی ئێران زۆرتر تێک چووە و هەموو ڕۆژێک وێرانتر دەبێ و کار لە قەیران تێپەڕیوە. لە بنکە ناوکییەکانی ڕێژیمیش بەردەوام تەقینەوە و وێرانکاری ڕوو دەدەن. بە درێژەدانی ئەم ڕەوتە، یان خامنەیی دەبێ بەتەواوی مل بۆ زۆر بەند و خاڵی ئامریکا شۆڕ بکا، یان بنکە نیزامییەکانی بەدوای یەکدا دەتەقێنەوە، یان ڕەنگە فریای هیچیان نەکەوێ و کۆمەڵگای بەسەردا بتەقێتەوە.

### پەیڤ

**تابلۆکان بشکێنین**

**کەریم پەرویزی**

کۆلۆنیالیزمی حاکم بەسەر ئێراندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر گوشار بۆ نەتەوە خاک داگیرکراوەکان لە ئێراندا دێنێ و هەر ڕۆژە سیمای دێوەزمەیی خۆی زیاتر دەردەخا.

بەرپرسی پۆلیسی تاران لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی ڕێژیم ڕایگەیاند کە ناوی کوردی و تورکی و لوڕی و ... بۆ دووکان و شوێنەکان لە تاران قەدەغەیە. لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی مێهر، سەرهەنگ نادر مورادی، بەرپرسی پۆلیسی تاران دەڵێ کە ناوی کوردی و تورکی و لوڕی و شومالی و ... نابێ لەسەر دووکان و شوێنەکان لە تاران بنرێن. دەڵێ بە دەستووری وەزارەتی ئیرشادی ڕێژیم، ئەو ناوانە تەنیا لە پارێزگاکانی خۆیان بەکار دەبرێن. بەرپرسی پۆلیس دەڵێ ئەو زمانانە زمانی ناوچەیین و نابێ لە تاران بەکار ببرێن و دەبێ هەرکامەیان لە شوێنی خۆیان ئیجازەیان پێ بدرێ!

ئەوەی کە بە وتەی بەرپرسی پۆلیسی تاران ، زمانە ناوچەییەکان! تەنیا دەبێ لە شوێنی خۆیان بۆ ناوی دووکان و شوێن کەڵکیان لێ وەر بگیرێ دیارە لووتفێکی زۆر گەورەی کردووە بە نیسبەت ئەو زمانانەوە! چونکە لە کوردستان بۆ وێنە، بەرپرسانی ڕێژیم ڕێگەی بەکارهێنان بە زمانی کوردی نادەن و زۆرجار ئەوەندە گرفت بۆ خەڵک دروست دەکەن کە لە ناوی کوردی پەشیمان ببنەوە.

سیستمی کۆلۆنیالیستیی داسەپاو کە بە هێزی چەک و کوشتار و تیرۆر لە سەدەی ڕابردووەوە لە ڕەزاخانی پاڵەیەوە تا ئێستا بەسەر ئەم جوغرافیایەدا زاڵ بووە، هەموو هەوڵێکی بۆ سڕینەوەی نەتەوەکان لە ئێراندا داوە و تەنیا و تەنیا ویستوویانە کە زمانی فارسی بمێنێتەوە و هەموو زمان و نەتەوەکانی دیکە بسڕێنەوە و بتوێننەوە.

ئەمەی کە لە زمانی سەرۆکی پۆلیسی تاران ڕاگەیەندراوە، بەشێکی زۆر زۆر بچووک لەو سیاسەتە شۆڤێنیستی و کۆلۆنیالیستیەیە کە بۆ تواندنەوەی نەتەوەکان بەڕێوەی دەبەن.

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەی ڕێژیم حاکم لە تاراندا، پێویستە کە نەتەوە ستەملێکراوەکانیش کاردانەوەیان هەبێ و بەرەوڕووی ببنەوە. لە ئێستادا کە ڕێژیم بەم شێوەیە و لە تابلۆی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز

اوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کەمئەندامی شۆڕش ئەو مرۆڤە بەجەرگەیە کە ملی بۆ زوڵم و زۆر و سەرکوت ڕانەکێشاوە و لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی ماف و ئازادیی نەتەوەکەیدا بریندار بووە و ئەندامێک یان تەنانەت چەند ئەندامی لەشی لەدەست داوە و بەو شێوەیە، تێچوویەکی قورسی لە پێناو سەربەستیی نیشتمان وەخۆ گرتووە.

کەمئەندامی شۆڕش ئەو مرۆڤە بەبیروباوەڕەیە کە ئێستاش ئەگەر کات بگەڕێتەوە بۆ پێش برینداربوونی، ئامادەیە لەپێناو وەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ گەلەکەی، دەست بداتەوە چەک و تەنگ بە چەوسێنەر هەڵچنێت.

بۆ لەبیرنەکردن و ڕێزگرتن لەو مرۆڤە لێبڕاوە، چوار ساڵ لەوەپێش، ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاری کرد. لە بەشیک لە ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی لە ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاویدا هاتووە:

«بۆ ئاگاداریی هەموو لایەک، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەت کەمئەندامانی حیزب، ڕادەگەیەنین کە بۆ ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزگرتن لە تێکۆشانی هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان، لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چ بە شێوەی تیرۆر، پیلانی جۆراوجۆری جینایەتکارانی ڕێژیم، یان لە سەنگەری بەرگری بەرانبەر بە نەیارانی کورددا ئەندامێک یان چەند ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە و لەگەڵ ژیانی کەمئەندامی بەرەوڕوو بوون، بەڵام کەمئەندامبوون نەیتوانیوە بەربەست بێت لە درێژەدان بە تێکۆشان و تەنانەت بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیان پتەوتر و ئیرادەیان لێبڕاوانەتر بووە، ڕۆژێک وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری دەکات».

١٦ی سەرماوەز وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕۆژە تاڵەیە کە لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای خائینێکەوە، بە ناردنی کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بۆ فەرماندەی قارەمانی حیزبەکەمان کاک «حەسەن شیوەسەڵی»، زیانی گەورەی بە جەستەی ئەو تێکۆشەرە گەیاند، بەڵام کاریگەریی لەسەر ورەی بەرزی هاوڕێمان دانەنا.

مەبەست لە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە، بەر لە هەموو شتێک ڕێزگرتن لە خەبات و بەرخۆدانی ئەو تێکۆشەرانەیە کە لە پێناو ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە چەوسانەوە و ژێردەستی، لە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمندا بوون بە کەمئەندام.

کەمئەندامانی خەبات بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری شەڕێکی پڕتێچوو و کاولکەرە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە بەسەر خەڵکی کوردستانیدا سەپاندووە و ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕۆژە یارمەتیمان دەدات کە ئەو هەموو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خوڵقاندوونی، قەت لەبیر نەچنەوە و نەسڵی ئێستا و نەسڵەکانی داهاتوو بزانن کە کۆماری ئیسلامی بەو شێوە دڕندانەیە وڵامی داخوازە ڕەواکانی گەلەکەیانی داوەتەوە.

بەو هیوایە کە دیاریکردنی ڕۆژێکی ئەوتۆ، لانیکەم بەشێکی بچووک لە ئێش و ژانی قورسی خەباتگێڕانی کەمئەندام کەم بکاتەوە.

کەمئەندامان بزانن کە لەبیری حیزبەکەیان و هاوسەنگەرەکانیان ناچنەوە و هەتاهەتایە خۆمان بە ئەمەگداری ئەوان دەزانین و هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبین و ڕێبازیان بەر نادەین.


بەهیوای وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆڕیادی نووسەر و شاعیری کۆچکردوو «جەلال مەلەکشا» بەشداریی کرد

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەز، لەسەر بانگهێشتی یەکیەتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەمەدسالح قادری» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە کۆڕیادی گەورە نووسەر و شاعیری بلیمەتی کورد کۆچکردوو «جەلال مەلەکشا»دا کرد.

لەو کۆڕیادەدا شاندی حیزب پەیامی هاوسۆزی و پێزانینی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی بەڕێزی جەلال مەلەکشا گەیاند. کۆڕەکە لەژێر چاوەدێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە نووسەران، ڕووناکبیران و نوێنەرانی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تێکۆشەرانی چوارپارچەی کوردستان بەڕێوە چوو و دوای خوێندنەوەی چەندین شێعر و وتاری تایبەت، تاجەگوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەشی بنەماڵەی جەلال مەلەکشا کرد.



## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر سێمینارێکی بەڕێوە برد

بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سێمینارێکی تایبەت بە ٢٥ی نوامبر بەڕێوە چوو. ڕۆژی شەممە ٦ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سێمینارێکی تایبەتی بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕێک خست. سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

«فاتمە عوسمانی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پانێلی یەکەمدا بابەتێکی لەژێر ناوی «توندوتیژیی سیستماتیک و بەیاساییکراو» پێشکەشی ئامادەبووان کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا پەرژایە سەر ئەو توندوتیژییەی کە بەهۆی هەبوونی یاسا و دابونەریتەکانەوە بەسەر ژناندا دەسەپێن. «عوسمانی» ئاماژەی بە بڤەبوونی هەندێک بابەتی پێوەندیدار بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان کرد و وتی: «پێش لە هەموو شتێک دەبێ بەنیسبەت کێشەکانی کۆمەڵگەوە، ڕوانگەمان بگۆڕین، چونکە بەبێ گۆڕینی ڕوانگەکان، هیچ شتێک نابێت بە فەرهەنگ و تا کاتێک کە زانیارییەکانی ئێمە نەتوانن بگەنە ئاستێک کە ببنە وشیاری، ناتوانین چاوەڕوانی گۆڕانی دۆخەکە بین».

لە پانێلی دووەمدا، «سەلام ئیسماعیلپوور» کادری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بابەتێکی لەژێر ناوی «پێگەی ژن لە ئایینەکاندا» پێشکەشی ئامادەبووان کرد. ناوبراو لەم باسەدا ئاوڕێکی لە پێگەی ژنان لە مێژوودا دایەوە و باسی لە دژەی ئایینەکان لەنێو کۆمەڵدا کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا وتی: «چەسپاندنی یاسای بەرابەری سەختە، چونکە نابەرابەری بووەتە مەنفەعەتی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە و خودی ژنانیش بەرگریی لێ دەکەن، بۆیە تێگەیاندنی ژنان لەوەی کە ئەو دۆخەی کە تێیدان مافی ئەوان نییە، بەشی هەرەئەستەمی کارەکەیە». لە کۆتاییدا ئامادەبووان ڕا و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بابەتەکان دەربڕی.

## هێرشی سایبێریی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بەردەوامە

لە درێژەی هێرشە سایبێرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەمجارەش هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ هەککردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی شکست بوو.

ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای دروستکردنی ڕۆبات لە هەوڵ دابووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکرات هەک بکات. بەهۆی ئەو هێرشە سایبێرییە، گوشارێکی زۆر لەسەر ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» بوو و لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە نەدەکرایەوە.

ئەوە یەکەم جار نییە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هێرش دەکاتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکرات.

هاوکات ڕێژیمی ئێران بە دانانی پەیجی ساختە لە هەموو تۆڕ و کاناڵەکانی سۆشیاڵ میدیادا، بە ناوی حیزبی دێموکرات، هەم دەیەوێ زانیاریی ناڕاست و چەواشە لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتدا بڵاو بکاتەوە و هەم بەو ڕێگەوە هەوڵی سیخوڕی بە سەر خەڵکدا دەدات.

ڕێژیمی ئێران لە چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نیگەرانە و بۆ ئەو مەبەستەش بۆ وێنە بە فەرمی داوای لە کۆمپانیای تێلێگرام کردبوو کە پێش بە چالاکیی گرووپە دژبەرەکانی ڕێژیم بگرێت.

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێک بۆنەیەک بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی لەنێوان مرۆڤەکاندایە.

ئەو ڕێکەوتە لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو بۆنەیەکی جیهانی بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری کرا.

بابەتی توندوتیژی دژ بە ژنان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لە وڵاتانی جیهاندا پرسێکی گشتگیرە کە بەپێی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتد، ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت و بەو پێیە بەرەنگاربوونەوەشی ئەرکێکی مێژوویی و ئینسانی بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و وڵاتانی دیکەی زاڵ بەسەر کوردستاندا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمە سیاسییەکان، یاساکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری کۆمەڵگەکانە کە مخابن ئاگایانە یان نائاگایانە چووەتە نێو بیرکردنەوەی تاکەکانیش و زۆر جار لە هەڵسوکەوتی تاکەکان لە بنەماڵە و کۆمەڵگە و لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

سەرباری پاشخانێکی مێژوویی دوورودرێژی پڕ لە نەهامەتی بۆ ژنان لە ئێران و کوردستان، هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی وەک باری سەرباری هەموو دەردانیش، ژیان و چارەنووسی ژنانی خستە بەردەم سێ کوچکەی یاسای کۆنەپەرستانە، نەریتی دواکەوتووانە و ئایینی بە ئیدئۆلۆژیکراوی حکوومەت و ژنان لەو ماوەیەدا قوربانییەکی زۆریان لە خەبات و بەرەوڕووبوونەوەی ئەو سیستمە دژەمرۆییەدا داوە.

ئەو سیستمە سیاسییەی کە ئێستا وەکوو وەیشوومەیەک باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، هەم میراتگری کۆمەڵێک داب و نەریتی پیاوسالارانەیە کە خۆبەخۆ دژ بە ویستی ڕەوا و ئەمرۆیی ژنانی یەکسانیخواز کار دەکات و هەم بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کولتوور و عەقڵییەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە ژن لەو کولتوورەدا خاوەنی هیچ مافێک و هەڵگری هیچ بایەخێکی مرۆیی نییە و تەنیا وەکوو ئامراز و کاڵا و کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردن بە پیاوان و دەزگای بەرهەمهێنانی حەشیمەتێکی گوێڕایەڵ بۆ بەردەوامی و مانەوەی سیستم چاوی لێ دەکرێت.

لە دیارییەکانی ئەو سیستم و کولتوورە دواکەوتووە بۆ ژنان دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵاواردنی جێگیرکراو لە یاساکانی ژیانی هاوژینی، میرات، یاسای فرەژنی، سیغە و هاوشێوەکانی و یاساکانی دیکەی تایبەت بە پێگەی ژن لە بنەماڵە و ژیانی هاوبەشدا، قەساس و حەد و تەعزیر و خوێنبایی، ڕەواییدان بە قەتڵی ناموسی، دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی لە شەقام و زیندانەکان و ئیداراتی حکوومەتی و هەموو بوار و قوژبنەکانی ژیان لە ئاستی گشتی و تایبەتی کۆمەڵگەدا، بەردبارانکردن، سەرکوتکارییەکانی گەشتی ئیرشاد، کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ژنان بۆ مەبەستی سیاسی، حیجابی زۆرەملێ و بەربەستدانان بۆ بەشداریی چالاکانە و ئازادیی ژنان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بکەین کە کارتێکەرییەکانی لەسەر ژنان دەتوانین لە دووتوێی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کارەساتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ژنان وەکوو تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، خۆکوژی و خەمۆکیدا ببینین کە بەشێکی زۆر کەم لەو ڕاستییانە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە وەها کۆمەڵگە و سیستمێکدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئەرکێکی زۆر قورسیان بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان لە ئەستۆیە و لەگەڵ هەڕەشە و گوشاری سیستمی سیاسی و توێژی کۆنەپارێز و دواکەوتووی کۆمەڵگە بەرەوڕوو دەبنەوە کە چاوی بە دیتنی پێناسەیەکی نوێ و مرۆڤسالارانە بۆ پێگەی ژن و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە لەنێوان ژن و پیاودا هەڵنایەت.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان بوێرانە بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان ڕاوەستاون و تێچووی قورسی ئەو خەباتە هەرگیز نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە داوا ڕەواکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی ژنان بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووەتە بەشێکی دانەبڕاو و پێشەنگی خەباتی هەموو چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکان بۆ بە چۆکداهێنان و ڕووخاندنی سیستمی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی.

لە ٢٥ی نوامبری ئەمساڵدا، ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی هەرجۆرە هەنگاو، یاسا، نەریت، بیرکردنەوە یان کردارێکی تاکەکەسی یان سیستماتیک کە شکۆ و پێگە و کەرامەتی مرۆیی ژنان بکاتە ئامانج، یان هەڕەشە لە تەناهیی دەروونی و جەستەییان بکات، پشتیوانیی خۆمان لە هەموو داوا ڕەواکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و ژیانێکی مرۆیی کە لە ڕاستیدا داواکاری و ویستی هەموومانە، دەردەبڕین.

لەو پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین کە لە هەر گۆڕەپانێکی خەباتە ڕەواکەماندا و لە هەر تریبوونێکەوە کە لەبەر دەستماندا بێت، دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی هاواری مافخوازانەی ژنانی ئازاردیتووی وڵاتەکەمان و خەباتی ئەوان بۆ دابینبوونی ماف و داخوازییەکانیان و گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە ئازار و هەڕەشە بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات و ئەرکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەی خۆمان دەزانین.

سڵاو لە ژنانی مافخواز و خەباتگێڕی وڵاتەکەمان

سەرکەوتوو بێت خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی نوامبری ٢٠٢١ی زایینی**
**٤ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر سێمینارێکی بەڕێوە برد



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سێمینارێکی تایبەتی بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کەمپەینی ١٦ ڕۆژە، ڕێک خست.
ڕۆژی سێشەممە ٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، بە بەشداریی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کۆمیتەی «نەسرین قاسملوو» لە کەمپی جێژنیکان، سێمینارێکی تایبەت بە ٢٥ی نوامبر و کەمپەینی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، بەڕێوە چوو.
سێمینارەکە بە ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
لە سەرەتای سێمینارەکە «شەهلا کاوە» مێژووی ٢٥ی نوامبری بۆ بەشداربووان باس کرد و ڕایگەیاند: «ئامانج لە تەرخانکردنی ٢٥ی نوامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ڕێز لە هەوڵ و بوێریی خوشکانی میرابێل بوو و زیاتر پاڵنانی ڕای گشتی بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی دژ بە ژنان».
لە بەشێکی دیکەی سێمینارەکە، «ژیلا موستەئجێر» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، باسێکی لەسەر کەمپەینی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و چۆنیەتیی چالاکییەکان لەم ڕۆژانەدا بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد.
لە درێژەدا «ژیلا موستەئجێر» لەسەر پێناسەی توندوتیژی و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دەبنە هۆی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگە وەکوو فەرهەنگ دەپارێزرێت، قسەی کرد و لەنێو قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «دەبێ ئێمەی ژنان توندوتیژییە شاراوەکان بناسین و بە سەرنجدان لێیان ڕێگری لە دوپاتبوونەوەیان بکەین، بەتایبەت کە ئێمە بەرانبەر بە ژیانی خۆمان و نەوەی داهاتوو بەرپرسیارین».
لە کۆتاییدا ئامادەبووان ڕا و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە تەوەری کۆبوونەوەکە دەربڕی.

## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان بەیانییەیەکی بڵاو کردەوە

ڕۆژی سێشەممە ٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی «ئیسفەهان و شەهری کورد» بەیانییەیەکی بڵاو کردەوە.
دەقی ئەم بەیانییەیە بەم چەشنەیە:
لە دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەر، لە شاری «ئیسفەهان» سەبارەت بە مافی بەشە ئاوی وەرزێران ناڕەزایەتیی بەرین لە پردی «زایەندەڕوود» بەڕێوە چوو.
کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی کە ڕێژیمی ئێران هەوڵێکی سەرشۆڕانەی بۆ دەسبەسەرداگرتنی دا بەڵام بە وتنی «هوو» لەلایەن ناڕازییەکان بۆ «عەلی خامنەیی» ئەو هەوڵە بێ ئاکام مایەوە و پەرچەکرداری سەرکوتانەی بەربڵاوتر دژی خەڵک لە «ئیسفەهان» ئەنجام درا.
پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی «ئیسفەهان» لە وەرزێرانی ناڕازی، بووە هۆی ئەوەی ئەو ناڕەزایەتییە لە ناوچەکانی دیکەی ئەو شارەش پەرە بستێنێت و لە ئاکامدا شەڕ و تێکهەڵچوونی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران و خەڵکی لێکەوتەوە کە چەندین دیمەن لە تەقە بە گوللەی ساچمەیی و لێدان و پێدادانی هێزەکانی ڕێژیم دژ بە خەڵک بڵاو بووەوە.
لەلایەکی دیکەوە بەردەوامیی ئەو ناڕەزایەتییانەی خەڵک لە ٣٠ی خەزەڵوەردا بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکی «شەهری کورد» بەهۆی کێشەی بێ ئاوی و بژێویی ژیان بڕژێنە سەر شەقامەکان. سیاسەتی هەڵاواردنی ئاو لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هەڵسوکەوتی پێشینەداری ئەو ڕێژیمە، خەڵکی «شەهری کوردی»ـشی تووشی ترس و تۆقان کرد و ئەوانیش بۆ پێشگرتن لە ڕاگواستنی ئاوی «کاروون» ڕێپێوانیان بەڕێوە برد. لە بواری بابەتی قەیرانی ئاو لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی پووشپەڕ و سەرەتای مانگی گەلاوێژ خۆپیشاندانی بەربڵاوی نەتەوەی عەرەب و هاوڵاتییانی دیکە بەنیسبەت بێ ئاوی، جا چ ئاوی خواردنەوە و چ ئاوێک بۆ کشتوکاڵ، بێبەزەییانە سەرکوت کرا کە کوژران، بریندار‌بوون و دەسبەسەرییەکی زۆری ئەو ناڕازییانەی لێ کەوتەوە.
بەردەوامیی قەیرانی بێ ئاوی و گۆڕانکاریی کەشوهەوا لەگەڵ سیاسەتی هەڵاواردنی ئاو، گەندەڵیی پێکهاتەیی و بەڕێوەبەریی نەشیاو لە ڕێژیمی ئێراندا نەتەنیا بەشی کشتوکاڵی لەگەڵ کێشەگەلێکی مەترسیدار بەرەوڕوو کردووەتەوە بەڵکوو دابینکردنی ئاوی باشیشی بۆ خواردنەوەی خەڵک لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو کردووەتەوە. قەیرانی ئاو، ڕۆچوونی زەوی، تەپوتۆز، قەیرانی گۆلی ورمێ، قەیرانی هەوای پاک و خاوێن لە شارە گەورەکان، وشکبوونی زەلکاوەکان و دەیان قەیرانی ورد و درشتی دیکە بەشێک لە کارنامەی ژینگەیی ڕێژیمی ئێرانن. دەزگای ناکارامەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و مافیای ئاو بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر لە بەنداوەکان و بەلاڕێدابردنی ئاو لە شوێنی سروشتیی خۆیان بۆ ناوچەکانی وەکوو پیشەی ئاو بۆ پۆڵا، سرامیک، پێترۆشیمی و... خزمەتگوزاریی ئاوی وڵاتی بۆ لای لەنێوچوون بەرەوپێش بردووە و دەرەتانی ژیانکردنی خەڵکی بۆ نەوەکانی داهاتووی لەگەڵ کێشە و مەترسیی جیددی بەرەوڕوو کردووەتەوە.
ئێمە لەنیوبردنی ژینگە لە ئێران کە بەرهەمی سیاسەتە نائاقڵانە و قازانجخوازانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە بە توندی مەحکووم دەکەین و بە هەموو هێزمانەوە پشتیوانی لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی «ئیسفەهان و شەهری کورد» دەکەین. ئێمە، پێشگیری و ڕێگاچارە بۆ ئەو پرۆسە وێرانکەرە لە وڵات، لەلایەن ناڕەزایەتییەکانی بەربڵاوی خەڵک، دژی سیاسەتە دژە ژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینینەوە و داوا لە تەواوی نەتەوەکان دەکەین بۆ خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکدەنگ بن.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ**
**شورای دێموکراسیخوازیی ئێران**
**هاوخەباتی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران**
**٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٣٠ی نوامبری ٢٠٢١**

## کۆڕیادێک بە بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سویس بۆ دوکتور «عیسمەت شەریف وانلی» بەڕێوە چوو

لە دەهەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی دوکتور «عیسمەت شەریف وانلی» مێژوونووس، مافناس و سیاسەتوانی ڕۆژاوای کوردستان، لە وڵاتی سویس بە بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان و چەند کەسایەتییەکی سویسی و کوردستانی، کۆڕیادێک بەڕێوە چوو.
ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی، لە شاری «لۆزان» لە وڵاتی سویس لەسەر گڵکۆی دوکتور «عیسمەت شەریف وانلی» و پاشان لە هۆڵی شارەداریی «پریی» کۆڕیادەکە بەڕێوە چوو.
سەرەتای کۆڕیادەکە پرۆفیسۆر «ژۆردی تێژال گۆرکاس» مێژووناس لە زانستگەی نۆشاتێل لەسەر کەسایەتیی دوکتور «عیسمەت» چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد. هەروەها هەر یەکە لە مامۆستایان «ئاسۆ پیرۆتی» سەرۆکی کۆمەڵەی قووتابخانەکانی شاری ڕێنان و «ئیحسان کورت» سەرۆکی ڕێکخراوەی گەشەپێدان و خزمەت بە کورد، لەسەر کەسایەتی و دەور و ڕۆڵی دوکتور عیسمەت لە پەیوەندی لەگەڵ دۆزی ڕەوای کورد لە نیو سەدەی ژیانیدا بۆ ئامادەبووان دوان و تیشکیان خستە سەر هەموو ئەو خزمەتانەی کە ناوبراو بە شۆڕشی کورد لە چوار پارچە کوردستان کردوویەتی . شاندی حیزبی دێموکرات لەسەر بانگهێشتی فەرمیی ڕێکخراوەی گەشەپێدان و خزمەت بە کورد بە بەشداریی «هەڵمەت حاجی عەباسی و سەباح ئایینەپوور» لەو کۆڕیادەدا بەشدار بوون.
لەو کۆڕیادەدا «حاجی عەباسی» پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

## هەیئەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارلمانتارێکی دانمارک دیداریان پێک هێنا

ڕۆژی سێشەممە ٩ی سەرماوەز بەرابەر لەگەڵ ٣٠ی نوامبری ٢٠٢١ی زایینی، هەیئەتێکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ پارلمانتارێکی ئەو وڵاتە دانیشتنی پێک هێنا.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە «هەژار دەشتی» و «دانا ئەلیاسی» بوون کە لەگەڵ «لارس ئاسلان ڕاسمووسن» پارلمانتاری سەر بە پارتی سۆسیال دێموکراتی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە کۆ بوونەوە. لەو دیدارەدا تیشک خرایە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات و باس لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کێشە هەنووکەییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران کرا کە لە دژی ڕێژیمی ئاخوندی خەبات دەکەن.
لەو پەیوەندییەدا ئامارێکی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مروڤ لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردپا وەرگیرابوو، باسی لێوە کرا.
لەو دیدارەدا هێرشەکانی ئەو دواییانەی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، هەڕەشەکانی سەرانی ڕێژیم لە خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵات، چالاکییە تێکدەرییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە، کێشەی پەنابەرانی کورد، کێشەی بێ ئاوی، کوژرانی کۆڵبەران و ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات باس و ئاڵوگۆڕی بۆچوونی لەسەر کرا.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتی دانمارک وەک ئەندامێکی یەکیەتیی ئورووپا دەبێ ڕۆڵێکی چالاکتر لە گوشار خستنە سەر ڕژیمی ئێران بگێڕێت کە پێشێلکەری مافی مرۆڤە و هیچ بەهایێکیان بۆ دانانێت.
لە کۆتاییدا ئاڵایەکی کوردستان و دانمارک وەک دیاری پێشکەش بە ناوبراو کرا.

## دیداری هەیئەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نوێنەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی مودرات

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی نوامبری ٢٠٢١، هەیئەتی نوێنەریی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوید بە سەرپەرستیی «حەمید تەیمووری» و «جەمیلە حەسەنخاڵی» بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی مودرات خاتوو «مارگارێتا سێدرفێڵت» چوونە پارلمانی ئەو وڵاتە و هەلومەرجی کوردستانی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکرات، ئێران و ناوچەکەیان تاوتۆی کرد. لەم دیدارەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بە کورتی باسیان لێوە کرا:
- چەند پاتەکردنەوەی هەڕەشە و گوڕەشەی بەرپرسانی ڕێژیم و جەلادانی سپای پاسداران لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و باسەکانی ئەو حیزبە و تەنانەت حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- گرتن و ڕەشبگیریی لاوانی کورد لەلایەن سپا و ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان کە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٦٤ کەسیان لە چالاکی مەدەنی و مامۆستایان و ژینگەپارێزانی کوردستان و... دەسبەسەر کردووە.
- پێکهێنانی گرووپێک لە نوێنەری هەموو دەزگا داپلۆسێنەرەکانی سەر بە ڕێژیم کە فوکوسیان لەسەر خەڵکی کوردە بۆ سەرکوتکردنی لاوانی کورد، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ژینگەپارێزان، مامۆستایان، ژنان و چالاکانی کرێکاری.
- لەم مانگەی کە ڕۆیشت نزیکەی ١٠ کۆڵبەر کوژران و بریندار کراون کە ئەو کەسانە بۆ بژێویی ژیانی منداڵانیان ناچارن کۆڵبەری بکەن. - چوار کەسی کورد لە بەندیخانەدا مردوون کە هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەنجە و ئازاری زۆر. هەر لەو پەیوەندییەدا «داوود ڕەحیمی» کوڕی شەهیدی حیزب لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە و کەسێکی تر بە ناوی «ئەسعەد ڕامینیان» هەر بەو جۆرە گیانی لەدەست داوە و شەهید کراون.
- هەر لەو مانگەدا ٥ کورد بە زیندان سزا دراون و ٩ کرێکاری کورد لەسەر کارەکانیان بوونەتە قوربانی، لەبەر نەبوونی کەرەستەی پێویست. ئێعدامەکان بەردەوامن و ڕێژەیان بەرەو سەرەوە دەچێت.
- کێشەی کۆرۆناش یەکێک لەو گرفتانەیە کە لە کوردستان و ئێران ڕۆژانە قوربانی دەستێنێت و ڕێژیمیش لەو بوارەدا بێدەنگە و چارەسەرێکی ئەوتۆی بۆ نییە. تەنانەت خەڵک لە ڤاکسینەکان دەترسن، چونکە زۆرینەی ساختەیە و بە جۆرێکیش خەڵک دەکوژرێت. (مارگارێتا وتی، ئایا یوئێن هیچ یارمەتییەکی بۆ ئێران نەناردووە کە بەسەر خەڵکدا دابەشی بکەن. هەیئەتی حیزب وتی، ئێران ئیجازە نادات نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا و تەنانەت یوئێن بچنە ئێران، تەنانەت ڕۆیشتوون و یارمەتییان بردووە بەڵام ڕێگەیان نەداوە بڕۆنە ژوورەوە و لە فرۆکەخانە ناچارەن نوێنەرەکان گەڕاونەتەوە و یارمەتییەکانیان لێیان وەرگرتووە). - کێشەی ئاویش بووەتە گەورەترین قەیران لە ئێران و هەر دوێنێ خەڵکی ئیسفەهان و چوار مەحاڵی بەختیاری دەستیان داوەتە خۆپیشاندان و داوای چارەسەرکردنی کێشەی ئاو دەکەن. دیارە ڕێژیم لە سەرچاوەکانی کوردستان کاناڵکێشیی کردووە بۆ ناوەندی ئێران و ئاوی کوردستان دەدزێت و بە جۆرێک خەڵک دەزانێت کە ئێران بۆ شاری بەسرەی باشووری عێراق دەیبا و بەو جۆرە ڕژاونەتە سەر شەقامەکانی شار و خۆپیشاندان دەکەن. لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزب داوایان لە نوێنەری مودرات کرد کە پشتیوانیی پرسی کورد بن. هەیئەتی حیزب وتی: «لەسەر پرسی کورد بنووسن و بیدەنە پارلمانی سوید و حکوومەت و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەتان و تەنانەت لە ڕێگای نوێنەرەکانتان بیدەنە پارلمانی ئورووپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان». لە کۆتاییدا، هەردوو لا لەسەر دانیشتنەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری جەختیان کردەوە.

## بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی لاوان بۆ هاودەنگی لەگەڵ سەحرای ڕۆژاوا

ڕێکەوتی ٢٦ هەتا ٢٨ نوامبری ٢٠٢١ی زایینی، ڕێکخراوی ژێر چەتری ئینتەرناسیوناڵ سوسیالیست، بە ناوی سەحرای ڕۆژاوا کۆنفڕانسێکی لەژێر ناونیشانی داگیرکردنی نایاسایی سەحرای ڕۆژاوا لەلایەن وڵاتی مۆراکۆ کە بووەتە هۆی فاکتەری ناسەقامگیری و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و ئافریقا و هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایش لە ئافریقا و ئورووپا لە شاری «مالەگا»ی وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە برد کە نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوێدا چالاکانە بەشدار بوو.
لەو کۆنفڕانسەدا ١٦٢ کەس، ٩٠ ڕێکخراوی لاوان، زیاتر لە ٤١ وڵات و ١٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، نوێنەری یەکیەتیی ئورووپا، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و پارلمانتار بەشدارییان هەبوو کە لە ڕۆژی یەکەم پەیامی خۆیان پێشکەش کرد.
هەروەها لەو کۆنفڕانسەدا «جەلال قادری» نوێنەری یەکیەتیی لاوان وتارێکی پێشکەش کرد.
ناوبراو لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی کوردستانی داگیرکراو و خەباتی کوردی کردووە، هەروەها پاڵپشتیی یەکیەتیی لاوان لە دۆسیەی سەحرای ڕۆژاوای دەربڕیوە و ئاماژەی بە وتەی ڕێبەری شەهید دوکتور «قاسملوو» کردەوە کە «گەلێک ئازادی بووێ دەبێ نرخەکەشی بدا و ئێمە نرخێکی زۆرمان بۆ داوە و ئێستاش نرخ دەدەین» کە سەرنجی بەشداربووانی ڕاکێشا.
لە ڕۆژی دووەم بەشداربووان بەسەر ٥ ڤۆرکشاپدا دابەش کران تا بە هاوبیری و هاوکاریی یەکتر لەسەر ٥ خاڵی تایبەت و دیاریکراو ڕاو و ڕاوێژ بکەن کە بریتین لە:
- دروستکردنی هاوپەیمانیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ پرسە دادپەروەرییەکان
- لاوان وەک پیشەسازی ئاشتی و بەرگریکارانی
- پەرەدانی هاوکاریی نێودەوڵەتی و فرەلایەنی بۆ بنیاتنانەوەی جیهان
- بەکارهێنانی جەستەی ژنان وەک چەکێک لە ناکۆکی و پەیوەستبوونی بە مافەکانی ژنان
- چالاکیی ژینگەیی و وزەی جێگرەوەی مۆراکۆ بۆ پۆلێنکردنی وێنەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی
لە کۆتاییدا ژمارەیەک لە بیرۆکە و دەستپێشخەریی لاوەکان خرانە ڕوو کە چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵی جیهانیی لاوان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی سەحرای ڕۆژاوا بکات.
لە ڕۆژی سێهەم بەرپرسانی یەکیەتیی سەحرا و ئافریقا وڵامی پرسیاری بەشداربووانیان دایەوە و سووربوونی خۆیان بۆ پێویستی بە هاوهەڵوێستی لەگەڵ کێشەی سەحرای ڕۆژاوا دووپات کردەوە و کۆنفڕانسەکە کۆتایی پێ هات.



### درێژەی پەیڤ

دووکان و شوێنەکاندا هەڵاواردن و شۆڤێنیزم پێڕەوەی دەکا، باشتر وایە کە نەتەوە ژێرستەمەکانیش لەبەرامبەردا ڕێگە نەدەن کە تابلۆ بە زمانی فارسی لە نیشتمانەکەیان هەبێ. کاتێک کە ڕێژیم بڕیار دەدا کە ناوی کوردی و تورکی و ... لە تاران و شارە فارسنشینەکان قەدەغە بکا، باشترین هەڵوێست و کاردانەوە لە لایەن نەتەوەکانەوە ئەوەیە کە ئەوانیش لە ناوچەی خۆیان و لەسەر خاکی خۆیان زمانی فارسی بۆ دووکان و شوێن و تابلۆکان قەدەغە بکەن. باشتر وایە کەمپەینی لاوانی بەهەڵوێست وەڕێ بخرێ و هەرچی تابلۆی فارسییە لەسەر خاکی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێران بشکێندرێن.

# پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەییدا

د.محەممەد حوسێنزادە



لە ساڵی ١٦٤٨ بەملاوە سیستەمی سیاسەتی جیهانی بە سیستەمێکی دەوڵەت-تەوەر دەناسرێت. واتە دوای ئەوەی ئیمپراتورییەکان، کە پێکهاتەی سیاسیی زاڵی جیهان بوون، هێدی هێدی بەرەو هەڵوەشانەوە و بچووکبوونەوە ڕۆیشتن و هەڵپرووسقان، دەوڵەت جێگایانی گرتەوە و سیستەمی دەوڵەت-تەوەری سیاسەتی جیهانی سەری هەڵدا. بە تایبەت لە دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٧٨ کە بووە هۆی پەرەسەندنی نەتەوەگەرایی، هەموو نەتەوەکان سەرەتا لە ئەورووپا و پاشان لە ئەمریکا و ئەفریقا و دواجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵیان دا، لە ڕێگەی بونیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆوە، باڵاترین ئاستی سەروەریی خۆیان بەدەست بهێنن. لەو نێوەدا، گریمانە ئەوە بوو کە هەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیەتی. بۆیە دواجار سیستەمی جیهانی لە ناو بیرمەندان و لە بازنەی ئاکادیمیاشدا بە «سیستەمی نێونەتەوەیی» ناوزەد کرا، واتە گریمانە ئەوە بوو هەر «دەوڵەتێک» نوێنەرایەتی «نەتەوەیەک» دەکات، بۆیە سیستەمی نێونەتەوەیی بە هەمان واتای سیستەمی نیودەوڵەتی بەکار دەهێنرا. مەبەستم لە ئاماژەکردن بەو خاڵە، ئەوەیە کە تێبگەین لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا، سیستەمی جیهانی، سیستەمێکی دەوڵەت-تەوەر بووە.

لەو ماوەیەدا، سەرەتا دوای پەرەسەندنی ناسیونالیزم و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتورییەکان و دواتر دوای قۆناغی سڕینەوەی کلۆنیالیزم، زۆرێک لە نەتەوەکان توانییان دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن. هەندێکی تر لە نەتەوەکان دوای خەبات و تێکۆشانی بەرفراوان لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتە-فرەنەتەوەکاندا لە قەبارەی فۆرمێکی تری مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە تایبەت لە فۆرمی فیدرالیزم و خودمۆختاریدا توانییان تا ڕادەیەک سەروەریی بەدەست بهێنن و بەو جۆرە بگەن بە بەشێک لە مافە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە ڕەواکانی خۆیان و مانەوەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز مسۆگەر بکەن.

نەتەوەی کورد، سەرەڕای گرتنەبەری شێوازە جیاجیاکانی خەبات، تا ئێستا نەیانتوانیوە لەژێر هەیمەنەی داگیرکەران خۆی ڕزگار بکات و لە باڵاترین ئاستدا (دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیی) سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی بەدەست بهێنێت. هەڵبەت لە دوو بەشی کوردستان، واتە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، بەشێک لە نەتەوەی کورد توانیویانە لەژێر ناوی فیدرالیزم و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری بگەن بە بەشێکی زۆر لە مافە نەتەوەییەکانیان و ئێستا وەکوو گەمەکەری نیمچە دەوڵەتی بە هەژمار دێن. بەڵام نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا نەیانتوانیوە فۆرمێکی تایبەت لە سەروەری بۆ خۆی دەستەبەر و جێگیر بکات. هەڵبەت کارێکی ئەستەم بووە، چونکە دەسەڵاتی داگیرکەر بە پلان و پیلانی جۆراوجۆر بەردەوام هەوڵی لەناوبردن و لاوازکردنی حیزبەکان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داوە و بۆ ئەو مەبەستە لە هێچ جۆرە سیاسەتێکی نکۆڵیکەرانە و توندوتیژانە و قەڵاچۆکەرانە خۆی نەبواردووە. بەڵام نەتەوەی کورد و حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و هەڕەشە و پلان و پیلانەی دەسەڵاتی داگیرکەر، تا ئێستاش لە خەباتی خۆیان بەردەوامن. ئەوەی ئاشکرایە، پێشمەرگە هەم لە پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەم لە درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی، بەرچاوترین ڕۆڵی هەبووە. بۆیە من لێرەدا دەمەوێت بە کورتی ئاماژە بە پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاریی گەل و نیشتمان بکەم. ئاشکرایە لە ناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا سوپا و ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕۆڵی سەرەکی لە پاراستنی وڵاتدا دەگێڕن و لە خزمەتی گەل و نیشتمانیاندا بن ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان لێ دەگیرێت. ئاساییە لە ناو ئەو نەتەوانەدا کە هێشتا لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدان ئەوە زیاتر بەرچاو بکەوێت و ئەو تاکانەی کە ڕاستەوخۆ ئەرکی پاراستنی نیشتمان و تاکەکانی کۆمەڵگە لەئەستۆ بگرن، پێگەیەکی تایبەتیان هەبێت. بۆیە هێزی پێشمەرگە هەمیشە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتیش وەکو پارچەیەکی کوردستانی دابەشکراو، بەچاوی ڕێز و وەک هێمای پارێزەریی نیشتمان چاوی لێ کراوە. لە ڕاستیشدا مانەوەی کورد وەک نەتەوەیەک بەو جۆرەش و لەو ئاستەشدا کە ئێستا هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستانە. هەڵبەت ئەو ئیدیعایە، کە بگوترێت هیچ هێزێک بە ڕادەی پێشمەرگە لەسەر ڕەوتی خەبات و مێژووی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی کوردستان کاریگەریی دانەناوە، نە زێدەڕۆییە و نە حاشاکردن لە ڕۆڵی باقی خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕان. دواتر ئاماژە دەکەم کە ئەو ڕوانگەیە پشت بە چ گریمانەیەک دەبەستێت. بەڵام بەو حاڵەش تا ئێستا هەوڵ نەدراوە کە پێگە و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە خەباتی کوردستاندا بە شێوەیەکی زانستیانە و ئاکادیمیک شرۆڤە و ڕوون بکرێتەوە. هەڵبەت دروشم و ناو و نازناوی جۆراوجۆر بۆ پێشمەرگە داهێنراون. بۆ نموونە، پێشمەرگەی قارەمان، نەمر، دوژمنشکێن، پڵنگی شاخ و چیا و هەرد و کوێستان، بوێر و دلێر و نەبەز، پڵنگ و پۆڵایین، هەڵمەتتیژ، ڕۆڵەی نەمری نیشتمان و باسکی بەهێزی گەل، بەشێکن لەوانە. بەڵام ئەوەی بەدەگمەن هەوڵی بۆ دراوە، تیۆریزەکردنی پێگە و ڕۆڵی ئەو هێزەیە. من پێشتر لەم بارەوە باسم کردووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگە دووبارەکردنەوەی بە زێدەبێژی نازانم، بگرە لەو بڕوایەدام کە دەبوایە تا ئێستا چەندین وتار و کتێب لەو بوارەدە بنووسرایەن.

بە گشتیی لە دیدی منەوە، خاڵی دەستپێک بۆ پێناسەکردنی پێشمەرگە دەبێت ئەوە بێت کە «پێشمەرگە وەکوو شۆڕشگێڕێک پێناسە بکرێت کە ژیان و مانەوەی نەتەوەیی دەستەبەر و گەرەنتی دەکات». لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک بدەم. لە پێناسەی باو و گشتگیری خۆیدا، شۆڕش بە واتای چاکسازیی بنچینەیی یان گۆڕینی بەتەواوەتی دامەزراوەی سیاسی و دەسەڵاتی وڵاتێک دێت لە لایەن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود جەماوەرییەوە. بە گشتی، شۆڕشەکان بە تایبەت لە وڵاتانی نادێموکرات کە ئامادە نین بەبێ هەڕەشەی توندوتیژیی یان بەکارهێنانی توندوتیژیی خواستەکانی هاووڵاتییان دابین بکەن، ڕوو دەدەن. کەوا بێت، شۆڕشگێڕیش لە پێناسەی باو و گشتیگیری خۆیدا، ئەو کەسەیە کە خوازیاری گۆڕینی بنەڕەتیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یان فەرهەنگی بێت و بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی نوێ هەوڵ بدات. بەڵام ئاشکرایە کە مەبەستی ئێمە لە شۆڕش لە چوارچێوەی کوردستاندا کە زۆر جار دووپاتی دەکەینەوە، جیاوازە لەو پێناسە گشگیرە. بە ڕوونی ئێمە کاتێک باس لە شۆڕش دەکەین، مەبەست کۆتاییهێنانە بە ڕەوتی داگیرکاریی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە، بە واتای کۆتاییهێنان بە تاڵان و چەوساندنەوە لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، فەرهەنگی- شوناسی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ... و گەیشتن بە ڕزگاریی و ئازادی نەتەوەیی. بە کورتی، هەر تاکێکیش لەو ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرێت و تێبکۆشێت، وەکو شۆڕشگێڕ پێناسە دەکرێت. بۆیە شۆڕشگێڕان یان بە واتایەک دژە-داگیرکەران دەتوانن ژمارەیان زۆر بێت و سەر بە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان بن. پێشمەرگە تاقە هێزی شۆڕشگێڕ نییە، بڵکو یەکێکە لەو شۆڕشگێڕانە، بەڵام بە هەندێک جیاوازییەوە کە دەیخاتە لووتکەی شۆڕشگێڕییەوە.

ڕەنگە بەرجەستەترین جیاوازیی پێشمەرگە ئەوە بێت کە ئەرکێکی هەڵبژاردووە کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و بە پشتکردن لە ماڵ و دنیا و بەختکردنی گیان بەرەنگاری داگیرکەر دەبێتەوە و بە هێزی خۆی و چەکی بەردەستی، هەوڵی مانەوەی نەتەوەکەی هەم لە ڕووی جەستە/ فیزیک و هەم لە ڕووی شوناس/ فەرهەنگەوە دەدات. مانەوە چ لە ئاستی تیۆری و چ لە گۆڕەپانی کردەوەی جیهانی ڕاستەقینەدا گرنگییەکی ئێجگار تایبەتی هەیە. مانەوەی نەتەوەییش هەر بەو چەشنە گرنگییەکی فراوانی هەیە. خوێندکارانی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئاگادارن کە زۆرینەی تیۆرییەکانی ئەو بوارە، مانەوە بە یەکەمین و سەرەکیترین ئامانجی هەموو نەتەوەکان دادەنێن. ئەوە تەنیا بابەتێکی تیۆریی و زەینی نییە. بە کردەوەش، لە سەرتاپای جیهاندا درێژەدان بە ژیان و مانەوەی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی نەتەوەکانە. لەبەر ئەوەی کە بەبێ پاراستنی مانەوەی نەتەوەیی، هیچکام لە ئامانجەکانی دیکە دابین نابن. هیچ نەتەوەیەک لە جیهاندا نابینرێت کە ئامانجەکانی دیکە بخاتە پێش گەرەنتیکردن و دەستەبەرکردنی مانەوەی خۆی، مەگەر ئەوەی حەزی لە نەمان و خۆکوژی بێت. هەڵبەت، هەموو نەتەوەکان و وڵاتانی جیهان باوەڕیان بەو ڕاستییە هەیە. هەر بۆیە، یەکەم هەنگاوی نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە کە پێش هەموو شتێک خۆیان لە بواری سەربازیی و بەرگریدا بەهێز بکەن. فەلسەفەی پێکهێنانی دامەزراوە و ڕێکخراوە سەربازییەکان لەوەدایە. بەڵام با بزانین ئەم باسە چۆن پەیوەندی دەدرێت بە پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگەوە.

لە جیهانی ڕاستەقینەدا کە دەیبینین، ئەو نەتەوانەی کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، دەوڵەت ئەرکی سەرەکیی پاراستنیان لەئەستۆ دەگرێت. واتە دەوڵەت ئامراز و کەرەسەیەکە بۆ پاراستنی نەتەوەکەیان. حاشاهەڵنەگرە کە دەوڵەت ئەرکی جیاوازی هەیە و لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرەستووە بگرە تا بیرمەندانی هاوچەرخی سیاسەت، باسیان لە ئەرکە جیاوازەکانی دەوڵەت کردووە کە باسکردن لێیان لە دەرەوەی ئەم باسەیە، بەڵام خاڵی گرینگ تێگەیشتن لەوەیە کە گرنگترین و سەرەکیترین ئەرکی دەوڵەت پاراستنی مانەوەی نەتەوەییە. لە وڵاتانی فرە-نەتەوەی دیمۆکراتیشدا زۆر جار دەوڵەتی ناوەندی نوێنەرایەتیی هەموو گرووپ و نەتەوەکان دەکات و تا ڕادەیەکی زۆر مانەوەیان دەپارێزێت. بەڵام لە وڵاتانی فرە-نەتەوەی نادێموکرات و بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە لە بنچینەوە نەتەوەکان لە چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکاندا و بە گورزی هێز کۆ بوونەتەوە، زۆر جار دەوڵەت چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا، نوێنەرایەتی گرووپ/ قەوم/ نەتەوەی باڵادەست دەکات. هێز و ڕێکخراوە سەربازییەکانیش نەک ئەولەوییەتی خۆیان بە پاراستنی نەتەوەی باڵادەست دەبینن، بەڵکو زۆر جار دەبنە هەڕەشە و هەوڵی لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی باقی نەتەوەکان دەدەن. بۆ نموونە دەوڵەتانی عێراق و سوریا نوێنەرایەتیی نەتەوەی عەرەب، دەوڵەتی ئێرانی نوێنەری نەتەوەی فارس و دەوڵەتی تورکیاش نوێنەرایەتیی تورکەکان دەکات و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوانەن. بۆیە هێزە چەکدارەکانیان زۆرکات نەتەوەکانی تر و بە تایبەت کوردیان بە شێوازی جۆراوجۆر و توندوتیژانە سەرکوت کردووە و هەوڵی چەوساندنەوەیان داون. ئەمانە تەنیا نموونەگەلێک لە دەورووبەری خۆمانن، دیارە مێژووی سیاسی جیهان لێوانلێوە لە ڕەشەکوژیی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە لایەن نەتەوە باڵادەستەکانەوە و پەیداکردنی سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی ئەو نموونانە بۆ خوێنەر کارێکی ئەستەم نییە.

پێشتر ئاماژەم کرد کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستاکەش خاوەن دامەزراوەیەک نییە کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بکات و چ لە لە ئاستی دەرەوە [لە چوارچێوەی دەوڵەت] و چ لە ئاستی ناوخۆی ئێرانی فرە-نەتەوەی نادێموکرات [لە چوارچێوەی فیدرالیزم]دا، ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆ بگرێت. هەموو مەینەت و دەربەدەری و کوشتن و چەوساندنەوە و تاڵانی کوردستانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە، ساڵانێکی زۆرە کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەرکی بەوە کردووە کە بەبێ جێگیرکردنی فۆرمێکی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێت، بە کردەوە ناتوانێت مانەوەی دەستەبەر و مسۆگەر بکات. ئەوەش بەدی نایەت مەگەر شۆڕشێک لە دژی داگیرکەر ئەنجام بدرێت. سەرەکیترین ڕۆڵیش لەو نێوەدا پێشمەرگە دەیگێڕێت، بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان لە قۆناغە هەستیارەکاندا بەردەوام پشتی بە هێزی پێشمەرگە بەستووە. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، لە کوردستانی داگیرکراودا، پاراستنی گەل و نەتەوە و نیشتمان، لە ئەستۆی پێشمەرگەیە و بەدرێژایی مێژوو پێشمەرگە بووە کە ئەو ڕۆڵە پیرۆزەی گێڕاوە و بەردەوام بەرەنگاری سیاسەتی داگیرکەرانە، نکۆڵیکەرانە و تەفرووتووناکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووەتەوە و خۆڕاگریی کردووە و هیچ کات نەیهێشتووە دوژمنان، سیاسەتە دژە کوردییەکانی خۆیان لە کوردستان، بە ئاسانی و یان لانیکەم بەبێ دانی تێچووی زۆر جێبەجێ بکەن. ئەگەرچی پێشمەرگە لە ڕووی چەکوچۆڵ و هێزی ماددییەوە هێزێکی هاوسەنگی دوژمنانی نەبووە، بەڵام بە ئازایەتی و بوێری و دلێرییەکانی خۆی، بووەتە هۆی مانەوە و دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەکەی.

هەڵبەت، ئەوە تەنیا پەیوەندی بە ڕابردووەوە نییە. لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا کە ئەگەری زۆرە دۆخێک بێتەوە ئاراوە کە ئێمە بە «ئانارشی ناوخۆیی» ناوی دەبەین، هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی ژی و مانەوە و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینێت. وەکو ڕوونکردنەوەیەکی کورت، ئانارشی ناوخۆیی مەبەستم قۆناغێکی چاوەڕوانکراوە کە گرژیی و ناکۆکی لە نێوان نەتەوەکانی چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکانی ئێستای ئێراندا دێتە ئاراوە و ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە نێوان لایەنە جیاوازەکان دێتە ئاراوە و دۆخی ئانارشی سەر هەڵ دەدات. لەو کاتەدا کە هیچ دەسەڵاتێک نابێت کە پارێزەری مانەوە و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بێت و ئەزموونی وڵاتانی فرە-نەتەوەی نادێموکرات سەلماندوویەتی کە هەر یەک لە گرووپ و لایەن و نەتەوەکان تەنیا هەوڵی پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان دەدەن و بۆ ئەو مەبەستە پەلاماری گرووپ و لایەن و نەتەوەکانی تر دەدەن، ئەوە پێشمەرگەیە کە دەتوانێت ڕۆڵی پارێزەری نەتەوەی کورد بگێڕێت. ئەمە سەرەکیترین ڕۆڵێکە کە هێزێک دەتوانێت بۆ پاراستنی مانەوە وەکوو سەرەکیترین ئامانجی هەر نەتەوەیەک بیگێڕێت. بە کورتی دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەبێ پشتگوێخستنی هەوڵی هەموو ئەو تاکە شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەی کوردستان کە لە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان و بەدیهێنان و بونیاتنانی فۆرمێکی ئازاد و دیموکراتیکی دەسەڵاتی کوردی و گەڕاندنەوەی سەروەریی و کەرامەت بۆ تاک و کۆمەڵگەی کوردستان و دابینکردن و پاراستنی کلتوور و شوناس و هەموو بەرژوەندییەکانی نەتەوەی کورد دەیدەن، پێشمەرگە لە لووتکەی شۆڕشگێڕیدایە. ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییە کە پێشمەرگە جیا دەکاتەوە و دەیخاتە لووتکەی شۆڕشگێڕیی ئەوەیە کە ڕۆڵ و ئەرکی پێشمەرگە بریتییە لە پاراستنی ژیان و مانەوەی نەتەوەیی. پێشتر گوتم، ئەوە ڕۆڵ و ئەرکێکە کە هەم بە کردەوە لە لایەن هەموو وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان و هەم لە تیۆرە سیاسییەکاندا و لە لایەن بیرمەندە جیاوازەکانەوە وەک ئامانجی سەرەکی و ئەولەوییەتی یەکەم گرینگیی پێ دراوە. زۆر گونجاوە ئێمەش وەکو بنچینەی پێناسەیەکی واتایی لە پێشمەرگە و پێشگریمانەی ئەو ڕوانگەیە سەیری بکەین کە من لێرەدا سەبارەت بە پێشمەرگە باسم کردووە.

بۆیە، قەناعەتهێنان بە هەندێ ڕوانگە سەبارەت بە ئاوابوون و کۆتاییهاتنی سەردەمی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگایەتی بە پاساوی جۆراوجۆر، ئەستەمە.

ئەو جۆرە بانگەشانە نە لەگەڵ ئاوەز دێنەوە و نە لەگەڵ تیۆریی و واقیعەکانی جیهانی ڕاستەقینە یەک دەگرنەوە. تا کاتێک گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە سیاسەت و لە دۆخی سیاسیی کوردستاندا ڕوو نەدات، فەلسەفە و پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە و نەتەوەی کورد بۆ مسۆگەرکردنی «مانەوە و ئاسایشی» خۆی چاوی هیوا دەبڕێتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

# ٣ی دێسامبر
# ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایانە بۆ یەکسانی بە بێ هەڵاواردن

فەرهاد جیهانمیهەن

باسی ئەم وتاره لەسەر ٣ی دێسامبره، ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان بۆ یەکسانی و بەبێ هەڵاواردن لە کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە لای من ئەوەی کە زۆر پێویستە و گرینگە ئەوەیە کە، ئێمە دەبێ چەمکەکان بە دروستی بەکار بێنین. چەمکی خاوەن پێداویستیی تایبەت، چەمکێکی پەروەردەییە کە دەبێ لە چەمکی کەمتوانا جیا بکرێتەوە. خاوەن پێداویستیی تایبەت یان منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەو منداڵانە یان ئەو گەنجانە دەگرێتەوە کە کێشەی فێربوون، خوێندن و کێشەی هەڵسوکەوتیان لە سیستەمی خوێندن لە خوێندنگەدا هەیە. زۆرینەی کەمتوانایان هیچ جۆره کێشەیەکیان لەگەڵ خوێندن، فێربوون و هەڵسوکەوت لە قوتابخانەدا نییە، تەنیا پێویستە ژینگەی قوتابخانە بۆ ئەو کەمتوانایانە بگونجێندرێت و کەرەسەی تایبەتیان لە قوتابخانەدا هەبێت. لەم وتارەدا من زیاتر تیشک دەخەمە سەر کێشەی کەمتوانایان وەکوو کێشەی مافی مرۆڤ و گرینگیی ڕۆژی ٣ی دێسامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی کەمتوانایان. هەر بۆیە گرینگە چەمکەکان وەکوو خۆیان بکار بهێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کێشەمان لەسەر واتا و چەمکەکان بۆ دروست نەبێت. ئەوەی کە لە باشووری کوردستان چەمکی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە جێگەی کەمتوانا بەکار دەهێندرێت، هەڵەیەکی زەقی زمانی و تێکەڵاوکردنی کێشەی کەمتوانایانە بە کێشەی فێرکاری و پەروەردەوە. لێرەدا باسی من لەسەر ماف و کێشەی کەمتوانایانە نەک کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت کە چەمکیکی یوونسکۆیە.

## کەمتوانایان؛ ژیانیکی دژوار لە مێژوودا

بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان کەسانی کەمتوانا ژیانیکی زۆر سەخت و دژواریان هەبوو. زۆربەی کات کۆمەڵگە بە چاوی بەزەیی کەمتوانایانی بینیوە. لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا، کەمتوانایان یان لە ماڵەوەن بو ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ئازار نەدرێن یان ئەگەر گەوره دەبوون زیاتر بە سواڵکردن ژیانیان بەسەر دەبرد و هەتا دەمردن لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا دەژیان. ئەو کەمتوانایانە وەکوو قورسایی بۆ بنەماڵەکانیان چاویان لێ دەکرا و کۆمەڵگە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی وەئەستۆ نەدەگرت.

لە ڕوانگەی ئایینییەوە (لە زۆربەی ئایینەکاندا) کەمتوانایی زیاتر بە غەزەبێکی خودایی دەبیندرا. لە مێژووی وڵاتانی لای ئێمەدا زۆر چەمکی وەکوو شەل و گێڕ، گۆج، ئیفیلج، شێت و کوێر بۆ کەمتوانایان بەکار هێندراوە. تەواوی ئەم چەمکانەش تەنیا بۆ شکاندنی کەرامەتی کەمتوانایان بووە. ئەم چەمکانە هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بکار دەهێندرێن. هەڵاواردن، بە چاوی سووک سەیرکردن و پێڕابواردن بەشێک لە کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە بووە و هەیە. هەرچەندە ئێستا لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا ڕێکخراوی کەمتوانایان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەی کۆمەڵگە زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە. لە کۆمەڵگەی کوردەواری و وڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا، کەمتوانایان بە یاسا مافەکانیان ڕێک نەخراوە، هەروەها لە سیستەمی سیاسیی ڕێژیمی ئێراندا هەڵاواردن لە ناو کەمتوانایانیشدا دەبیندرێ. بۆ نموونە کەمتوانامان هەن کە بە هەژاری دەژین، بەڵام «جانباز» کە لە شەڕدا بریندار و کەمتوانا بووە، ڕێژیم هەموو مافێکی بۆ دابین کردووە. هەموو شێوازی یارمەتیی دارایی، هەروەها هەموو کەرەسەی بۆ «جانباز»ان دابین کردووە بۆ ئەوەی ژیانێکی یەکسانیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا.

لە وڵاتە ئورووپاییەکانیشدا بەپێی هەندێک بەڵگەنامە کەمتوانایان ژیانی باش و شایستەیان نەبوو. زۆر جاران دوکتوران و پسپۆڕان پێشنیاریان بە دایک و باوکان دەکرد کە منداڵە کەمتواناکانیان بنێرن بۆ بنکە تایبەتەکانی خزمەتگوزاری، منداڵەکان لەو بنکانەدا دەژیان و پەیوندییان لەگەڵ بنەماڵەکانیان دەپچڕا.

بەپێی هەندێک بەڵگەنامە ئەو منداڵانە زۆر ئازار دەدران؛ لێدان و دەستدرێژیکردن بە شێوەیەکی سیستماتیک بووە لە لایەن خزمەتگوزاران و کارمەندانی بنکەکانەوە. لە سەردەمی هاتنی نازییەکان لە ئاڵماندا دەگوترێ کە هەزاران کەسی کەمتوانا بەتایبەتی نابینا و پەککەوتە بە دەستی نازییەکان کوژراون و لە دواییدا ژمارەیەکیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە.

لە زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکاندا بە هەزاران ژن کە پێیان وابوو «کەمئەقڵن»، بە زۆری دەیانخەساندن بو ئەوەی نەتوانن منداڵ دروست بکەن، چونکە ڕوانگەکە وا بوو کە ئەو ژنانە زەرەر و زیانیان بۆ کۆمەڵگە هەیە.

## هەشتاکان وەرچەرخانی نوێ بۆ خەباتی کەمتوانایان بۆ سەربەخۆیی خۆیان

ساڵی ١٩٨١ وەکوو ساڵی کەمتوانایان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تەرخان کرا، هەر لەو ساڵەدا گەلێ چالاکی و سەرنجدان بە کەمتوانایان و مافەکانیان درا. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨١دا «زمانی دەستی» بەڕەسمی بوو بە زمانی کەڕ و لاڵان و وەکوو زمانی یەکەم و سویدی وەکوو زمانی دووهەم پەسەند کرا، هەروەها کەڕ و لاڵان ڕۆژانە بەرنامەی تایبەتیی خۆیان لە تەلەفیزیۆندا هەیە، یەکەم پڕۆفیسۆری «زمانی دەستی» لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەستی بەکار کرد و دوایی لە زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکاندا بۆ خزمەتکردن بە کەمتوانایان چاکسازی کرا.

ساڵی ١٩٨٨ وەکوو ساڵێکی زۆر گرینگ بوو بۆ سەرهەڵدانی مافی کەمتوانایان بە تایبەتی کەڕ و لاڵان لە جیهاندا. لە ئەمریکا تەنیا زانکۆیەک کە کەڕ و لاڵانی هەموو دونیا لەخۆ دەگرێ بۆ خوێندن، زانکۆی «گالودات-Gallaudet»ە لە واشینگتۆن و بۆ کەسانی کەڕ و لاڵە. لەو زانکۆیەدا «٨٠» بواری جۆراوجۆر (ڕشتە) بە زمانی دەستی دەخوێندرێت، هەروەها لێکۆڵینەوە و دوکتۆرا لە زۆر بواردا هەیە. لە ساڵی١٩٨٨دا خوێندکارانی زانکۆ پێشنیاریان کرد کە سەرۆکی داهاتووی زانکۆ دەبێ کەڕ و لاڵ بێت، بەڵام کاتێک زانیان سەرۆکی پێشنیارکراو کەڕ و لاڵ نەبوو، بوو بە هۆی خۆپیشاندانی گەوره لە لایەن خوێندکارەکانەوە و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە گۆڕانکاریی گەوره لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەو زانکۆیەدا بکرێت کە، «٥١٪»ی بەڕێوەبەرانی زانکۆ دەبێ کەڕ و لاڵ بن. دوای ئەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی لە ئورووپا و ئەمریکادا ڕێکخراوی کەمتوانایان، کەسانێک کە کەمتوانا نەبوون لە ڕێکخراوەکانیان دەربکەن و شوێنی ئەمانەش بە کەمتوانایان لە ڕێکخراوەکاندا پڕ بکەنەوە. واتە هەر خۆیان وەکوو کەمتوانا بڕیار لە ژیان و مافی خۆیان بدەن و خۆیان ڕێکخراوەی خویان بەڕێوە بەرن و هەر خۆیان کاروباری خۆیان ڕێک بخەن.

ڕۆژی ٣ی دێسامبر لە ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان پەسەند کرا. لەو ڕۆژەدا سەبارەت بە مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا چالاکیی جۆراوجۆر دەکرێ بۆ سەرنجدان بە مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ. واتە ڕۆژی ٣ی دێسامبر ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە بە دژی هەڵاواردن و نایەکسانی. لەو ڕۆژەدا بە هەزاران چالاکی، سێمینار و وۆرکشۆپ دەکرێت و کۆمەڵگە ئاگادار دەکەنەوە لە مافی ڕەوای خۆیان وەکوو هەموو هاووڵاتییەکی کۆمەڵگە!

## چوار ڕوانگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمتوانایان

دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا چوار شێوە/مۆدێلی چارەسەر بەکار هاتووە بو کێشەی کەسانی کەمتوانا لە کۆمەڵگەدا. ئەو چوار شێوە چارەسەرە بریتین لە:

**١. چارەسەری لە ڕێگەی دەرمانەوە:**

لەم مۆدێلەدا، لێکۆڵینەوەکان لە لایەن دوکتور یان پزیشکەکانەوە کراوە و ویستوویانە لە ڕێگەی دەرمانییەوە کێشەی کەمتوانایان چارەسەر بکەن. ئەم مۆدێلە ئێستاش دەوری خۆی دەبینێت. بۆ نموونە ئەم منداڵانەی کە دیاگنۆسی ئەی دی ئەودیان ADHD هەیە، دوکتۆرەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دەرمانەوە کێشەی ئەم کەمتوانایانە چارەسەر بکەن.

**٢. چارەسەری لە ڕێگەی وەرزشکردن و وزەدان بە کەمتوانایان:**

بۆ ئەوەی کە بتوانن ژیانی ئاساییی خۆیان هەبێت. مۆدێلی ڕیهابیلیتێرینگ یارمەتیدەر دەبێ بۆ کەمتوانایان لە ڕێگەی وەرزشکردن لە شوێنە تایبەتەکان و بە کەرەسەی تایبەت یارمەتیی کەمتوانایان دەدات بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆمەڵگەی خۆیاندا ژیانی ئاساییان هەبێت. چارەسەری لە ڕێگەی وەرزش دەتوانێت یارمەتیی کەمتوانایان بدات تا ئەوان (کەمتوانایان) بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا.

**٣- چارەسەری لە ڕێگەی ژینگەوە:**

لەم مۆدێلەدا چەمکی کەمتوانا لە تیۆریدا بە ژینگە و کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە. کەسێ کە کەمتوانایە، ئەو کەمتواناییە کاتێک دەبێت بە کێشە کە دەکەوێتە ناو ژینگە و کۆمەڵگەیەکی نەگونجاوەوە. کاتێک ژینگە و کۆمەڵگەیش نەگونجاو بێ، ئەو کاتەیە کە هەڵاواردن و نایەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا دروست دەبێ. هەر بۆیەش ڕوانگەیەک هەیە کە پێی وایە ژینگە و کۆمەڵگەیە هاووڵاتیانی کەمتوانا دەکات. بە واتەیەکی تر، ئەوە کۆمەڵگەیە کە کەمتوانایە نەک هاووڵاتیانی. ڕوانگەی ژینگە لە کۆتایی شەستەکان بۆ حەفتاکان دەستی پێ کرد و وەکوو ڕوانگەیەکی زۆر گرینگ لە ئورووپا هاتە بەر باس و هاووڵاتیان بڕیاریان دا بۆ گونجاندنی کۆمەڵگە بۆ هاووڵاتیی کەمتوانا کە بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری لە کۆمەڵگەدا بکەن. هەر لە ڕوانگەی ژینگەوە یاسای ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەقامگیرکردنی مافی بەشداری و یەکسانیی کەمتوانایان کە لە ساڵی ١٩٩٣ پەسەند کرا، بریتییە لە ٢٢ بەند. یاسای ستاندارد زیاتر داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات، کە ژینگە و کۆمەڵگە بۆ کەمتوانایان بگونجێنن بۆ ئەوەی کەمتوانایان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەکوو هەموو هاووڵاتییەک بەشدار بن لە چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی ، ئابووری و کەلتووری لە کۆمەڵگەدا.

**٤- چارەسەری لە ڕێگەی مافی مرۆڤەوە:**

لەم ١٠ بۆ ١٥ ساڵەی دواییدا کێشەی کەمتوانایان وەکوو بەشێک لە کێشەی مافی مرۆڤ لە ناو ڕێکخراوەکانی کەمتوانایانی جیهان بە تایبەتی ئورووپادا کەوتە بەر باس و گفتوگۆ کردن. هەرچەندە پەیماننامەی مافی مرۆڤ مافی هەموو هاووڵاتیان دەگرێتەوە بە کەمتواناکانیشەوە، بەڵام بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان گەلێک کۆسپ لەسەر ڕێگەی کەمتوانایان هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە!

**١- کەمتوانایان ناتوانن بەشداری لە دەنگداندا بکەن.**

**٢- کەمتوانایان ناتوانن بەشداری لە کاری سیاسیدا بکەن.**

**٣- کەمتوانایان مافی پیکهێنانی بنەماڵەیان نییە.**

**٤- منداڵانی کەمتوانا بە تایبەتی کچان مافی خوێندن و چوونە خوێندنگەیان نییە.**

دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە ساڵی ٢٠٠١دا باس و لێدوان بۆ نووسینی پەیماننامەی مافی کەمتوانایان لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووکان بۆ جاری دووەم دەستی پێ کردەوە. تا ساڵی ٢٠٠٣ لێدوانەکان لە نەتەوە یەکگرتوکاندا لەسەر پێویستیی هەبوونی پەیماننامەیەکی جیهانی سەبارەت بە مافی کەمتوانایان وەک مافی مرۆڤ بەردەوام بوو. لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٣دا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا بۆ نووسینی ئەم پەیماننامەیە. بۆ نووسینی ئەم پەیماننامە جیهانییە، وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوییی کەمتوانایان بەشدارییان تێدا کرد و دەورێکی چالاکیان بینی. ئەو پەیماننامەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسەند کرا و مافی ٦٥٠ میلیۆن کەمتوانا لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزێت. پەیماننامەکە ٥٠ بەندە و لە پرۆتۆکۆلێک پێک هاتووە. کاتێ وڵاتێک پەیماننامەکە واژۆ دەکات، دەبێ ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ سیستەمی یاسایی خۆیدا بگونجێنێت. کاتێ پەیماننامەکە واژۆ کرا، ئەوە ئەو وڵاتە ناچار دەبێ کە بەپێی پەیماننامەکە لەگەڵ هاووڵاتیانی کەمتواناادا هەڵسوکەوت بکات.


## گرینگیی ٣ی دیسامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان

هەرچەندە یاسای ستاندارد و پەیماننامەی مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ هەیە و ئەم پەیماننامەیە لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە واژۆ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمتوانایان لە زۆر بواردا لە ژیان بێبەشن. دیارە زۆرینەی کەمتوانایانی جیهان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی هەژاردا دەژین. ئەم کامتوانایانە لە زۆر ماف بێبەشن وەکوو ژیانی یەکسان بەبێ هەڵاواردن. بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی نەتەوە یەگرتووەکان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مافی خوێندن، مافی بەشداری لە کار و چالاکیی سیاسی، ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتییان لە کەمتوانایان زەوت کردووە. هەر بۆیەش ٣ی دێسامبر گرینگیی خۆی هەیە. لە ڕۆژیکی وەهادا دەکرێت لەسەر کێشەی کەمتوانایان وەکوو کێشەی مافی مرۆڤ، کۆمەڵگە وشیار بکرێتەوە. ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە بە دژی هەڵاواردن و نایەکسانیی کەمتوانایان لە کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە گرینگە ئێمەی کوردیش ڕۆژی ٣ی دێسامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان لە میدیا و ڕۆژنامەکاندا بەرز بنرخێنن و کۆمەڵگە ئاگادار و وشیار کەینەوە لەسەر مافەکانیان وەکوو هەموو هاووڵاتییەکی کۆمەڵگە.

## بڕیارێکی دروست و بوێرانە لە لایەن سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

ئەگەر ٣ی دێسامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی مافی کەمتوانایان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا، ١٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی کەمتوانایانی حیزبی دێموکرات پەسند کراوە. دیارە دانانی ١٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی کەمتوانایانی حیزبی دیموکرات بێ ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو ڕاست لەو ڕۆژەدا ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە پیلانێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران (تیرۆر) هەر دوو دەست و چاوی لە دەست دا. بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی حیزبی دیموکرات: «هەرچەند ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزگرتن لە جەستەبەخشانی حیزبەکەمان، ئەرکی هەموو کات و هەموو ڕۆژەکانی ساڵ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەت ئەرکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. بەم حاڵەش بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ئەمەگناسییەک و ڕێزگرتنێکی تێکڕایی بێنینە ئاراوە کە شایانی تێکۆشەرانی جەستەبەخش بێ، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنین. ڕۆژێک کە لەودا هاوڕێی تێکۆشەر و ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان کاک حەسەن شیوەسەڵی لە ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە پیلانێکی دارێژراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا تیرۆر و لە ئاکامدا زۆربەی ئەندامەکانی هەستیاری سەرورووی زیانیان پێ گەیشت و هەردوو دەست و هەردوو چاویشی لە دەست دا. دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزدانان بۆ ڕابردووی تێکۆشانی ئەم بەشە لە تێکۆشەرانی دیموکرات تەنیا گۆشەیەک لەو ئەرکانەیە کە بەرانبەر بە جەستەبەخشانی حیزبەکەمان لە ئەستۆمانە»

ڕاگەیاندنی ١٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی کەمتوانایانی حیزبی دێموکرات لە لایەن سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتەوە گرینگیی خۆی هەیە، هەم بۆ کەمتوانایانی ناو حیزب و هەمیش گرینگییەکی سەمبولی هەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری کە حیزبێکی سیاسی گرینگی دەدا بە پرسی کەمتوانایان و مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. هەر بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات هەم لە ڕۆژی ٣ی دێسامبر و هەمیش ١٦ سەرماوەز لە ڕێگەی میدیاکانی یان لە ڕێگەی سێمینار، چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە ببات و کۆمەڵگەی کوردەواری وشیار و ئاگادار بکاتەوە لەسەر مافی کەمتوانایان و بۆ بەرەنگاربوونەوە بە دژی هەڵاواردن و نایەکسانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. ئەرکی حیزبی سیاسییە کە بتوانێت کۆمەڵگەی یەکسان و بێهەڵاواردن بۆ هاووڵاتیانی مسۆگەر بکات!



# شکستی دەوری حەوتەمی وتووێژەکانی ڤییەن و هۆکارە نادیارەکان

ئارش سالح



دەوری حەوتەمـی وتووێـژە ناوکییەکانی نێوان کۆماری ئیسـلامی و وڵاتانی ڕۆژاوایی لە دۆخێکدا کۆتایی پێ هات کە ڕۆژاواییەکان بە تەواوەتی بێهیوایی خۆیان لە جیددی بوونی ئێران دەرخستووە و ئێرانییەکانیش لەو هیوایەن کە توانیبێتیان بۆ دنیای دەربخەن کە دەوڵەتی نوێ ئاراستەیەکی توندتری هەیە و دنیا پێویستە لەگەڵ ئەو ڕاستیە ڕابێت. بەڵام لە پشت ئەم بابەتەوە دوو ڕاستیی تر خۆیان حەشار داوە کە پێویستیان بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە دەوڵەتی نوێ لە ئامریکا سـەرەڕای هەڕەشـەی لەفزی دەریـان خسـتووە کـە زۆر لـە بەدواداچـوون کردن بۆ گوشـارەکان بۆ سـەر ئێران جیددی نیـن. بابەتـی دووەمیش ئەوەیە کە چۆنیەتیـی تەعامول کردن لەگەڵ کێشـەی وتووێژە ناوکییـەکان لـە ئێرانـدا کەمترین پێوەندیی بە دەوڵەت و سـەرکۆمارەوە هەیە و ئەم دۆخە نوێیە دەوڵەتی نوێی ئێران تەنیا لە سـتراتیژیی گشـتیی تەواویەتی حاکمیەت سـەرچاوە دەگـرێ. یەکەمیـن ڕاسـتی، واتە جیددی نەبوونی ئامریکاییەکان لەسـەر چەسـپاندنی گوشـارەکان و گەمـارۆکان، بابەتێکـی گرینگە کە لە چەند خاڵەوە سـەرچاوە دەگرێت. یەکـەم ئـەوەی کـە لە ماوەی چەند سـاڵی ڕابردووەدا ئێران توانیویەتی زۆر بە هێواشـی و ئینچ بە ئینچ ڕاسـتیەکانی سـەر زەوی ڕاسـتییەکان بگۆڕێ. واتە کۆماری ئیسـلامی هێدی هێدی توانایی خۆی لە تێکنۆلۆژیی ناوکی بردووەتە سەرەوە و گەڕانەوە بۆ پێش ئەو پێشـکەوتنانە ئەسـتەمە. بۆیە ئەوەی کە پێشـتر هێڵی سـووری ئامریەکاییەکان بوو ئێستا ئەو هێڵە تێپەڕیوە. بۆیە لە کاتی ئێستادا ڕێتۆریکی ئامریکاییەکانیش گۆڕدراوە بۆ ڕێگەنەدان بە گەییشتنی ئێران بە چەکی ناوکی. واتە پێشتر کە بابەتی تێکنۆلۆژیی چەکی ناوکی کێشەی سەرەکی بوو ئێستا ئەو کێشەیە گۆڕدراوە و ئێران توانیویەتی بە خشکەیی ئاستانەی تەحەمولی دنیا بە نیسبەت بەرنامە ناوکیەکەی خۆی زیاتر بکات. لەلایەکـی تـرەوە تەرکیـزی سـەرەکیی ئامریکا لە سیاسـەتی دەرەوەی خۆیدا خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەگوازرێتەوە بۆ چین و تا ڕادەیەکیش ڕووسیا و چیدی کێشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن گرینگیـی پێشـوویان بـۆی نەمـاوە. لـە ڕاسـتیدا لـە کاتی ئێسـتادا ئەولەویەتـی ئامریـکا بـۆ تەرخانکردنی سـەرچاوەکان و بۆ جیددی بوون لەسـەری نەک ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بەڵکوو ڕکابەریی نێوان زلهێزەکانە. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە ئامریکا بە تەواوەتی ئەو بابەتەی خستووەتە لاوە بەڵکوو زیاتر بەو واتایە دێت کە دەیەوێ تەرکیـزی سـەرچاوەکانی بگوازێتەوە بۆ شـوێنی تـر. ئامریکاییـەکان پێشـتر و لە کاتـی ئۆباما و تەنانـەت لە یەکەمین سـاڵی ترامپـدا هیواداربوون کە بتوانن بە ڕێکەوتنە ناوکیە هەڵوەشاوەکە ئێران لـە ڕۆژاوا نزیک بکەنـەوە و هێدی هێدی بیکەن بـە یاریکەرێکی بەرپرسـی ناوچەکە. بەڵام ئەوان ئـەو ئامانجەیان نەپێـکا و ئەو ڕێکەوتنە نەیتوانی گۆڕانێکـی واتـادار لـە هەڵسـوکەوتی ئێـران و ئـەوەی کـە پێی دەوترێ شـیفت بـە ڕۆژاوا پێک بێنێت هەر بۆیە کێشـەکان لەگەڵ ئێراندا سـەریان هەڵدایەوە. بەڵام ئەمجارە ئامریکاییەکان بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ئیسرائیلییەکان بـۆ لێدانـی سـێرجیکاڵ لـە ئامانجـە سـتراتیژییکەکانی ئێـران لـە نـاو خودی ئێـران و لە ناوچـە، تـا ڕادەیێکـی زۆر ئـەو بۆشـاییەی کـە لـە ئاکامـی تەرکیزی لە سـەر چین و ڕووسیە سازی کردووە بە حوزووری زیاتری ئیسرائیل پڕ بکاتەوە. واتە لە کاتی ئێستادا سـتراتیژیی سـەرەکیی ئامریکا پڕکردنەوەی بۆشـاییەکانی حوزوری خۆی بە یاریکەرە ناوچەییەکانـە. ئاکامـی ئـەم سیاسـەتە ئـەوە دەبێت کـە ڕۆڵـی دەوڵەتەکانـی ناوچە لە پاراستنی ئاسایشی ناوچە و بەرنگار بوونەوە لەگەڵ ئێران زیاتر دەبێت. ئەم بابەتە لە ناو دەوڵەتە عەرەبیەکانیشدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە.

بـۆ وێنـە نزیکبوونـەوەی وڵاتانـی عەرەبی لـە یەکتر و لە ئیسـرائیل و تورکیە یەکێک لـەو تاکتیکانەیـە کـە بۆ بەرەنـگار بوونەوەی ئێران لە ناوچەکە چاوی لێ دەکرێت. لەم ماوەیـەدا عەرەبسـتان لەگـەڵ عێراق ڕێـک کەوتووە بۆ سـەرمایەگوزاریەکی بێوێنە لەو وڵاتە دا. هەروەها ئەمارات وێڕای کێشـەی قووڵ لەگەڵ ئەسـەد، نوێنەرایەتیی خۆی لە دەمشـق کردووتەوە و ئاشـتبوونەوەی عەرەبەکان لەگەڵ یەک ڕووی لە زیادبوونەوە. هاوکاریـی عەرەبـەکان لەگـەڵ یـەک و هەورەهـا زیادکردنـی هاوکاریـی ئابـووری لە ناوچەکە یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە بە هۆیەوە ڕووبەڕووی نفووزی ئێران لە ناوچەکە دەبنەوە و دیپلۆماسـیی پشـتی پەردەی ئامریکا لەم دۆخە بە تەواوەتی دیارە. لەلایەکی ترەوە ئێرانییەکان دەیانەوێ دنیا زیاتر بەوەوە سەرقاڵ بکەن کە بڵێن ئەم دەوڵەتە نوێیەی کە لە ئێران دەسـەڵاتی گرتووەتە دەست ئاراستـەیەکی جیاوازی هەیە و بۆیە پێویسـتە دنیـا ڕێگایـەک بدۆزێتـەوە بـۆ ئەو دەوڵەتە تونـدڕەوە. هاوکاتیش بـە حەرەکەتی ئیزایی لـە ناوچەکـەدا نەیارەکانـی پاشەکشـە پـێ بـکات و نفـووزی خـۆی زیاتـر بـکات یان بەو شـێوازە شەڕ بکات بۆ هێشتنەوەی ئەو نفووزەی کـە ئـەم ماوەیـە کـۆی کردووەتـەوە. ئێرانییـەکان دەیانەوێ بەم یاریانە هاوکات خەریکی کات کڕین بـۆ هـەر سێ بەرنامـەی ناوچەیـی، مووشـەکی و ناوکییەکـەی خۆیـان بن و هاوکاتیـش بە تەواوەتی وا دەرنەخەن کە ئەو وتووێژانە شکستیان هێناوە.

> **ئێرانییەکان دەیانەوێ دنیا زیاتر بەوەوە سەرقاڵ بکەن کە بڵێن ئەم دەوڵەتە نوێیەی کە لە ئێران دەسەڵاتی گرتووەتە دەست ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە و بۆیە پێویستە دنیا ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەو دەوڵەتە توندڕەوە. هاوکاتیش بە حەرەکەتی ئیزایی لە ناوچەکەدا نەیارەکانی پاشەکشە پێ بکات و نفووزی خۆی زیاتر بکات یان بەو شێوازە شەڕ بکات بۆ هێشتنەوەی ئەو نفووزەی کە ئەم ماوەیە کۆی کردووەتەوە**

یەکێک لـەو بیاڤانـە کـە کڕینـی کات دەتوانێ بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی یارمەتیـدەر بێت بابەتـی بەشـکردنی سـووریەیە لەگەڵ ڕووسـیە. لە ڕاستیدا ڕووسـەکان ڕێگەیـان داوە بـە ئیسـرائیل کـە لە سـووریەدا ئێرانییـەکان بکاتـە ئامانـج تەنیـا بە مەرجێک کـە تەنیا ئێرانییـەکان بکاتە ئامانج. واتە بۆ ڕووسیەکان گرینگە کە ئیسرائیل ئەرتەشی سووریە نەکاتە ئامانج. ئەم دۆخـە بووەتە هۆی گوشـارێکی زۆر لەسـەر ئێـران. هاوکات لەگـەڵ زیادکردنی ڕۆڵی ئابووری وڵاتانی عەرەبی ئێران خەریکە نفووزی لە ڕووسیە کەم دەبێتەوە. ئێران دەیەوێ بـە کڕینـی کات پێش ئەوەی ناچار بێت کـە یان ڕێک بکەوێت یان ڕووبەڕووی ڕۆژاوا ببێتەوە پیگەی خۆی لەوێ دووبارە بونیات بنێتەوە.

# بەفیڕۆ چوو

چیاوان

ڕۆژی یەکشـەممە، ٧ی خەزەڵوەر ، عەلـی خزریـان لە مۆرەکانـی ڕێژیم کە ئێسـتە وەکوو نوێنەری تاران لە مەجلیسـیان داناوە، لە نێو مەجلیسدا درکانـدی کە گـۆڕی خومەینی وا بـە دەیـان میلیـاردی خـەرج کـراوە، ئێسـتە چـۆڵ و هۆڵـە و لـە کاتێکدا کـە خەڵک لە دەرەوە و لە سـەرمادا دەخەون بینای گـۆڕەکە بەتاڵە!

گـۆڕی خومەینـی لـە تەنیشـتی گۆڕسـتانی تاران دروستیان کردوە و زەوییەکـی بەرفروانیان بۆی تەرخان کرد و دوایەش بینا و باڵەخانەی زۆر گەورەیان لەسـەر پێکەوە نا و دەوری گومبـەزی سـەر گـۆڕەکەشـیان بـە نەوارێکـی زێـڕ ڕازانـدەوە تاکـوو بەقەولی خۆیـان بارەگایەکی گەورە شـآیانی ڕێبـەری ئینقلابەکەیـان چاک کەن!

ئەم گـۆڕە کە شـوێنی لەچاڵخستنی دڕندەتریـن کەسـی مێـژووی هاوچەرخـی وڵاتـی بەڵالێـدراوی ئێرانە ، بۆ ئەوەیان وا ساز کرد تاکوو هەم سـاڵانە خەڵکێکی یەکجار زۆر سـەردانی بکـەن و بەقـەول بیکەنـە بارەگای زیارەتی شیعەکانی پێڕەوی وەلایەتـی فەقیـە و هـەم وردە وردە دەیانەویسـت جێگـەی کەربەلایان بۆ بگرێتـەوە. بەتایبەت لەو سـەردەمەدا کـە دەسـتیان دایـە سـازکردنی ئـەو بینایـەی گـۆڕی خومەینـی، سـەدام لـە عێـراق دەسـەڵاتدار بوو و نەیاندەتوانی سـاڵانە خەڵکێکی زۆر بنێرنـە کەربـەلا و ویسـتیان گـۆڕی خومەینـی جێـی کەربەلایـان بـۆ بگرێتەوە.

ئێسـتە بەنـاو نوێنەرەکـی تـاران دەریبڕیـوە کـە گـۆڕێـک کـە بـە دەیـان میلیاردیـان خـەرج کـردوە، ئێسـتە کەس سـەردانی ناکا و چۆڵ و هۆڵـە وەکـوو مێشـکی بەتاڵـی ئەوسەردەمەی خومەینی.

دوای ئەو درکاندنەی عەلی خزریان، نووسـینگەی گـۆڕی خومەینـی ڕۆژی دووشـەمە ڕاگەیەندراوێکیـان دا و هەنـدێ پاسـاویان هێنایـەوە کـە لەبـەر ئـەوە بارەگاکـە چۆڵـە چوونکـە لەبـەر کۆرۆنـا هەنـدێ کاتەکەیـان کەم کردوەتەوە! هەروەها لە کاتەکانی دیکەشدا پرۆتۆکۆلی دیدارە ڕەسـمیەکان و سەردانیکردنی بەسـیجی و ئیدارەکانـی هەیـە و لـە بـاری ئەمنیەتیـەوە دەبـێ ڕەچـاوی هەندێ ڕێوشوێن بکەن!

لـەم ڕاگەیەنـدراوەی نووسـینگەی گـۆڕەکـەی خومەینی دا دوو شـتی درکێنـدراوە: یەکـەم تەنیـا تیـم و گرووپـە حکوومەتـی و پاسدارەکان و بـۆ نومایشـە دەسـکردەکان دەچنە سـەر گـۆڕەکـەی جەلـلادی سـەدە، لـە لایەکـی دیکـەوە گـۆڕی ئـەم جەلـلادەش و هاتوچـووی تەنانـەت بەسـیجیەکانیش بـۆ ئـەو شـوێنە لە باری ئەمنیەتیەوە لە ژێر هەڕەشەدایە. جەللادێک کە لە ژیانیدا ئاسایشی لە نەتەوەکانی ئێران قەدەغە کردبوو، ئێسـتە لـە گـۆڕەکەیـدا ئەمنیەتـی نیـە و بەسـیجیەکانیشی لێـی ناپرسـنەوە مەگەر لە کاتی نومایشە دەسکردەکاندا!

لـە دوای هەرەسـهێنانی سیسـتمی فێئۆدالـی لە ئورووپادا ، سـێروانتس لـە چیرۆکێکـدا باسـی لـە کۆنـە شـوالیەیەک بە ناوی دۆن کیشۆت کـرد کـە لـە زەمەنـی ڕاسـتەقینە وەدوا کەوتبـوو و مێشـکی گۆڕانکاریەکانی سـەردەمی درک نەدەکـرد و پێـی وابـوو ئاشـە کۆنـە ئاوییـەکان، قـەڵای دوژمنەکانـە و لـە باڵەخانە چـۆڵ و ڕووخاوەکەیەوە و بە سـواری گوێدرێژەکەی هێرشی دەکردە سەر ئاشەکان!

گـۆڕی خومەینی وەکوو باڵەخانەی دۆن کیشـۆتی لـێ هاتـوە و بەخێوکەرانی سیستمی دواکەوتووی ویلایەتـی فەقیهـی هەرجـارە و هێـرش دەکـەن سـەر بەشـێک لـە خەڵکانـی ئێـران و وێپیـان وایـە هێـزی دوژمنەکانـی ئەوانـن . لـە سـەردەمانێکدا بـە دروسـتکردنی ئیمامـزادە و شـوێنی بەناوپیـرۆز دەیانەویست هەستی خەڵک بەلاڕێدا ببـەن، بـەڵام دوای تێپەڕینـی کات وەدەرکەوتنـی هەمـوو جادووی بیرۆکـە کۆنەکانیان، ئیدی خەڵک هیچ بایەخێک بۆ پڕوپاگەندەکانیان دانانـێ و وەکـوو دۆن کیشـۆت، خۆیان و گوێدرێژەکانیان ماونەتەوە. ئیدئۆلۆژیەکـی دژە مرۆیـی کـە ڕزگاریـی خەڵکی لـە گوێڕایەڵییان بـۆ ویلایەتـی فەقیهدا پێناسـە دەکـرد و بـە خـوڵ لـە چاوکـردن، گۆڕسـتانەکانی لـێ دەکـردن بـە باخـی بەهەشـت، ئیـدی هەمـوو توێژاڵەکانـی درۆو چەواشـەکاریی پرووسـکاوە و بـە ڕووتـی لەبـەردەم چـاوی مێژوودا ڕاوەسـتاوە. کاتێک خومەینـی لـە پاریسـەوە هێنایانـەوە بـۆ ئێـران، وادە و بەڵێنیـدا کـە ئاو و کارەبـای خەڵک بـەلاش دەدا و ئەو لایەنگـری هەژارەکانـە و بەقەولـی خۆیـان شـۆڕشـەکەیان شـۆڕشـی موسـتەزعەفانە. بەڵام ئێسـتە نە ئاو مـاوە و نـە کارەبا و هەژارەکانـی تەنانەت ئیسفەهانی قەڵای پاڵپشتی ویلایەتـی فەقیهیـش دەدەنـە بـەر دەسـرێژی گولە. خومەینیی جەللاد بەنـاوی پاڵپشـتی هـەژارەکان، بـە هـەزاران هـەژاری کوشـتار کـرد و ئێسـتە بـارەگای سـەر گـۆڕەکـەی هـەردەم لـە ئەگـەری داڕمـان بـە دەسـتی هەژارانـە تاکـوو نیشـانەی ستەمکاریی ویلایەتـی فەقیهـی بڕووخێنن و ئاسـەواری لە سـەر ئەرز نەهێڵن!



# ئاگر نەیتوانی هیواکان بسووتێنێ!



**کچانی شیناوێ لێورێژن لە گازندە، گازندە لەو پزیشکانەی کە بەڵێنیان دا نەشتەرگەرییان بۆ بکەن و ئێستا لە ئێران نەماون، گازندە لە وەزارەتی بێهداشت کە ئامادە نییە پارەی نەشتەرگەرییەکەیان دابین بکات و گازندە لە سیستەمێک کە هیچ ئاسانکارییەکی بۆ خوێندن و چوونە زانکۆشیان نەکرد**

**ئاسۆ مێنبەری**

٩ ساڵ پێش ئێستا و لە کاتێکدا کە کچانی قوتابی لە شیناوێ لە پۆلەکەیاندا بیریان لە درێژەدان بە خوێندن و بونیاتنانی داهاتوویەکی گەش بۆ خۆیان دەکردەوە، بێبەزەییانە کەوتنە بەر ئاگری نابەرپرسایەتیی بەرپرسانی قوتابخانەکەیان و لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوی پۆلەکەیاندا، تووشی سووتانی لە رادەبەدەربوون. دوو کەسیان بەهۆی زۆربوونی زامەکان و رێژەی سووتانەوە گیانیان لە دەست دا و ئەوانی زانکۆدا دەخوێنن و چەند کەسی دیکەشیان دەیانەوێ برۆنە زانکۆ، بەڵام کێشەی سەرەکییان ئەوەیە کە بەهۆی رەوتی دەرمانەکەیان ناتوانن بە بەردەوامی لە پۆلەکاندا بمێننەوە و مامۆستاکانیش بە بێ ئەوەی کە بیر لە دۆخی تایبەتیی ئەم کچانە بکەنەوە، هەرەشەی پێنەدانی نمرەیان لێ دەکەن! لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کچانی شیناوێ، لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە بەرەورروو بوون، رێژیمی ئیران و وەزارەتی بێهداشتی ئەم رێژیمە لە دەرمانی باش بۆ چارەسەرکردنیان کەڵک وەرناگرێت، پارەی پێویست بۆ نەشتەرگەرییەکانیان دابین ناکرێت،

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، کۆمەڵێک رووداوی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ئێراندا روویان داوە کە بریتین لە:

ـ لە رێبەندانی ١٣٧٦، لە گیلان، مامۆستایەک پاش رزگارکردنی گیانی قوتابیان بەهۆی خراپبوونی دەرکەی پۆلەکە تووشی سووتان دەبێت و ئیتر هیچکات ناتوانێ وانە بڵێتەوە.

ـ ساڵی ١٣٨٣ لە گوندی سفیلان لە پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری بەهۆی ئاگرکەوتنەوە ١٣ قوتابی تووشی سووتان دەبن و مامۆستاکەیان گیانی لەدەست دەدات.

کە پرۆسەی ستانداردکردنەوەی کەرەستە گەرماییەکان لە هەموو قوتابخانەکانی ئێراندا جێبەجێ بکات. بەڵام بەپێی دانپێدانانی خودی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ئێستاش زۆربەی پۆلەکان بەتایبەت لە شار و گوندەکانی سەر بە پارێزگا پەراوێزخراوەکانی ئەو جوگرافیایەی کە پێی دەوترێت ئێران لە کەرستەگەلی گەرمایی مەترسیدار کەڵک وەردەگرن.

هەندێک لە بەناو بەرپرسان، نەبوونی بوودجەی پێویست و هەندێکیش کەمتەرخەمیی سیستەمی پەروەردە بە هۆکاری روودانی ئەم رووداوانە دەزانن، پرسیار ئەوەیە کە پلانی ئەم

**دۆخی کچانی شێناوێ زۆر تایبەتە، تاکو ئێستا چەندین کەسیان هەوڵی خۆکوژییان داوە و دەڵێن نەبوونمان باشتر لەم دۆخەیە. وەک خۆیان دەڵێن «ژیان سەختە کاتێک کە لە ئاوێنەدا کەسێکی دیکە جگە لە خۆمان دەبینین!»، کەسیان هەیە ٨٥ لەسەدی جەستەی سووتاوە، کەسیان هەیە زیاتر لە ٥٠ نەشتەرگەریی بۆ کراوە، ئێستاش وەزارەتی بێهداشت دەیهەوێ نەشتەرگەرییەکانیان بە یاریدەدەری پزیشکان بسپێرێ!**

دیکەشیان تاکوو ئەمرۆ لە گەڵ ئەم ئازارە دەژین.

سۆبەی نەوتیی پۆلەکەیان ئاگری تێ بەردەبێت، لە لایەکەوە سۆبەی گڕگرتوو دەرکەی لێگرتوون و لە لایەکی دیکەشەوە نەردەی پەنجەرەکان ناهێڵی خۆیان رزگار بکەن، بەڵام لە هەموو ئەم ساڵانەدا وادە و بەڵێنە درۆییەکانی بەرپرسانی رێژیم زیاتر لە زامی سووتانەکەی جەستەیان ئازاری داون!

کچانی شیناوێ لێورێژن لە گازندە، گازندە لەو پزیشکانەی کە بەڵێنیان دا نەشتەرگەرییان بۆ بکەن و ئێستا لە ئێران نەماون، گازندە لە وەزارەتی بێهداشت کە ئامادە نییە پارەی نەشتەرگەرییەکەیان دابین بکات و گازندە لە سیستەمێک کە هیچ ئاسانکارییەکی بۆ خوێندن و چوونە زانکۆشیان نەکرد.

کچانی شێناوێ ئێستا تەمانیان ١٩ ساڵە، چەند کەسیان لە

رێژیم ئامادە نییە بۆ درێژەدان بە رەوتی دەرمان بیاننێرێتە وڵاتێکی دیکە، هیچ ئاسانکارییەک بۆ درێژەدان بە خوێندنیان نەکراوە، نەشتەرگەریەکانیان هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبووە و بە دەیان کۆسپ هاتوونەتە سەر رێگایان. دۆخی کچانی شێناوێ زۆر تایبەتە، تاکو ئێستا چەندین کەسیان هەوڵی خۆکوژییان داوە و دەڵێن نەبوونمان باشتر لەم دۆخەیە. وەک خۆیان دەڵێن «ژیان سەختە کاتێک کە لە ئاوێنەدا کەسێکی دیکە جگە لە خۆمان دەبینین!»، کەسیان هەیە ٨٥ لەسەدی جەستەی سووتاوە، کەسیان هەیە زیاتر لە ٥٠ نەشتەرگەریی بۆ کراوە، ئێستاش وەزارەتی بێهداشت دەیهەوێ نەشتەرگەرییەکانیان بە یاریدەدەری پزیشکان بسپێرێ!

لە راستیدا رووداوی شیناوێ نە یەکەمین رووداو بووە و نە دوایین رووداو.

ـ لە شاری دروودزەن لە پارێزگای فارس لە ساڵی ١٣٨٥، ئاگرکەوتنەوە دەبێتە هۆی سووتانی ٨ قوتابی و گیانلەدەستدانی قوتابییەک

ـ ئاگرکەوتنەوە لە خەوتنگەیەکی قوتابییان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە ساڵی ١٣٨٩ گیانلەدەستدانی قوتابییەکی ١٣ ساڵەی لێکەوتەوە

ـ ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە چابەهار لە ساڵی ١٣٨٩ گیانلەدەستدانی چەند قوتابی و برینداربوونی ١٤ کەسی بەهۆی ژەهراوی بوون بە دووکەڵی لێکەوتەوە.

ـ ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی ئوسوەی حەسەنە لە زاهێدان لە ٢٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٧ گیانلەدەستدانی ٣ قوتابیی بەدواوە بوو. وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی رێژیمی ئێران بەپێی بڕیاراتی خۆی، ئەرکدارە بەوەی

بەناو بەرپرسانە بۆ پێشگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەم رووداوانە، بۆ ئەو فرمێسکانەی کە دەرژێن و بۆ ئەو دەستانەی کە ئێستاش پاش چەندین ساڵ هێشتا وەکوو خۆیان لێنەهاتووەتەوە کە فرمێسکێکیان پێ بسردرێت چییە؟ وەزارەتەکانی بێهداشت و پەروەردەی رێژیم لەم رووداوەدا بەرپرسیاری سەرەکین و پێویستە بە شێوەیەکی جیدی تر لە سەر رەوتی دەرمان و بەرەپێشچوونی پۆزەتیڤی ئەم رەوتە بۆ کچانی شیناوێ کار بکرێت.

کچانی شیناوێ ٩ ساڵە لەگەڵ ئازارەکان دەژین، بەڵام هێشتا هیوایان بە داوارۆژێکی روون هەیە، دەیانەوێ درێژە بە خوێندن بدەن و داهاتوویەکی گەش بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەگەرچی ئاگری نابەرپرسایەتی جەستەی سووتاندن بەڵام ئەم کەتوارە حاشای لێ ناکرێت کە قەت نەیتوانی هیواکانیان بسووتێنێ!

**وێـــــستگە**

## ١٦ رۆژی پرتەقاڵی و ئەرکێکی قورستر




**نووسین: هێمۆ**

ئەمساڵیش بە چەشنی ساڵەکانی دیکە، چالاکانی بواری ژنان و مافی مرۆڤ بە کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆرەوە چوونە پێشوازی ٢٥ی نۆڤامبرەوە، رۆژێک کە لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینیدا و لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە. لە سەر ئەوەی کە توندوتیژییەکان چین و چۆن ئەنجام دەدرێن و بکەری سەرەکیی توندوتیژییەکان کێن، زۆر باس کراوە. بە دەیان و سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمیناری جۆراوجۆر بەرێوەچووە و لایەنە جیاوازەکانیشی کەوتوونەتە بەرباس، بەڵام خاڵی گرینگ و جێگای پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەم چالاکییانە نەیانتوانیوە یان ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگاکان هەبێت؟ رەنگە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەهۆی هەبوونی یاسای مرۆڤتەوەرانە و بەدوور لە هەڵاواردن؛ دۆخەکە تا رادەیەک ئەویش نە بەتەواوەتی باشتر بووبێ، بەڵام ئەی ئەم دۆخە لە وڵاتانی دواکەتوودا دەبێ چۆن چارەسەر بکرێت؟ لەم کۆمەڵگایانەدا کە یاسا هیچ سەرەوەرییەکی نییە و هەمووی لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکان نووسراوە و بچووکترین بایەخێک بە دۆخی ژنان و کەمینەکانی کۆمەڵگاکە نەدراوە، دەبێ ئەم دۆخە چۆن بێت؟ هەموو ساڵێک هەڵمەتێکی ١٦ رۆژەی پرتەقاڵی لە وڵاتانی جیهاندا بۆ ئاگایی بەخشین بە ژنان و راهێنانیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژییەکان بەرێوەدەچێت، ئایا ئەم هەڵمەتە لە کوردستانیشدا توانیویە جێگای خۆی بگرێت؟ ئایا چالاکانی بواری ژنان لە کوردستانیش هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ ئەم چالاکییە رێک بخەن؟ یان بە واتایەکی تر توانیویانە لەم بوارەدا لەگەڵ رەوتی بەجیهانیبوونی پرسەکە بەرەوپێش بچن؟ هەر لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات کۆمەڵێک چالاکی بەرێوەچوون. لە رۆژی ٢٤ی نۆڤامبردا، لە شاری مەریوان ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی بواری ژنان کۆبوونەوە و توندوتیژیی دژی ژنانیان مەحکووم کرد. رۆژی ٢٥ ی نۆڤامبر، کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە ئاویەری سنە کۆبوونەوە و بە بەرزکردنەوەی نووسراوەگەلی وەک «ژنان مەکوژن» و «کوشتنی ژنان بە هەر ناوێک مەحکوومە»، توندوتیژیی دژ بە ژنانیان مەحکووم کرد. لە ٢٦ی نۆڤامبردا کۆمەلێک لە چالاکانی مەدەنی و ئەندامانی گرووپی «ژیڤانۆ» لە سنە بە لێدانی ماسکی پرتەقاڵی و کۆبوونەوە و بە دەرکردنی راگەیەندراو و نامیلکەی فێرکاری توندوتیژیی دژی ژنانیان مەحکووم کرد. بەڵام دوابەدوای ئەمانە و لە رۆژی ١٢ی سەرماوەزدا، ژنێک بە پاساوی شەرەف و لە ژێر ناوی پاراستنی نامووس لە سنە بە دەستی براکانی کوژرا! بەڵام هۆکار چییە؟ بۆچی سەرەرای ئەم چالاکییە بەربڵاو و دیارانەش دیسانەوە ئەم کردارە روو دەدات؟ کێشە لە کوێدایە؟ ئەم دۆخە پێوەندی بە چ فاکتەرگەلێکەوە هەیە و بەراستی کێ بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم دۆخە نالەبارەیە؟ جیا لەوەی کە رەخنەیەکی جیددی لە سەر رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان لە کوردستاندا هەیە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە چالاکیی ئەم جۆرە رێکخراوانەش لە نێوخۆی کوردستان، ناتوانێ چالاکییەکی رەها و پێویست بێ، چونکە باش دەزانین کە دەسەڵات چۆن هەوڵی سنووردارکردنەوەی چالاکیی رێکخراوەکان و بەتایبەتیش رێکخراو و NGO کانی تایبەت بە مافەکانی ژنان دەدات. چوونکە ئەوە روونە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دەنگی ژنان دەترسێت و زۆریش ئاساییە کە ئیزنی چالاکییان پێ نەدات و تا ئەو جێگایەش کە بۆی بلوێت سەرکوتیان بکات. لە سەر بیرۆکەی پیاوسالاری کە ئاکامی پەروەردە و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامییە زۆر نووسراوە و زۆریش وتراوە، کەوایە ئەمانە وەکوو فاکتەری سەرەکی لە جێگای خۆیاندان و تا کاتێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەر کار بێت ئەم دوو بنەمایەش هەر دەمێنن. لێرەدا دەبێ رەخنەیەکی جیددی بەرەورووی ئەو کەس و رێکخراوانە بکرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵات و بەناوی چالاکی مافی ژنانەوە کار دەکەن! ئایا ئەوان تاکوو ئێستا توانیویانە کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا هەبێت؟ ئایا توانیویانە پێشەنگایەتیی خەبات بە دژی چەوسانەوە بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی بکەن؟ ئایا توانیویانە جیا لە ژنان کاریگەرییان لە سەر بیر و هزری پیاوانیش هەبێت؟ بێگومان بەشێکی حاشاهەڵنەگر لەو توندوتیژییانەی کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت لە لایەن پیاوانەوە دەکرێت و زیاتر لە ئاگایی بەخشین بە ژنان پێویستە هەوڵ بۆ پەروەردەی پیاوان لە کۆمەڵدا بدرێت.

تا کاتێک کە پەروەردەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان وەکوو پلانێکی گشتگیر و تۆکمە پێرەو نەکرێت، بێگومان ئەم دۆخەش هەر بەردەوام دەبێت.

لە راستیدا ١٦ رۆژی پرتەقاڵی تەنیا دەرفەتێکی بچووکە بۆ هەوڵێکی گشتگیر، هەوڵێک کە رەنگە لە ئاکامی گشتگیربوونەوە لە ئاستێکی گەورەتر و بەربڵاوتردا بتوانێ کاریگەریی زیاتریشی هەبێت. کەوایە نابێ هەموو وەرزەکانی ساڵ و هەموو رۆژەکانی ژیان، تەنیا چاوەرێی ١٦ رۆژە پرتەقاڵییەکە بین و چالاکییەکانمان بەم چەند رۆژە قەتیس بکەینەوە. دۆخی ژنان لە کوردستان بە هۆکارگەلی جیاوازی وەکوو بێکاری، گرانی، نەخوێندەواری، دۆخی سیاسی و سەرکوتی بەردەوامی حکوومەتی، زۆر نالەبارە و بە دڵنیاییەوە ژنان لەم بارەوە زیاترین خەساریان بەر دەکەوێ. پێویستە بە بێ گرینگیدان بەو راستییە کە دەسەڵات چی دەکات و بۆچی هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەریی کێشەکان هەڵناگرێت، لە لایەن چالاکانی بواری ژنانەوە پلان و بەرنامەی گونجاو دابرێژرێت. دەبێ جەختێکی دووبارە لەسەر ئەرکەکانی چالاکانی ئەم بوارە لە دەرەوەی وڵات بکرێتەوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و هەروەها زانستی رۆژ و ئەزموونە باشەکان، بە ماندووبوونێکی بەرپرسیارانەتر، هەوڵ بۆ پەروەردەیەکی بنەرەتی و ئاگایی بەخشین بە تاکەکانی کۆمەڵگا بدەن بەڵکوو لە داهاتوویەکی نزیکدا بینەری نەمان و بنبڕبوونی توندوتیژییەکان دژ بە مرۆڤایەتی بین.

# پێویستیی ڕێکخستن و بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە




**کەژوان**

دەسەڵاتە تۆتالیترەکان گەلێک خاڵی هاوبەشیان هەیە کە لەم نووسراوەدا بە کورتی ئاماژە بە سێ تایبەتمەندیی بەرچاو و هاوبەشی سەرجەم سیستمە تۆتالیترەکان دەکەین کە بریتین لە **یەکەم؛** پێشگرتن لە هاتنەئارای هەر چەشنە جموجوڵ و بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیک دژ بە دەسەڵاتەکەیان کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان جیاواز لە هەندێ حیزب و ڕێکخراوی کارتۆنی و بێدەسەڵات سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە نایاسایی و ڕێگە پێ نەدراو ڕادەگەینن، ئەم تایبەتمەندییەی دەسەڵاتە تۆتالیترەکان هەر لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی ئاخوندەکان و بە نایاساییکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێدەکات و تا هەنووکەش بەردەوامە.

**دووهەم** تایبەتمەندیی هاوبەشیان ئێزن نەدانە بە سەرهەڵدانی جەماوەری نارێکخراویش و ئەگەر بەم ئامانجەیان نەگەن هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ گشت بابەت و داخوازێکی چین و توێژە جیاوازەکان یان ئەگەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا نەتەوەیەکی بن دەست هەبێت داواکاریەکانیان لە ناوەڕۆکی ڕوو بەڕوو بونەوە لەگەڵ کۆی سیستم بەدوور بگرن و هۆکارێکی دیکە جگە لە بەڕیوەبەرایەتییەکەیان بۆ ئاریشەکان دەسنیشان بکەن کە لەم پەیوەندیەدا وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە قەیرانی ئاو بکەین لە جوگرافیای بە ناو ئێراندا کە دەسەڵاتداران ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان ئەدەن کێشەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی ناکارامەی خۆیان و ئاکامی سیاسەتە نازانستیەکانیان کە لە دەیەی شەستی هەتاوی و سەردەمی سەرۆک وەزیری موسەوییەوە دەستی پێ کردووە دابماڵن و پەیوەندی بدەنەوە بە وشکەساڵی و کەمبوونەوەی بارینی بەفر و باران.

**سێهەم؛** لە شێوازی دەسەڵاتدارییەتیی ئاماژە پێکراودا هەوڵ ئەدرێت هەموو دیاردەکان لە ناوەرۆکی سیاسی بەتاڵ بکرێت و پێم وایە هەموو کەس لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا ئەم ڕەستەیەی بیستبێ کە لە ژێر چەتری ئەم دەسەڵاتەدا هەر کارێک کە دڵخوازتە بیکە و تەنیا سیاسی مەبە کە لێرەدا سیاسی بوون بە واتای دژبەر بوونی دەسەڵاتە، بەڵام بە هۆی چیەتیی سیستمە تۆتالیترەکان و دەستێوەردانیان لە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگادا گشت دیاردەکان دەبنە سیاسی و هەر ناڕەزایەتییەک لە هەر بابەتێکدا دەبێتە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات و ئەگەر بۆ نموونە کرێکاران داوای مووچەی دواکەوتوی مانگانەی خۆیان بکەن چون شوێن پێی دەسەڵات لە هەموو شوێنێک هەیە لە ئەگەری بەردەوامیی داخوازێکی ساکاری لەم چەشنەش بە شێوازی سیستماتیک دەبێتە کۆبونەوەیەکی دژ بە دەسەڵات وەک داخوازیی کرێکارانی حەوت تەپە و کرێکارانی شارەداریی زۆربەی شارەکان و دەیان نموونەی دیکە.

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە زیاترین ڕێژەی پێرسۆنێلی هەیە و هەروەها کاریگەرترینیانە لەسەر کۆمەڵگا بەڵام کارمەندەکانی بەگشتی بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە کەمترین مووچە وەردەکرن و بە پێی هەندێ لە ئامارەکان و ئەگەر داهاتی یانزە ملوێنی لە مانگدا وەک بنەما وەربگرین، سەدا نزیک بە هەشتای مامۆستایان و بنەماڵەکانیان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بەردەوام و لە ساڵدا چەندین کۆبونەوەی ناڕەزایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەڕێ دەخەن و هەنگاو بە هەنگاو ئەم کۆبونەوانە زیاتر ڕەنگی دژایەتی لەگەڵ کۆی سیستم بەخۆیان دەگرن و لە تازەترین نموونەدا ڕۆژی یانزەی سەرماوەز لە درێژەی کۆبونەوەی مامۆستایانی قوتابخانەکان دابە پێی ئەو هەواڵانەی کە بڵاو بونەتەوە لە نزیکەی سەد شاری کوردستان و ئێران بەشێک لە مامۆستایانی قوتابخانە و مامۆستا خانەنشینەکان لە بەردەم نووسینگەی پەروەردە و مامۆستایانی کەرەج و تارانیش لە بەردەم مەجلیسی کۆماری ئیسلامیدا کۆ بوونەوە و خوازیاری مافەکانی تایبەت بە توێژی مامۆستایان و بەشێک لە مافە یاسایی و سیاسیەکانی خۆیان و کۆمەڵگا بوون و هەروەها مامۆستایانی نەتەوەی کۆلۆنیکراوی ئێمەش جیاواز لەو داخوازیانە، خوازیاری هەندێ مافی نەتەوەیی بوون و دروشمی وەک هاوسانکردنی مووچەکان، مامۆستای بەندکراو دەبێ ئازاد بکرێ، خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی مافی هەموو تاکێکە و نا بۆ بە پووڵیکردنی قوتابخانەکان دروشمی بەرچاوی ئەم کۆبونەوانە بوون.

وەک لە دروشم و وتاری مامۆستایانیشدا دەردەکەوێت ڕێڕەوی ئەم ناڕەزایەتییانە لە خواستی تەنیا سێنفی تێپەڕیوە وەک لە کۆبونەوەی نزیک مانگێک پێشتری مامۆستایان لە یاسوج بینرا کاتێک مامۆستایەکی سەر بە سیستم دەڵێت: ئەم کۆبونەوە تەنیا کۆبونەوەیەکی سێنفیە، لە لایەن مامۆستایانی دیکەوە هێرش کرایە سەری و لە کۆبونەوەکە وەدەر نرا، کەوابوو ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە خواستی سێنفیەوە تێپەڕیوە و وەک چیەتیی هەموو ناڕەزایەتییەک لە دەسەڵاتە تۆتالیترەکاندا بەرەو دژایەتی لەگەڵ کۆی سیستم هەنگاو هەڵدەگرێت.

### بزوتنەوەی مامۆستایان لە دۆخی هەنووکەییدا خاوەن چەن خاڵی لاوازە کە بریتین لە

**یەکەم؛** بەشداری نەکردنی سەرجەم مامۆستایان لەم کۆبونەوە ناڕەزایەتیانەدا کە سەرچاوە گرتوو لە سێ هۆکاری سەرەکیە

١.ڕێژەی بەرچاوی بێکاری لە وڵاتدا و ترسی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان لەوەی کە ئەگەر لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەن بێکار دەبن.

٢. ترس لە دەزگا ئەمنیەتییەکان و نوقم بوون لەو گێژاوەدا کە دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم دروستی کردووە یانی ئەبەدی بوونی کۆماری ئیسلامی.

٣. بەهۆی گوزینشی بوونی هەڵبژاردنی کەسانی خوازیاری بوون بە مامۆستای قوتابخانە، ڕێژیم ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە کە تا ڕادەیەک کە توانایەتی کەسانی سەر بە دەسەڵات ببنە مامۆستا و بە دڵنیاییەوە ئەم کەسانە بەشداریی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان ناکەن.

**دووهەم؛** نەبوونی ڕێکخراوەیەکی چالاک و بەهێز بۆ ڕێکخستنی مامۆستایان و پۆلێنبەندی و ئاراستەکردنی داخوازییەکانیان کە وەک باسک را لە لایکەوە هۆکارەکەی قەدەغەکردنی هەموو چالاکییەکی ڕێکخراوەیە و لە لایکی دیکەشەوە کاریگەریی گوتارێکە کە چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی هەوڵی پەرەپێدانی دەدات و وا دەنوێنێت کە خەبات لە چوارچێوەی ڕێکخراودا پێویست نییە و تاکی ڕووناکبیر دەبێ جیاواز لە ڕێکخستنێکی دیاریکراو خەبات بکات.

**سێهەم؛** بە هۆی ئەوەی جیاواز لە کێشە سێنفییەکان هێنانە ئارای کێشەکانی دیکەی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە کۆبوونەوەی مامۆستایاندا وەک پێویستە بایەخی پێ نەدراوە و چین و توێژەکانی دیکە و تەنانەت بنەماڵەی خودی مامۆستایانیش بەشداری و پشتگیریان لە مامۆستایان کەم ڕەنگە.

وەک باس کرا کەتواری بزووتنەوەی مامۆستایان لە خواستی سێنفی تێپەڕیوە و سنوورەکانی لەگەڵ دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و لە هەمان کاتدا بۆ دەرباز بوون لەم بازنەیەش، ئەرکی ڕاسانیانە کە خەباتی مامۆستایان بە سەرنجدان بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و لە پانتایی زاگرۆسدا وەک بەشێک لە خەباتی شار زیاتر ڕێک بخەن و بە گرێدانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی خەباتی شار و بە پشتیوانی شاخ هەنگاوەکان بۆ دەربازبوون لە دۆخی کۆلۆنالیسم خێراتر بکەن.

# باهۆزە مەزنەکە بەڕێوەیە

**زاگرۆس**

یەکێک لە دیارترین پێناسەکانی سیستمەکان بە گشتی، لە تواناییاندا بۆ چارەسەکردنی قەیران و ئاریشەکاندا دەردەکەوێ و لە ڕاستیدا ڕێکار و پلانی نوێ لە هەمبەر قەیران و کێشەکاندایە کە دەتوانێ سیستم بەسەر تەنگەژەکانیدا زاڵ بکات و لە لەناوچوون و پەککەوتوویی بیپارێزیت.

سیستمە دەسەڵاتدارەکان هەڵویست و کرداریان لە بەرانبەر ئاستەنگەکاندا لە ڕاستیدا جیاواز لە پێناسە، چیەتی و شێوازی عەقڵیەتی بەڕیوەبەرانیشی بە ڕوونی دەردەخات و کەڵکوەرگرتن لە یەک شێواز و یەک گوتار بۆ هەر چەشنە کێشەیەک پیشاندەری عەقڵیەتی چەقبەستووی بەڕیوەبەرانی ئەو سیستمەیە.

ئەگەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێک پێناسە بکەین کە زیاتر لە چوار دەیە بە سەر تەمەنیدا تێپەر دەبێت بەڕوونی دیارە کە لە سەرەتاوە بۆ داخوازییەکانی نەتەوە، چین یان توێژە جیاوازەکان چ هەڵوێستیکی ڕەچاو کردووە هەنووکەش بە هەمان عەقڵیەت و میتۆد درێژە بە تەمەنی خۆی دەدەدا و هیچ جیاوازیەک پێک نەهاتووە و بۆ نموونە ئەگەر دەسەڵاتدارێکی کۆماری ئیسلامی کە چل ساڵ بەر لە ئێستا مردووە زیندووی کەینەوە و چارەسەری داخوازێکی خەڵک بخەینە بەر دەستی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دەسەڵاتدارێکی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی نابێت.

ناڕەزایەتیی خەڵکی چوارمەحاڵ و بەختیاری و ئیسفەهانیان دژ بە وشکبوونی ڕووبار و تالاوەکان کە ئاکامی بەڕیوەبەریی ناکارامە و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە بە شیوازێکی تۆندوتیژ و بێ بەزەییانە و بێ ئەوەی هیچ داخوازیەکی وەرزێران بەدی بێت سەرکوت کرا و بە گوێرەی هەواڵەکان زیاتر لە سەدکەس دەستبەسەر کران و یەک کەس لە نارازیان کوژراوە و دەیان کەس بریندار بوون.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باسیان لەوە کرد کە ئەم ناڕەزایەتییانە لە لایەن لات و لوت و دژبەرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ڕێک خراوە و ئیمام جومعەی ئیسفەهانیش ڕایگەیاند ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە وەبیرهێنەرەوەی ڕاپەڕینەکانی خەزەڵوەری ٩٨ە.

هەر لەم پەیوەندیەدا هەواڵدەریی فارس نووسی؛ دژبەرانی شۆڕش هەر لە سەرەتاوە دەیانویست ڕێڕەوی داواکاریی وەرزێران بگۆڕن و پەرە بە کەشی ترس و نائەمنی لە ئیسفەهان بدەن و بە هێرش بۆ سەر خێوەتی ئامادەبووان ببنە بەربەستی کۆتاییهاتنی ناڕەزایەتییەکە و ئەوە ئەوان بوون کە بشێوییان ساز کرد.

عەلەمولهودایش ناڕەزایەتی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی بە ڕاوەستان لە بەرانبەر خودادا پێناسە کرد.

ئەمە تازەترین نموونەی ناڕەزایەتیی مەزنی خەڵکە کە بەشێک لە زاگرۆس و ئیسفەهانی گرتەوە و جیاواز لە تایبەتمەندییە زەمەنی و شوێنیەکانی کە بەنیسبەت هەر ڕووداویک جیاوازە. ئاخۆ جیاوازیەک لە هەڵویست و کردەوەکانی بەڕیوە بەرانی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێت؟

بە دڵنیایەوە وڵامی ئەم پرسیارە نایە، ئەمە عەقڵیەتی بەڕیوەبەرانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بووە هەر لە سەرەتاوە هەتاکوو ئیستا کە نارازی و دژبەرەکانیان بە گرێدراوی بێگانە و دەستی دەرەکی و لات و لووت و خولقێنەری توندوتیژی پێناسە کردووە.

بۆ نموونە ئەم سیستمە خەباتی ڕەوای خەڵکی کۆلونیکراوی کوردستانی بە داردەستی بێگانە ناوزەد دەکرد، بەڵام دەرکەوت کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پارێزەری بەرژەوەندیی دەسەڵاتی بێگانەن و بەڵگەش بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونە ڕادەستی بەشی زۆری خەزەر بە ڕووسییەکان و گرێبەستی ٢٥ساڵە لەگەڵ چین و فروشتنی ئیمتیازی ڕاوەماسی لە عەمان بە چینیەکانە.

سیستمی کۆماری ئیسلامی نارازییەکان و ئەو کەسانەی داوای سەرەکیترین مافی خۆیان دەکەن بە لات و لووت و چەقۆکێش ناوزەد دەکات ئەمە لە حاڵێکدایە کە پاسداری تێرۆریست حسین هەمەدانی بەر لە کوژرانی لە سووریە لە وتووێژیکدا ڕایگەیاند کە بۆ سەرکوتی خەڵکی خرۆشاو کەڵکیان لە ٥٠٠٠ لات و لووت وەرگرتووە و ئەم پلانەشیان سەرکەوتوو بووە و پاشانیش بەرپرسی قەرارگای خاتەم ئەم کارەی وەک هەنگاوێکی سەرکەوتوو پێناسە دەکات و دەڵێت: ئەوان لە کەڵکوەرگرتن لە چەقۆ و قەمەدا شارەزا بوون و یارمەتییەکی گەورەیان بە هێورکردنەوەی دۆخەکە دا.

تەنیا لە ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨ کە تێیدا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس کوژران بەشێکی زۆر چکۆلەی جینایەت و توندوتیژیی سیستمی کۆماری ئیسلامییە کە لە سەردەمی نوێدا و لە هیچ وڵاتێک لە زەمەنێکی وەها کورتدا هیچ سیستمێکی دەسەڵاتداری بەم ڕادەیە بۆ سەرکوتی خەڵک توندوتیژی نەخولقاندوە و دەیان فاکت و نموونەی دیکە هەن کە دەریدەخات نەک خەڵک بەڵکو ئەوە سیستمی کۆماری ئیسلامییە کە توندوتیژی بەشی سەرەکی پێکهێنەری چیەتیکەیەتی.

ئەم چەشنە سیستمی بەڕێوەبەرایەتییە ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانەکان لە هەناویدا زیاتر دەبن و دەگەن بە قۆناغێک کە هەموو جموجوولێک لە جڤاکدا دژ بە خۆیان دەبینن و دەبنە دژبەری هەر چەشنە کۆبوونەوەیەک و لە نوێترین نموونەدا بە پێی هەواڵی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات پێشیان بە کۆبونەوەی یادکردنەوەی سەد ساڵەی لە دایکبوونی هونەرمەندی نەتەوەکەمان حەسەن زیرەک گرتووە و ئامادەبووان لە ناڵەشکێنەیان بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە ناچار بە بڵاوە کردن کردووە و هەر بۆیە کەتوارێکی ئاشکرایە کە سیستمێک کە تەنیا میتۆدی سەرکوت دەناسێ لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەی هۆکاری قەیرانەکان چارەسەر ناکات کۆی کۆمەڵگای لێ دەبێتە قەیران.

بە پێی ئامارەکان تەنیا لە ساڵی ٩٨ی هەتاویدا زیاتر لە پانسەد کۆبونەوەی گەورە و چکۆلە دژ بە سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی کۆماری ئیسلامی یان بەشێک لە سیستمی دەسەڵاتدارییەتیی ئاخوندەکان هاتووەتە ئاراوە کە تەنانەت لە یەک نموونەشدا ئاکامی دڵخوازی نارازیان وەدی نەهاتووە و لە ڕاستیدا عەقڵیەتی سیستماتیکی دەسەڵات نەک چارەسەرکردنی ئاریشەکان بەڵکوو بە پێچەوانەوە قەیرانخولقین و سەرکوتکەری شەپۆلە جیاوازەکانی نارازیانە، هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ تورەیی و ڕقی پەنگخواردوی خەڵک لە سیستمێک کە ناتوانێ هیچ داخوازیک وەدی بێنێت و بۆ هەموو کێشەیەکی تەنیا خاوەن یەک ڕێگەچارەیە زیاتر پەرە دەستێنێت و دوور نییە بێتە باهۆزیکی مەزن و کۆی سیستمی ناکارامە و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێت.

# عیبادەتی تازە
## بە بۆنەی ١٠ی دێسامبر ڕۆژی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ

ئیبراهیم لاجانی

بیرکردنـەوە لـە مافەکانی مـرۆڤ لـەو پرسیارەوە سەرچاوەی گرت کە پێوەندیی نێوان خەڵـک یـا گـەل یـا میللـەت و دەسـتەڵاتداریەتی سیاسـیی دەبێ چۆن بێت؟ لـە هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا حکوومـەت هەیـە. واتە هەمـوو کۆمـەڵگا ئینسـانییەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش کـراون. ئەوانـەی دەسـەڵاتی سیاسـیان بەدەسـتەوەیە و حکوومـەت دەکـەن لـە لایـەک و ئەوانـەش کـە حکوومەتیـان بەسـەردا دەکرێ و دەستەڵاتییان بەسەردا بەڕێوەدەبرێ لە لایەکی دیکەوە.

لە دەوڵەت-شارەکانی یوونانی کۆندا، کە تا ڕادەیـەک پێوەندییەکی دێموکراتیک لـە نێـوان خەڵـک و کاربەدەسـتانی حکوومەتدا دامەزرابوو، ئەو باسە سەری هەڵدا کـە حکوومەت چییـە و پێوەندیی لەگەڵ خەڵک دەبێ چۆن بێت؟

کەواتە دەتوانین بڵێین لە یووناندا بوو کە ئەوەڵیـن پرسیار سـەبارەت بـە مافەکانی مرۆڤ هاتەگۆڕێ. ئەو پرسیارە ئەوە بوو کە باشترین جۆری حکوومەت کامەیە؟ لـەکام سیسـتەمی سیاسیدا خەڵـک دەتوانن بە ژیانێکی باش بگەن؟

کەواتـە یەکەمین و سـەرەتاییترین مافی مرۆڤ بریتییە لەوەی کە حکوومەتێکی باشی هەبێت. تاکی ئینسـانی ناتوانێ بەتەنیا بژی، دەبێ لـە کۆمەڵدا بێ. هـەر بۆیـە ئینسـان تەنیا لـە کۆمەڵدا، بـە واتایەکی دیکـە لـە نێـو دەوڵـەت و حکوومەتـدا، مانـای هەیـە. ئەرەسـتوو باشترین بیروبۆچوونی سیاسی و فەلسـەفی و زانسـتی لـەو بارەوە هێناونـە بەرباس. ناوبـراو هەڵسـەنگاندن و پێناسـەکردنی هەمـوو جۆرە حکوومەتەکانی سـەردەمی خۆی، کـە بەجۆرێـک هـەر هەمـان حکوومەتەکانـی ئـەم سەردەمەشـن، دەیسەلمێنێ کە دێموکراسی سروشتیترین جـۆری حکوومەتە. لـە کۆمەڵدا خەڵک بە شێوەیەکی سروشتی لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. کەواتە کۆمەڵگای سیاسی دیاردەیەکی تـەواو سروشتیە. ئینسان بە پێی سروشت حەیوانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییـە و هـەر بۆیە ئەخلاقیشـە. ئەرسـتوو لـە بـاس و لێکۆڵینەوەکانی خۆیـدا بـەو ئاکامە گەیشتبوو کە شار یانـی کۆمـەڵ یا دەوڵـەت تەنیا هـەر بۆ ئـەوە نییـە کـە مـرۆڤ تێیدا بژی. بەڵکوو بۆ ئەوەیە مرۆڤ باش لە نێویدا بژی. یانی مەبەست لە شار، کۆمەڵ و دەوڵـەت ئەوەیـە کـە ژیانێکی باش بۆ ئینسانەکان، هاونیشتمانان، دانیشتووان و خەڵـک دابیـن و دەستەبەر بکـەن. بۆ ئەوەیـە کـە لەوێدا مـرۆڤ بتوانـێ بـە ئەوپەڕی خۆشـبەختی و کامەرانی بگات و دەرفەتی هەبێ بۆ گەیشتن بە بەختەوەری لەهەموو توانا و لێوەشاوەیی و شـارەزاییەکانی خـۆی کـەڵک وەرگرێ. مەبەسـت لـە خۆشـبەختی و بەختـەوەری لەلای ئەرەستوو ئەوەیە کە ئینسان بەپێی پێوانەکانی virtue فەزیلەت بژی.

فەیلەسـووفەکان لەسـەر ئـەو بڕوایـەن کـە هێڵێکی ڕاست لـە نێوان فەزیلەتی ئەرەستوویی و خێری گشتی و ١٥٠٠ سـاڵ دواتر، قانوونی ئەخلاقی کانتـدا هەیـە. مەبەسـتی بنەڕەتیی سیاسـەت بریتییـە لـە دابینکردنـی ژیانێکی باش بـۆ خەڵـک واتـە هاووڵاتیـان. ئەرەسـتوو دەیگوت فەزیلەتی هاووڵاتی لەوەدایە کە هەم بزانێ چۆن حکوومەت بەڕێوەدەچێ و هەم ئاشنایەتیشی لەگەڵ ئەوە هەبێ کـە چـۆن حکوومـەت بەسـەر خەڵکدا دەکـرێ. لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە باسـی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی بـە کەمێـک مەودای زەمانییەوە، پێکەوە هاتوونەتە گۆڕێ. ئەوەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە بەبێ بـڕوا بە مافەکانی مـرۆڤ، ناتوانین بە دێموکراسـی بگەیـن و بەبێ مافەکانی مرۆڤیش ناتوانیـن دێموکراسـی دابیـن بکەیـن و بیپارێزیـن و سـەقامگیری بکەیـن. کۆڵەکـەی تیۆریکی ئەو ئەسڵە لەسـەر ئەو ڕاستیە ڕاوەسـتاوە کـە ئینسـانەکان بەرانبـەرن. ئەسـڵێک کە لەسەر دەستی فەیلەسووفە ڕەواقییـەکانstoicism بناخـە فەلسـەفییەکەی دارێژراوە. ڕەواقییەکان کە لە ئاخروئۆخری سەردەمی کلاسیکی یووناندا، واتە دەورانی پاش ئەسکەندەری گـەورەدا، بـۆ چەنـد سـەدە پێشـڕەوی بوارەکانـی سیاسـەت و ئەخلاق بوون، لە کۆنسـێپتی قانوونـی تەبیعـی دەسـتیان پێکرد و Natural Law و گەیشتنە مافە سروشتیەکانی ئینسان Natural Rights کـە بەراسـتی ئـەوە لـەو سەردەمەدا بە بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕانە و مژدەهێنەری سەردەمێکی تازە لە قەڵەم دەدرا. قانوونـی تەبیعـی، قانوونیکـی نەگـۆڕە کـە حـەق و ناحـەق و درووسـت و نادرووسـتی پێ لێک جیا دەکرێتەوە. نەگۆڕە و ئینسان داینەهێناوە یا داینەناوە. بەڵکـوو لـە ڕاستییە سروشـتیەکان و نەفسـی واقعیەتـەوە سـەرچاوە دەگرێ. جۆرێـک لـە جیلـوەی عەقڵـی خودایـە کـە لـە سەرتاسـەری ئـەو گەردوونـەدا هەیـە و هەمـوو ئینسـانەکان بەشـیان پێوەیـە. ئـەوە کـە ئێمـە ئینسـانەکان لـە توانامانداییـە دەرک بـە قانوونـی تەبیعی واتە یاسـای سروشـت بکەین لەبەر ئەوەیە کـە هەمـوومـان عـەقڵمانvisdom هەیە. هەر بۆیەشە هەموو ئینسانەکان لە بەرانبەر قانوونـی تەبیعیدا بەرانبەرن. لەو بۆچوونـەوە بیرۆکەی بەرانبەریی تەبیعی نێـوان ئینسـانەکان سـەری هەڵدا کـە وەک وتمـان سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ یاسای تەبیعی.

یەکێک لـە کۆڵەکـە بنەڕەتییەکانی فەلسـەفەی ڕەواقـی ئەوەیـە کـە تاکی ئینسـان لـە بەرانبـەر مرۆڤایەتـی و دونیا و هەمـوو بوونەوەرکانـدا، بـە بەرپـرس لـە قەڵـەم دەدا. ڕەواقییـەکان فەردیەتـی ئینسان و بەرپرسایەتیی ئینسانیان پێکەوە لێـک گرێـدا. بەوجـۆرە مافەکانـی مرۆڤ واتـە مافەکانی تاکی ئینسـانیان کردە جەوهەری فەلسـەفەی ڕەواقیگەری و بناخەیەکـی فەلسـەفی بەهێزیـان بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ دارشـت. دواتـر ڕۆمییـەکان ڕوانگەیەکـی حقووقییـان هێنایە نێـو دیسکۆرسـی دێموکراسـی و مافەکانـی مـرۆڤ. لـەو ڕێگایـەوە سیسـتەمێکی حقووقی ئەوتۆیـان دایـە مرۆڤایەتـی کـە بۆخۆی بە شاکارێکی بێوێنە بە حیساب دێ و هەروەک بیرۆکە سیاسـی و ئەخلاقییەکانی ڕەواقییەکان، تـا ئێسـتاش شـوێنەواری لەسـەر ئێمـە هـەر هەیـە. بـە پێچەوانەی فەیلەسـووفە یوونانیـەکان کـە پێیان لەسـەر گرینگیی مەبەست و ئاکام و غایەتی دەسـتەڵاتی سیاسـی دادەگـرت، واتـە ئەوەیکـە کام جـۆری حکوومـەت باشـترین ئاکامـی بـۆ خەڵـک هەیـە، فەیلەسـووفەکانی ڕۆمـی، لە ژێـر ڕووناکایی فەلسـەفەی ڕەواقیگەریـدا، ئـەو پرسـیارەیان هێناگـۆڕ کـە حەقـی قانوونـی و بـێ ئـەولاولای هـەرکام لەوانـە بـۆ حکوومەتکـردن کامەیـە کـە داوای دەسـەڵاتی سیاسـی دەکـەن؟ یوونانییـەکان مەبەسـت و غایەتی دەسـتەڵاتی سیاسـیان بەوە دادەنا کـە خزمـەت بـەو کەسـانە بـکات کـە لـە کۆمـەڵ یان شـاردا دەژیـن. چوونکە کۆمـەڵگا لـە تاکـەکان پێکهاتـووە. هەربۆیە خەڵکەکە واتە تاکەکان پێویستە لە کاروباری سیاسیدا بەشداری بکەن. ڕۆمییـەکان، بـە پێچەوانـەوە، بـە پێـی یاسـایی تەبیعی، دەسـەڵاتی سیاسیان بە هـی خەڵک دەزانـی. نەک لەبەر ئەوەی کـە بـە قازانجی خەڵکـە، بەڵکوو لەبەر ئـەوەی کە بەگوێرەی یاسـای سروشـتی خەڵـک خۆیـان خاوەنـی دەسـەڵاتی سیاسین. بۆیە لە ڕوانگەی ڕۆمیەکانەوە دەسـەڵاتی سیاسـی حەقی خەڵکە وەک مافـی خاوەنداریەتـی. هەربۆیـە دەکـرێ بشـگوێزرێتەوە. کۆنسـێپتی حکوومەتـی نوێنەران لێرەوە سەری هەڵدا. یۆنانییەکان حەقی نوێنەرایەتیان بە شـتێکی بێ مانا دەزانـی. وەک ئـەوەی کەسـێک بێـت و نوێنەرایەتـی خـۆی بداتـە کەسـێکی دیکـە تـا لـە جیاتـی ئـەو بـۆ سـاغی و سلامەتی وی، وەرزش بکات. بەو جۆرە ڕۆمییـەکان تـا ئەو جێیە چوونە پێشـێ کـە بیرۆکەی نوێنەرایەتییان هێندە بێمانا کرد، تەنانەت حەقی حکوومەت کردنیان بۆ تاکە کەسێکیش بە ڕەسمی ناسی .

کاتێـک مەسـیحییەت هاتـە نێـو گۆڕەپانەکە هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. تا سەرهەڵدانی مەسیحییەت ڕۆژئاوا دینێکی نەبوو کە بانگەشـە بۆ موتڵەقیـەت واتـە Absoluteness واتـە تەواویەتخوازیـی بـکات. یەهوودییـەکان کەمایەتییـەک بوون کە لـە دونیـای خۆیانـدا دەخولانـەوە و هیـچ کاتێـک هەوڵـدان بۆ ڕزگاریـی گەلانی دیکەیـان وەک ئەرکی سەرشـانی خۆیان نـەدەدی. بـەڵام مەسـیحییەکان هـەر کە دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستەوەگرت، یانی لـە سـەدەی چوارەمـی زایینیـدا، ئـەودەم کە کۆنسـتانتینی گەورە، مەسـیحییەتی کـردە دینی ڕەسـمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، بیرۆکـە سیاسـی و فەلسـەفییەکانی یۆنانـی- ڕۆمیـان خسـتنە نێـو قالبـی موتڵەقگەرایـی و تەواویەتخـوازی. شـایانی باسـە کە ئەو تەواویەتخوازییە بە سـیفاتێکی خودایی، سـەرووی بەشـەری و یەکێـک لـە تایبەتمەندیەکانـی ئایینە ئیبراهیمیـەکان دادەنـرێ. بـەو جـۆرە قانوونـی تەبیعـی و حقووقـی تەبیعـی، لەسـەر دەسـتی سـینت ئۆگوسـتین St. Augustin ، کـران بـە قانوونـی ئیلاهی و حقووقی ئیلاهی.

لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـتدا، یانـی لـە ڕووخانـی ئیمپراتـۆری ڕۆمـەوە تـا ڕێنسانسـی سەدەی شازدەهەم و عەسری نوێ واتە سەدەی هەژدەهەم، بیرمەندەکان سـەرلەنوێ جارێکـی دیکـە گەڕانـەوە سـەر بیـر و ئەندێشـەکانی یۆنـان و ڕۆم. چونکـە لێکدانـەوە و تەعبیـری کلیسـا بـۆ دەسـەڵات و مەشـیەتی ئیلاهـی، ببـووە سـەرچاوەی زوڵـم و سـتەم و جەهل و بڵاوکردنـەوەی خورافـات و مەینـەت بەشی. کەشیشەکان مەشییەتی ئیلاهیان کردبـووە ئامـرازی بردنەپێشـی زووڵـم و سـتەم و بێعەداڵەتـی. لـە ژێر دەسـەڵاتی حکوومەتـی کلیسـادا، حکوومـەت و دەسـەڵات سـەرچاوەی ئیلاهیـان هەبـوو و ڕەوایـی و مەشـرووعیەتی خۆیـان لـە کەشـیش و قەشـە جۆراوجـۆرەکان، بـە پێـی پلەبەنـدی ئـەوان لەلایەن کلیسـاوە، وەردەگـرت. دواتر کە ڕیفۆرمی ئاینی و مەزهەبی پێکهات، تا سەدەی هەژدەهەم، حکوومـەت و دەسـەڵات مەشـرووعیەتی خۆیـان لـە حەقـی ئیلاهـی پاشـاکان بـۆ حوکمڕانـی وەردەگـرت. لـەو سیسـتەمە چینایەتیە داخراوەدا، تاکی ئینسانی تەنیا کاری ئەوەبـوو کـە لە خزمەت کلیسـا و دەزگای سەڵتەنەتدا بێ. لە ڕاستیدا دونیا هیچ شتێکی بۆ تاکی ئینسانی، ئەگەر سـەر بـە چینـە دەسـەڵاتدارەکان نەبوایە، جگـە لە ڕەنج و مەینەت و چارەڕەشـی، تێدا نەبـوو. هەرچی هەبـوو لـە دونیای دیکە بوو. هەموو فەلسـەفەی مەسیحی، هەوڵی ئەوە بوو کە خەڵک عەواڵەی ئەو دونیـا بـکا و دڵیان بە بەهەشـت و ژیانی پـاش مـردن خۆش کا. لە باشترین حاڵدا وەک ئاخوندەکانی لەمـەڕ خۆمان، دڵی خەڵکی بەوە خۆش دەکـرد کە ڕۆژێک کەسـایەتییەک دێ و دونیـا لـەو زوڵم و بێعەداڵەتییە نەجات دەدات.

مۆدێرنیتە بە گەڕانەوە بۆ سەر دابونەریت و سـوننەتەکانی یوونانـی -ڕۆمـی و بـە لێکدانـەوە و تەعبیرێکـی درووسـت لـە مەشییەتی ئیلاهی لە سوننەتی یەهودی – مەسـیحیدا، دەسـتی پێکـرد. شـتێک کە کەشیشـە مەسـیحییەکان لە سـەدەی پێنجەمـدا بەلاڕێیانـدا بردبـوو. بـەو جۆرە ڕێنێسانسی بیرۆکەکانی یۆنانی -ڕۆمی توانـی ئاڵوگـۆڕ بەسـەر جیهانبینـی مەسـیحی سەدەکانی نێوەڕاست دا بێنێ و دەرگا بەسەر دونیای مۆدێرندا بکاتەوە. تاکـی ئینسـانی و مافەکانی ئەو وەک ئینسـان، دەکەونـە جەرگـە و ناوەندی ئەو دونیا تازە و مۆدڕنە.

لێـرەدا ئێمـە تەنیـا ئـەو ڕووداوانـە کە بە سـەر فەسـڵە گرینگەکانـی ئـەو پرۆسـە دوورودرێژە دادەنرێن دەخەینە بەرچاوان.

ماگنـا چارتـا، یەکەمیـن قانوونـی ئەساسـیی سـەردەمی دێموکراسـی و حکومەتـی قانـوون لـە ئینگلیسـتان، لـە سەرەتای چەرخی سێزدەهەمدا.

مارسـیلیۆس پـادوا، لـە ئیتالیـادا، کـە بیرۆکـەی دەسـتەڵاتداریەتیی خەڵکـی زیندوو کردەوە. سەدەی چواردەهەم.

ئێسـپینۆزا و ئاراسـمۆس کـە بانگـی ئازادیـی مەزهەبـی و سـیکۆلاریسمیان بـە گوێی دونیـادا خوێند. لە هۆڵەندە، لە سەدەی هەژدەهەمدا.

شۆڕشـی پڕشـکۆی بریتانیا و سـەرەتای دەسـتپێکردنی حکوومەتـی مەشـرووتە. حکوومەت لە سـەربنەمای قانوون. ساڵی ١٦٨٨ی زایینی.

جـان لاک، حقووقـی مەدەنـی هێنایـە گـۆڕێ، کـە لە حقووقـی تەبیعی تاکی ئینسانییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمنییەت و ئازادیی شەخسی، مافی خاوەنداریەتی، بەرانبـەری ئینسـانەکان، پێوەندیـی نێوان قانـوون و ئـازادی. لەهەرجێیـەک قانوون نەبێت ئازادیش نییە.

کانـت. دانانی پایـەی ئازادییە فەردی و سیاسیەکان لەسەر بناخەیەکی ئەخلاقی، categorical imperative . واتـە کار و کـردەوەی هەرکـەس لایەنـی جیهانـی و گشـتی هەیـە. هەمـوو دەبێ وا ڕەفتـار بکەیـن کـە وەک قانوونیکـی جیهانی و پرنسیپێکی گشـتی تەماشای ڕەفتارەکانمان بکرێ. سەدەی هەژدەهەم.

بەیاننامەی سەربەخۆی ئەمریکا. هەموو ئینسـانەکان بەرانبـەر خوڵقێنراون. هەموو ئینسـانەکان حەقـی ژیـان و ئـازادی و هەوڵدان بۆ گەڕان بە دوای خۆشـبەختی خۆیانـدا هەیـە. مافەکانـی مـرۆڤ بـە شـێوەی سروشـتی بەشـێکن لە مرۆڤ و لێی جیا ناکرێنەوە. باڵانس و هاوسەنگی لـە نێوان دەسـەڵاتە حکوومەتیەکانـدا . checks and balances, سەدەی هەژدەهەم.

بەیاننامـەی مافەکانـی مـرۆڤ و مافەکانـی هاووڵاتـی فەرانسـە. ئـەو بەیاننامەیـە شـوێنەوارێکی زۆر شۆڕشگێڕانەی لەسەر هەموو دونیا دانا. سەدەی هەژدەهەم.

هەڵوەشـانەوەی کۆیلەتـی و سیسـتەمی کۆیلـەداری لـە لایـەن بەریتانیـاوە، لـە سەدەی هەژدەهەمدا،

جرمی بنتام. فەلسـەفەی سوودوەرگرتن. زۆرترین خۆشـبەختی بۆ زۆرترین ڕادە لە خەڵـک. Utilitarianism، سـەدەی هەژدەهەم.

ڕیفـۆرم و چاکسـازی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە بەریتانیـا کـە بـووە هۆی ئەوەی دێموکراسی ئەشرافی قووڵ و بەریـن بکرێتـەوە و سـەرەنجام هەمـوو خەڵک بگرێتەوە. سەدەی نۆزدەهەم

بەیاننامـەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و کۆنڤانسـیۆنە نێونەتەوەییەکانـی پێوەندیـدار بـەو بەیاننامەیـەوە. سـەدەی بیستەم.

وەک دیتمـان دێموکراسـی و مافەکانـی مـرۆڤ لـە بەرانبەریی نێوان ئینسـانەکانەوە سـەرچاوە دەگـرن. ئەگەر ئینسـانەکان بەرانبـەر دێنـە سـەر دونیـا، بەگوێـرەی تەبیعەت، هیچکەس لە گەڵ کەسـانی دیکـە نابەرانبـەر نییـە و کەس مافی ئەوەی نییە ژیان لە کەسانی دیکە بستێنێ. یا دەستدرێژی بۆسـەر ئازادی کەسـانی دیکـە بـکا، یا شـێوە ژیانێکی تایبەتیـان بەسـەردا بسـەپێنێ. حاکمیەت Sovereignty و دەسـتەڵاتداریەتیی سیاسـی، حەقـی کەسـانی بەرانبـەرە و دەنگـی زۆرینـەی ئـەوان بڕیـاڕدەرە. بەڵام پرەنسـیپی بەرانبەریی دەتوانێ پڕمەترسی بێـت. لێکدانـەوەی مارکسیسـتی بـۆ بەرانبـەری و حەقـی بەرانبـەر، واتـە بەرانبـەری موتڵەق، دەبێتـە تۆتالیتاریزم. ئاخر مافی گەڕان بە دوای خۆشـبەختدا ناکـرێ لـە کـەس زەوت بکـرێ، مەگەر بـەزۆری. لێکدانەوە و تەعبیری موتڵەق لـە بەرانبەریـی نێـوان ئینسـانەکان، مافەکانـی کەمایەتیەکانیـش دەخاتە بن لیچ.

لە ڕاسـتیدا جیاوازی لە نێوان بەرانبەریی تەبیعی و بەرانبەری زاتیی ئینسـانەکاندا هەیـە. ئینسـانەکان بـە شـێوەیەکی زاتی بەرانبـەر نیـن. ئـەوان بـە مافـی بەرانبەر و توانـای نابەرانبـەرەوە دێنـە سـەر دونیا. ڕۆژانـە دەبینیـن کـە هەمـوو وەک یـەک ناتوانـن لـەو دونیایە بەهـرە وەرگرن. بۆیە قانوونـی ئەساسـی ئەمریـکا ڕێگای کەڵکـی خـراپ وەرگرتن لە دەسـەڵات و حکوومەتـی زۆرینـەی گرتـووە. لەوێدا ئـەوە ڕوونکراوەتـەوە کـە مافەکانـی مرۆڤ بەشـێکی جیانەکراوە لە ئینسـانن و لەهیـچ هەلومەرجێکدا ناکرێ لێی بسـتێنرێنەوە. هیچ قانوون و زۆرینەیەک ناتوانـن دەسـتدرێژی بکەنـە سـەر مـاف و ئازادییەکانـی مـرۆڤ. سیسـتەمی چێـک و باڵانـس لـە یاسـای بنەڕەتیی ئەمریکادا پێش بە هەر چەشنە زۆرویژی و زیدەڕۆییەک دەگرێ.

گەورەتریـن دەسـتەبەر بـۆ دابینکـردن و پاراسـتنی دێموکراسـی مافەکانـی مـرۆڤ بریتییـە لـە لەگۆڕێدابوونـی سیسـتەمێکی یاسایی بەهێز و سەربەخۆ. سیسـتەمێکی قانوونـی لـەو چەشـنەی کـە ڕۆمییەکان و پاشـان ئینگلیسـەکان دایانهێنـا و پیادەیـان کـرد. بـەڵام ئەوەش بەتەنیا بەس نیە. بێجگە لە دابەشـکردنی دەسـەڵات، بێجگە لـە پێکهێنانی باڵانس لـە نێـوان هێـز و بەشـەکانی دەوڵەتـدا، بێجگـە لـە دیسانتراڵیزاسـیۆن، جگـە لـە فیدرالیـزم و دامەزراندنـی حکوومەتـە ناوچەییەکان، یەک سیسـتەمی بەهێزی بـازاڕی ئازادیـش پێویسـتە کـە بتوانـێ سـەرچاوەکانی سەروەت و سامان لەدەست حکوومـەت دەربێنـی. لـەوەش زیاتـر کۆمەڵگایەکـی مەدەنـی بەریـن و بەهێز بۆ ئەو مەبەستە پێویستن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پردی نێوان خەڵک و دامـودەزگا حکوومی و دەوڵەتییەکانن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ هێندە زۆر و کارابن کە سەرتاسەری ژیانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگیـی نێـو کۆمـەڵ بگرنـەوە و لـە هەمـوو ئـەو بوارانەدا ئامرازی فشاری خەڵک بن بۆ سەر حکوومەت و دەسەڵات و سەرمایە.

مافەکانـی مـرۆڤ و دێموکراسـی لـە بایـەخ و گرینگیـی تاکی ئینسـانییەوە سـەرچاوە دەگـرن. بـەڵام بەبـێ لـە گۆڕێدابوونـی هەسـتی هاوپێوەندیـی ئینسانی و کۆمەڵایەتی، ئیندیڤیدوالیزم و فەردگەرایـی ناتوانـن مافەکانـی مـرۆڤ و دێموکراسـی بپارێـزن. لێرەدایە کە بەشداریی چالاکانە و کارای خەڵک لـە کاروبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگیـدا، لـە سیسـتەمێکی دێموکراتیکـدا، ڕۆڵێکـی کاریگـەر و کارسـاز دەبینـێ. بـە تەعبیرێـک بـە بەشـداری لـە کاروبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا، دەگوترێ عیبادەتی تازە. یانـی بەشـداری لە کاروباری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگیدا بە عیبادەت لە قەڵەم دەدرێ. کەواتە کاری سیاسـی ، لەسـەردەمی نوێـدا ، وەک عیبادەتـی مەزهەبـی، فەریـزە و تەکلیفـە. ئـەوەش لـە بـڕوای قـووڵ بـە دێموکراسـی و مافەکانـی مرۆڤـەوە سـەرچاوە دەگـرێ. ئاخـر هاووڵاتـی بـاش ئـەو کەسـەیە کە لـە کاروباری سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای خۆیدا چالاکانە بەشـداری دەکات و هەوڵ دەدا شـوێنەوار دانێ.



# کەیهان یووسفی:

## خاڵێک کە دەبێ زۆر لە سەری ڕاوەستە بکرێت ئەوەیە کە وێڕای هاودڵی کوردەکان لەگەڵ خوێندکارە فارسەکان، هەڵسوکەوتی ئەوان لە سەر ڕێچکەی هەمان دیسکۆرسی پاوانخوازانەی زاڵ بووە و لە جیاتی پشتیوانی دژایەتی لێ کەوتۆتەوە



**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز لە ئێران بە ڕۆژی خوێندکار ناسراوە. لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ی هەتاوی، لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و سەربازییەکانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە هێرش کرایە سەر خۆپیشاندانی زانستگای تاران، کە بە نارەزایەتی بە هاتنی نیکسۆن، جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا خۆپیشاندانیان ڕێک خستبوو. بە هۆی هێرشی هێزە سەربازییەکانەوە سێ خوێندکار کوژران. لەو کاتە بەدواوە لەلایەن چالاکانی خوێندکاری و مەدەنییەوە ڕۆژی ١٦ سەرماوەز وەک ڕۆژی خوێندکار و وەک ڕەمزی خەباتی خوێندکاران بۆ وەستانەوە دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و تاک ڕەهەند لە ئێران دیاری کراوە.

یادکردنەوەی ١٦ی سەرماوەز، کاریگەرییەکانی ئەو ڕۆژە لە سەر بزوتنەوەی خوێندکاریی ئێستای ئێران و کوردستان و چەند پرسێکی دیکەمان لە وتوویژێکدا لەگەڵ «کەیهان یوسفی» چالاکی سیاسی و سکرتێری پێشووی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خستووە بەر بەس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**. سەرەتا کورتەیەک لە سەر مێژووی ١٦ی سەرماوەزمان (ڕۆژی خوێندکار لە ئێران) بۆ باس بکەن؟**

مێژووی ١٦ی سەرماوەز دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای کودتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ و لە سەر کار لابردنی دوکتور محەممەد موسەدیق، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران لە سەر کار. بزووتنەوەی بەرگری نەتەوەیی کە لەمبەر و ئەوبەر هەندێک پەرچەکردار و نارەزایەتی دەربڕینی لە خۆی نیشان دەدا و لە پاڵ ئەوانیشدا چالاکیی حیزبی توودە و لایەنگرانی لە ئارادا بوو، بەم بۆنەوە داوای دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان دەکات. لە مانگی سەرماوەزدا ڕاگەیەنرا کە پێوەندیی نێوان ئێران و بریتانیا دیسانەوە ئاسایی بووەتەوە و هەروەها ریچارد نیکسۆن، جێگری سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیارە بێت بۆ ئێران. فەزای خوێندکاری و کۆمەڵگای ئێران لەو کاتەدا دژی ڕۆژاوا و ئیمپریالیزم بوو، ئەمەش پەرچەکرداری خوێندکارانی سەر بە هەموو جەریانە فیکرییەکانی بە دواوە بوو و لە سەر داوای بزووتنەوەی بەرگری نەتەوەیی نارەزایەتییان دەربڕی کە لە ئاکامدا سێ خوێندکاری ئێرانی بە ناوەکانی مستەفا بوزورگ نیا، ئەحمەد قەندچی و مەهدی شەریعەت ڕەزەوی لە ڕۆژی ١٦ سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٢، لە کولیژی فەننیی زانکۆی تاران و لەلایەن گاردی پاشایەتیی شای ئێرانەوە کوژران. ئەو ڕۆژ بوو بە هێمای بزووتەوەی خوێندکارانی ئێرانی و لەو ڕۆژەوە تا هەنووکە یادی خوێندکارە کوژراوەکان لەو ڕۆژەدا دەکرێتەوە .

**. ١٦ی سەرماوەز لە سەر هەڵگیرسانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا چ کاریگەری هەبووە و لە ئێستا دا لەنێو خویندکاران چۆن ڕۆڵ دەگێڕێت؟ . کۆماری ئیسلامی چۆن کەڵکاوەژوو لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەردەگرێ تا نیشان بدا کە گرینگی بە پرسی خوێندکار دەدا؟**

کە باسی بزووتنەوە دەکەین بێگومان هێما و هێرۆ یان باشتر بڵێن قارەمانەکان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن لە چالاکبوون و بەردەوامبوونی ئەو بزووتنەوەدا. ڕوودانی و ئەم ڕۆژە و خوێندکارانی کوژراوی ئەم ڕۆژە بوون بە پردێکی پێوەندیی نێو هەموو خوێندکاران و ڕەوتە خوێندکارییەکان و بە هۆی جەوهەری خودی بزووتنەوەی خویندکارییەوە کە دژ بە دەسەڵاتە، خوێندکاران و ڕەوتە خوێندکارییەکانی دژبەری دەسەڵات ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژی هاوپێوەندیی نێوان خۆیان و گرێدانی خواستەکانیان .

سروشتی دەسەڵاتانی تۆتالیتر کونترۆڵکردنی هەموو کۆمەڵگا و تاکەکانیەتی. هەر بۆیە ئاسایی بوو کە ڕێژیم بیهەوێت بیاڤی زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاریش کۆنترۆڵ بکات. بەم مەبەستە بە دروستکردنی ڕێکخستنگەلی هاوتەریب وەکوو دەفتەری تەحکیم وەحدەت و ئەنجومەنی ئیسلامیی زانکۆکان و بەڕێوەبردنی ڕێوەڕەسم بۆ نموونە لەم ڕۆژەدا هەوڵی داوە ئەم ڕۆژە لە حاڵەتی هێما بوون دەربێنێ و تەنیا وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی پێناسەی بکات کە تا ئێستاش وێڕای هەموو پەلە قاژێیەکانی سەرکەوتوو نەبووە.

**. لە دوای ١٦ی سەرماوەز لە ساڵی ١٣٣٢ نارەزایەتیی هاوشێوەی وامان هەتا ساڵی ١٣٧٨ نەبووە، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

بۆ پێش ساڵی ٥٧ و لە سەردەمی شادا دەرکەوتەی نارەزایەتیی خوێندکاران لەنێو ڕێکخستنگەلی سیاسی و حیزبی و چەکداریدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە پێکهاتەی سەرەکیی ڕەوتە چەپەکان و لەوانە چریکە فیداییەکان خوێندکاران بوون.

لە کوردستانیش شەهید سمایلی شەریفزادە چالاکی خوێندکاری بوو، بە گشتی ستایلی خەبات و هێماکەی شەڕی چەکداری و بزووتنەوەی ئامریکای لاتین و کەسایەتیەکی وەکوو چێ گیڤارا بوو.

دوای شۆڕشی ٥٧ و جێگیربوونی ڕێژیم، زانکۆ بۆ ماوەیەک هەر داخرا، شەڕ بوو، سەرکوت و ڕەشبگیری و هەلومەرجێکی سەرکوت بوو و دەرەتان بۆ چالاکی خوێندکاری لە ئارادا نەبوو. بەڵام لە دەیەی ٧٠ بەم لاوە ئەم دەرفەتە کەم کەم ڕەخسا تا شوێنێک هەڵبژاردنی خاتەمی وەکوو سەرکۆمار و ڕیفۆرمیستە حکوومەتییەکان لە مەجلیسی ئێران و ... قەرزداری هەر ئەو ڕەوتە خوێندکارییە بوو کە دوایی لە ساڵی ١٣٧٨دا ئاراستەی نارەزایەتیەکانی ڕووبەڕووی پێکهاتەی ڕێژیم کردەوە.

**. چەندە بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە کوردستان توانیویەتی لە جووڵانەوەی خوێندکاری سەراسەری ئێراندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت؟**

خوێندکارانی کورد بەشێک لە خوێندکاران بوون لە زانکۆکانی ئێران و لەگەڵیان تێکەڵ بوون و جیا لەوان نەبوون و لەگەڵ ئەوان ڕۆڵی خۆیان لە پەرچەکردارە نارەزایەتیەکاندا گێڕاوە. زۆر خاڵی هاوبەش لە داواکارییە سێنفیەکان و دێموکراتیک میحوەرکاندا بووە کە خواستی خوێندکاری کوردیش بووە، هەر بۆیەش خوێندکارە کوردەکان بەشدار بوون لە چالاکی و نارەزایەتی خوێندکاراندا.

یەکەمین خوێندکار کە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی و لە ڕووداوەکانی ناسراو بە کوی دانشگا، لە زانکۆی تاران شەهید کرا، شەهید ئیبراهیم ئیزەت نیزاد خەڵکی کرماشان بوو. دیسان لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨دا لە شاری تاران کە هەڵوێست و نارەزایەتیی خوێندکاران دژ بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێرانی بە دواوە بوو، سێ خوێندکاری کورد شەهیدکران، شەهیدان کیانووش ئاسا خەڵکی کرماشان، سانع ژاڵە خەڵکی پاوە و موحەممەد جەواد پەرەنداخ دانیشتووی تاران.

خوێندکارە کوردەکان وێڕای بەشداریی لە بزووتنەوەی سەرانسەریی خوێندکاری لە ئێران، داواکاریی تایبەتی خۆیان وەکوو کورد هەبووە و هەیە.

کوردبوون و شوناسی کوردی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەوان لەگەڵ ئەوی تر بووە و پێناسەی تایبەتیی بەخشیوە بە چالاکیی خوێندکارانی کورد. خاڵێک کە دەبێ زۆر لە سەری ڕاوەستە بکرێت ئەوەیە کە وێڕای هاودڵی کوردەکان لەگەڵ خوێندکارە فارسەکان، هەڵسوکەوتی ئەوان لە سەر ڕێچکەی هەمان دیسکۆرسی پاوانخوازانەی زاڵ بووە و لە جیاتی پشتیوانی دژایەتی لێ کەوتۆتەوە. بۆ تاکێکی کورد و بە تایبەتی خوێندکاری دەروەستی کورد، کوردبوون و بەرگری لە شوناسی کوردی و هەوڵدان بۆ وەدەسخستنی مافی نەتەوەیی ئەولەویەتی هەبووە و هەیە. دروستبوونی ئەنجومەنە خوێندکارییە کوردییەکان و دەرکردنی گۆڤارە خوێندکارییە کوردییەکان و بەڕێوچوونی ڕێوەڕەسمی تایبەت بە کوردستان لە زانکۆکان دەرخەری ئەم راستیەن. ئەم خواستەش گەرچی خواستێکی دێموکراتیکە بەڵام داواکارییەکی سیاسیشە و پەرچەکردارەکانیش بەرامبەری سیاسی بووە. بە داخەوە لە ئێران و لە ئاستی گشتی و لەنێوان دژبەرانی دەسەڵات، چەمکی دێموکراسی وەکوو هەموو چەمکەکانی دیکە پێناسەی واقعی بۆ نەکراوە و پێناسەکانیان بۆ خزمەتی فرەخوازی نەتەوەی دەسەڵاتدارە لە ئێران. هەر داواکارییەکی دێموکراتکیش گەر بە دڵی ئەوان و لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەواندا نەبێت دژایەتی توندی دەکەن، هەر بۆیە کوردبوون وەکوو شوناسێک کە داواکارییەکی دێموکراتیکی هەیە دەکەوێتە خانووی دوژمنانی مەزنخوازیی ئێرانییەوە و نەک لە بیاڤی سیاسەت بەڵکوو لە بیاڤی زانکۆشدا دژایەتیی دەکرێت. ئەم گاردە شوڤێنی و ڕەیسیستیەی بزووتنەوە سەرانسەرییەکان، بە خوێندکارانیشەوە ئیزن بە تۆی کورد نادەن بە شوناسی خۆتەوە بەشداری چالاکی ئەوان بیت و هەر ئەمەش ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی بەشداریی کەمتری خوێندکارانی کورد لە بزووتنەوەی سەرانسەریدا بێت و هەرچەند بەداخەوە کورد سەرەڕای هەموو ئەمانە قوربانیشی لەم پێناوەدا داوە.

**-چۆن دەکرێ حیساب لە سەر توێژی خوێندکار بکرێ کە سبەی ڕۆژ نەخشی پێشەنگ بگێڕێ لە ئەگەری ڕوودانی هەر حەرەکەتێکی ئێعترازیدا؟**

خوێندکاریش هەر تاکێک و ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە. ئەوە زانکۆ و بیاڤی زانکۆیە کە پێناسەی تایبەت و ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەر ئەم تاکە. بزووتنەوەی خوێندکاری بزووتنەوەیەکی دێموکراسیخوازە و جیا لە دەسخستنی داوکاریی سینفی هەوڵی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەش دەدات، حەرەکەتی ئێعترازیی عیداڵەت تەوەر و دێموکراتک بێ شک توانای ڕاکێشانی خوێندکارانی بۆ لای خۆی هەیە و ڕەنگە هەر خۆشیان لیدر و پێشەنگی بن.



وەکوو مێژوو و پێشینەی بزووتنەوەی خوێندکاری ئەم توێژە زۆر جار پێشەنگی نارەزایەتییە گۆڕانخوازەکان بووە و لە داهاتووشدا وەکوو جەوهەر و ئەرکی خۆی هەر دەبێت وا بێت. خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە ئیزن نەدرێت ئەم بزووتنەوە و بەستێنەکەی لە ڕێڕەوی خۆی لابدا، شتێک کە دەسەڵات پێی خۆشە و هەوڵی بۆ دەدات. بزووتنەوەی خوێندکاری خۆی لە بەرانبەر دەسەڵاتدا پێناسە دەکات و ئەرکی بە پێکۆڵکێشانی دەسەڵات بە قازانجی کۆمەڵگەی مەدەنی و دێموکراتیکە نەک پاڵپشتی دەسەڵات و دەسەڵاتداران.

هەر بۆیەش چاوەڕوانی ئەوەیە بزووتنەوەی خوێندکاری پێشەنگی گۆڕانکاری بێت لە داهاتوودا.

# ده فەرمانی وەرگێڕان

نووسەر: ڕ. ڕەمەزانی

وەرگێڕ: ساماڵ ئەحمەدی




١

ئەوەندەی بۆتان دەلوێ بەدوای کاری وەرگێڕان مەکەون! مەگین بەڕاستی متمانەتان بە تواناییی خۆتان لە وەرگێڕاندا هەبێت. بێشک گەلێک نووسراوی باش هەیە کە پێویستە تەرجەمە بکرێت، بەڵام ئەم قسەیە ئەو کاتە واتای خۆی لێ دەکەوێتەوە کە پێمان وابێ وەرگێڕانەکە بەباشی دەکرێت. تەرجەمەنەکردن زۆر لە خراپتەرجەمەکردن باشترە! پێش ئەوەی دەست بە وەرگێڕان بکەن، لە خۆتان بپرسن ئاخۆ وەرگێڕانەکەتان هیچ زیان و خەسارێک بە زمان ناگەیەنێت؛ بیر لەو نووسەرە بکەنەوە، کە لەوانەیە بە وەرگێڕانی خراپ ناوی بزرێت، یان بابەتەکەی بەهەڵە درک بکرێت؛ بیر لەو کڕیارەش بکەنەوە، کە بە پارە وەرگێڕانەکەی ئێوە دەکڕێت؛ ئەو خوێنەرەشتان لە زەیندا بێت کە لەوانەیە کارەکەی ئێوە تووشی سەرلێشوانی بکات؛ هەروەها ژینگەشتان لەبیر نەچێت و بیر لەو کاغەزانە بکەنەوە کە لەوانەیە بەخەسار بچن؛ خۆ ئەگەر ئەو بابەتانەشتان بەلاوە گرینگ نییە، هیچ نەبێ بیر لە ئابڕووی خۆتان بکەنەوە. ئەم چەشنە تێبینییانە لە بەرانبەر کەلکەڵەی وەرگێڕاندا زیادترتان ڕادەگرێت. بەم جۆرە ئەگەر دەستتان بۆ وەرگێڕان برد، تەرجەمەکەتان جودا دەبێتەوە لە هەموو چەشنە وەرگێڕانێکی بێبایەخ. هەروەها دەبێ ئەوەشتان لەبیر بێت، کە وەرگێڕان پێویستی بە کاتی ئازاد هەیە. کەواتە ئەگەر ئێوەش وەکو زۆربەی خەڵک لە چەندین لاوە کار و کاسپیتان وەرێ خستووە و وەک دەڵێن «کابرا بە هەزار سەر دەڕوات!»، تکایە خەیاڵی وەرگێڕان وەلا بنێن.

٢

تەنیا لەو بوارانەدا دەست بۆ وەرگێڕان بەرن، کە پسپۆڕیتان تێیاندا هەیە. ئێستا هەموو گۆڕەپانێکی زانین، بگرە هەر بوارێک لە هەر گۆڕەپانێکدا، یان هەر لقێک لە هەر بوارێکدا زاراوەناسیی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر لقێکی زانین، خۆی گەلێک وشەی هەیە، کە ئەگەر پێشتر بەباشی لەگەڵ بابەتەکە ئاشنا نەبن، ناتوانن لێیان تێ بگەن. ئەوەشتان لەبیر بێت، کە باسی ئاشنایەتی لەگەڵ وشەکانی لقێکی زانین دەکەین، مەبەستمان زانینی مانای «وشە بە وشە» نییە، بگرە هەر وشەیەک چەندین واتا بەدوای خۆیدا ڕاکێش دەکات، کە ناتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە «وشەنامەکان» لێیان تێ بگەین. گۆڕەپانی ئەدەبیاتیش لەم بارەیەوە ئاوارتە نییە؛ تەنانەت ئەگەر بتانەوێت کورتەچیرۆکێک تەرجەمە بکەن کە بە زمانی خەڵکی ڕەشۆکیی کۆڵان و سەرجادە نووسراوە، دەبێ زمانی ئەو کۆڵان و جادەیە بە تایبەتمەندییە تایبەتەکانییەوە بناسن. ئەوەش ڕاستە کە بەشێک لەو جۆرە خاڵانە بەدەم کارکردنەوە شیاوی فێربوونن، بەڵام ئەمە هەردەم وەڕاست ناگەڕێت و پێویستە لەپێشدا بەڕادەی پێویست زانیاریتان لە بوارەکەدا هەبێت.

٣

پێویستە بزانن کاری وەرگێڕان بەلانی کەمەوە پێویستی بە «زانین»ی دوو «زمان» هەیە. کەواتە بۆ تەرجەمەکردن، نابێ دڵ بەوە خۆش بکەن کە بێجگە لە زمانی دایکتان لەگەڵ زمانێکی دیکەش ناسیاویتان هەیە. ئەزقەزا ئیرادی زۆربەی وەرگێڕانەکان لەوەدایە وەرگێڕ لە زمانی مەبەستدا کە زۆر جار هەمان زمانی دایکیەتی، بەڕادەی پێویست شارەزا نییە. لەوانەیە ئێوەش، وەکو زۆر کەسی دیکە، هەر لە سۆنگەی ئەوەی کە لەگەڵ زمانێکی دیکەی بێجگە لە زمانی دایکتان ناسیاویتان هەیە وابزانن دەتوانن خۆ لە کاری وەرگێڕان بدەن. بەڵام لەبیرتان نەچێت کە هەر لە ڕێگەی زمانی یەکەمتانەوە فێری زمانی دووەمیش بوونە، هەربۆیە چەندی زیادتر لە زمانی یەکەمتان شارەزا بن و بیزانن، هێندەش لە زمانی دووەمدا شارەزاتر و زاناتر دەبن.
خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئاخێوەربوونی زمانێک هەردەم بە مانای زانینی ئەو زمانە نییە. زانینی زمان پێویستی بە تێڕامانەوەی زمان، واتە بەئۆبژەکردن و مەعرەفەتی (شوناس) ئەو زمانە هەیە، کەچی ئاخێوەری زمانێک، زمانەکە نەک بە شێوەی زمانزانانە، بگرە بە شێوەی سروشتی و «بەردەستی»١ لەکار دێنێت.

٤

وەرگێڕانەکەتان بەپەلە مەکەن، ئەو تەرجەمانەی بەپەلە دەکرێن، زۆربەیان باش لەکڵ دەرنایەن. کەلکەلە و گنخاندن لە هەموو شتێکی دیکەدا خراپ بێت، لە کاری وەرگێڕاندا دەرهاویشتەی باشی لێ دەکەوێتەوە. باشتر وایە متمانە بە یەکەم تێگەیشتنتان نەکەن و هەردەم بە هەندێک گومانەوە کارەکە بەرەو پێش بەرن. ئەم کارە شیمانەی هەڵەکردنتان کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە لە زۆر جێدا تووشی زاراوەیەک ببن و پەلەکردن ببێتە هۆی ئەوەی نەدانستە مانای وشەکە لێک بدەنەوە.
ئەگەر وەرگێڕێکی باش بن، بە خوێندنەوەی وەرگێڕانی دیتراندا دەزانن کە لە ڕاستیدا وەرگێڕ چەندە زەحمەت، وردبینی و تاقەت لەکار دێنێت. وەکو ئەوەی کەم تا زۆر لە گەلێک شوێنی دیکەشدا هەیە، لە بواری وەرگێڕانیشدا چەندایەتی و چۆنایەتی پێوەندییەکی کەم تا زۆر پێچەوانەیان هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە وەرگێڕاوی بەشێک لە وەرگێڕە فرەکارەکان زۆر بە دڵەوە نانووسێت.

٥

لەپێشدا بزانن ئاخۆ خۆتان لە وەرگێڕانەکەی خۆتان تێ دەگەن!
دەتوانن هەردەم وەرگێڕانەکەتان بدەن بە دیتران تاکوو بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەرببڕن، بەڵام بەردەستترین بژاردە بۆ تاوتوێی وەرگێڕانەکەتان ئەوەیە کە بزانن ئاخۆ خۆتان لێی تێ دەگەن! ئەگەر خۆتان بەدروستی لە تاکە ڕستەیەکی تەرجەمەکەتان تێ نەگەیشتن، شکتان نەبێت کە ئەو ڕستەیەتان بەهەڵە وەرگێڕاوەتەوە. خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو ڕستانەی وا خۆتان بەدروستی تێیان ناگەن لەنێو تەرجەمەکەتاندا زۆر بن، دەبێ بزانن کە وەرگێڕانی ئەو دەقە کاری ئێوە نییە و باشتر وایە دەستی لێ هەڵگرن و لێی بێخەیاڵ بن.
تێگەیشتنی خوێنەر دەچێتەوە سەر تێگەیشتنی وەرگێڕ. ناتوانن چاوەڕوان بن خوێنەر لە شتێک تێ بگات کە خۆتان تێی ناگەن. جاری واشە وەرگێڕ هەرچی دەکات و دەکرێنێت لە مانای ڕستەیەکی نووسەرێک تێ ناگات، هەربۆیە لە خۆی دەبوورێت و بەگوێرەی پاش و پێشی ڕستەکە بە جۆرێک تەرجەمەی دەکاتەوە، کە سەرباری ئەوەی شیاوی تێگەیشتنە، کەچی دیار نییە بەڕاستی دروست بێت. ئەم کارەش لە ئەخلاقی وەرگێڕان ناکاڵێتەوە. دەبێ لەگەڵ خۆتان ڕاستگۆ بن و تێ بکۆشن لە یەکە بە یەکەی ڕستەکانی نووسەر تێبگەن.

٦

چەندین جار وەرگێڕانەکەتان بخوێننەوە.
وەرگێڕە باشەکان هەر بە یەک دوو جار خوێندنەوە ڕازی نابن، کە وەرگێڕانەکەیان بە چاپ و بڵاوبوونەوە بسپێرن؛ ئەوان لە هەمبەر وەرگێڕانەکەیاندا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن.
باشتر وایە لە نێوان کاتەکانی دووبارەخوێندنەوەی وەرگێڕانەکەتاندا مەودا هەبێت. هەڵبەت هیچ کارێکیش لەوە دژوارتر نییە، کەسێک چەندین جار وەرگێڕانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. هەستکردن بە پاتبوونەوە لەوانەیە ڕێگە نەدات ئیراد و کێماسیی کارەکەتان بدۆزنەوە. لەبەر ئەمە، پێویستە وردە وردە و لەسەرخۆ پێداچوونەوەکە جێبەجێ بکەن.
هەرچەندێکی لە کاری وەرگێڕاندا کارکوشتەتر ببن، نیازتان بە دووبارەخوێندنەوە کەمتر دەبێتەوە. ئەوەشتان لەبیر بێت، هەر کە وەرگێڕانەکەتان بە چاپ و بڵاوکردنەوە سپارد، ئیدی کار لە کار ترازاوە: شارەزایانی وەرگێڕان کارەکەتان تاوتوێ دەکەن، بەهەڵە بەرچاوەکانتان پێدەکەنن و، تەنانەت ڕەخنەیان لەسەر دەنووسن. ڕاستە دەتوانن لە چاپەکانی دواتردا بە تەرجەمەکەتاندا بچنەوە و چاکی بکەن، بەڵام هەرکە کارەکەتان بڵاو بووەوە، خۆی دەبێتە خاوەنی هەبوونێکی سەربەخۆ و هەردەم لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە. ئەو وەرگێڕانە بێبایەخەی چوار ساڵ لەمەوبەر کڕیم، ئێستاش لە سووچێکی ژوورەکەم لەنێو کتێبخانەکەمدا لە بەشی کتێبە بێبایەخەکاندا کەوتووە.
ماوەیەک لەمەوبەر چاوم بە وەرگێڕەکەی کەوت و هەر ئەوەندەم پێ کرا بە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ پێشنیاری پێ بکەم، لەبری وەرگێڕان بچێ چاو لە یاریی فووتباڵ (تۆپێن) بکات.

٧

بە ڕژدی فێری دەستوورەکانی خاڵبەندی ببن. باشترین کار بۆ فێربوونی دەستوورەکانی خاڵبەندی ئەوەیە کە نووسراوی کەسانی زمانزان و شارەزای وەرگێڕان، نەک هەموو پرزەنووسێک، بخوێننەوە و لە خاڵبەندییەکەیان ورد ببنەوە. بێگومان بژارچییەکی باش (هەڵەچن) دەتوانێت تاکوو ڕادەیەک خاڵبەندیی وەرگێڕانەکەتان ڕێکوپێک بکات، بەڵام خاڵبەندی، خۆی تاکوو ڕادەیەک بە کاری وەرگێڕانەکەوە گرێ دراوە.
ئەوەشتان لەبیر بێت، خاڵبەندی پێڕەوی لە ژێربێژیی ماناسازی دەکات کە هەمان ڕەوانکردنی خوێندنەوە و ئاسانکاریی تێگەیشتنە. کەواتە ناکرێ لە هەر جێیەکی نووسراوەکەتاندا بە ئیشتیای خۆتان «خاڵبەندی» بکەن. بۆ نموونە، ناکرێ لەبەر ئەوەی هەناسەتان سوار بووە لە هەر جێیەکی ڕستەدا بینۆک «ویرگول» دابنێن.
ڕێگەیەکی باش بۆ فێربوونی خاڵبەندی ئەوەیە کە لە پێکهاتەی مانایی ڕستەکان تێ بگەن. هەموو ڕستەیەک، تەنانەت ڕستەی سادەش، لە «نیهاد» و «گوزارە» پێک هاتووە. نیهاد ئەو شتەیە کە ڕستەکە لەبارەیەوە دەدوێت و گوزارەش ئەو قسەیەیە کە لەبارەی نیهادەوە دەکرێت، کە ئەم بەشە پێویستی بە «کار» هەیە. کەواتە ئەوە شتێکی زۆر دژوار نییە کە بزانین دانانی «بینۆک» لەنێوان «نیهاد» و «گوزارە»دا لەگەڵ ژێربێژیی ماناسازی ناحاوێتەوە، هەرچەند زۆر کەس ئەم کارە دەکات.
لەم ڕووەوە، لەو ڕستانەدا کە زۆر درێژ دەبنەوە و چەندین بەش لە خۆ دەگرن، دەبێ «بینۆک» ـەکان دووـدوو بن، بە جۆرێک کە یەکیان پشتیوانی لە ئەوی دیکەیان بکات. لەم کارەدا، «نیهاد» دەکەوێتە پێش «بینۆک»ی یەکەمەوە، «گوزارە»ش دەکەوێتە پاش «ینۆک»ی دووەمەوە و بە شێوەیەکی ژێربێژانە پێکەوە دەبەسترێنەوە. لەم نموونەیە بڕوانن: نیهاد، ....، گوزارە.
لەم شێوازەدا دەتوانن ئەوەندەی کە لە ڕستەکەتاندا بگونجێت، چەندین بەش بە ڕستەکەتانەوە زیاد بکەن، بەبێ ئەوەی ژێربێژیی ماناسازییەکە تێک بچێت.
هەروەها تێگەیشتن لەوەی کە خاڵی «؛» دەبێ لە کوێی ڕستەدا دابنرێت، کاری هەموو کەسێک نییە.

٨

دەست لە وەرگێڕانەکەتان وەربدەن، دەستکاریی یەکە بە یەکەی ڕستەکانی بکەن و بەشەکانی پاشوپێش بکەن بۆ ئەوەی جوانترین و ڕەوانترین پێکهاتەی بۆ بدۆزنەوە. ئەم دەستتێوەردانانە وەرگێڕانەکەتان باشتر و جوانتر دەکات.
هەموو زمانەکان پێڕەوی لە پێکهاتەبەندییەکی یەکسان ناکەن، لەبەر ئەمە، وەرگێڕان هەر دانانی واتای وشەکان لە جێگای یەکتردا نییە. هەوڵ بدەن پاڕستەکان و ئامرازە گەیەنەرەکان بە باشترین شێوە لەنێو شاڕستەکاندا جێگیر بکەن. بێجگە لەمە، دەبێ هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە باشترین جێگای خۆیاندا دابنێن. بۆ نموونە، دەکرێ «ئاوەڵکار» لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕستەدا دابنرێت، بەڵام لە هەر ڕستەیەکدا شوێنێکی تایبەت هەیە کە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی «ئاوەڵکار»ی تێدا دابنێن.

٩

هەوڵ بدەن باشترین هاوواتا بۆ هەموو وشەیەک بدۆزنەوە. لەبیرتان نەچێت کە هاوواتای دروست، هەمیشە باشترین هاوواتا نییە. هەرچەند لەکارهێنانی هاوواتای دروست خوێنەر لە هەڵەتێگەیشتن دەپارێزێت، بەڵام لەکارهێنانی باشترین هاوواتا تێگەیشتنەکە ئاسانتر و ڕەوانتر دەکات.
بۆ دۆزینەوەی باشترین هاوواتاکان پێویستە لە یەک دوو وشەنامە زیادترتان لەبەردەستدا هەبێت و هاوواتا جۆراوجۆرەکان لە ڕستەکەتاندا دابنێن بۆ ئەوەی بزانن کامەیان زووتر و ڕەوانتر مەبەستەکە دەپێکێت.
هەروەها ئاگادار بن کە «واتای یەکەم» جادووتان لێ نەکات.٢ زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی کە زۆر کارکوشتە نین، هاوواتای حازربەدەستیان بۆ زۆربەی وشەکان لەبەردەستدا هەیە.
دەبێ ئاگادار بن کە هاوواتای حازربەدەست هەردەم باشترین هاوواتا نییە و تەنانەت جاری وایە لەکارهێنانی لە دەقێکدا نادروستە. بۆ نموونە، لە دەقێکی «زەویناسی»دا، لەکارهێنانی ئاوەڵناوی «ڕەخنەیی»٣ بۆ «سێڵاو»، خوێنەر وەپێکەنین دەخات.

١٠

ئەو نۆ فەرمانەی سەرەرەوە لەبەرچاو بگرن، ئەویش بە گوێرەی ئەوەی کە ئێوە وەرگێڕن، نەک چەچوولباز!
لەم نووسراوەیەدا وا دانراوە کە ئێوە تەڵەکەباز نین، بگرە باوەڕتان بە مانای «چاکە / خراپە» یان «دروست / نادروست» هەیە.
ئەگەر وا نییە و ئێوە بیر لە هیچ شتێک ناکەنەوە بێجگە لە قازانجی کەسیی خۆتان بە هەر نرخێک بێت، ئەوسا هیچکام لەو خاڵانەی لەم نووسراوەیەدا هاتوون، بەلاتانەوە گرینگایەتیی نابێت؛ نە نووسەر، نە خوێنەر، نە زمان و نە تەنانەت خۆشناویی خۆشتان. هەڵبەت ئەم نووسراوەیە پێی وا نییە ئێوە ڕۆحانین و بە بای خودا بەڕێ دەچن؛ زۆر ئاساییە کە لەبیری پەیداکردنی «پارە»، یان دەستەبەرکردنی ناوبانگیشدا بن، یان بیر لە «بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی»ی خۆتان بکەنەوە، کە بڕیارە پارە و ناوبانگی بەدوادا بێت. لەم سەردەمەدا کە ڕوانگەی سەرمایەدارانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەبێتە بابەتێکی ناچارەکی، جێی خۆیەتی کە ئێوەش بچووکترین کار «بەخۆڕایی» ئەنجام نەدەن و هەر بیر لە کاری فەرهەنگی و پەرەپێدانی زانست و ئەم جۆرە شتانەدا نەکەنەوە.
بەڵام لەبیرتان نەچێت کە دەبێ پارە، ناوبانگ و پەرەپێدانی زانستی تەنیا و تەنیا لە بەرانبەر «زەحمەت و کار»دا بە ئێوە بدرێت.
ئەگەر لەمە بەدەر بێت، کارەکەی ئێوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دزی نابێت، ئەوەندە نەبێ کە ئەمە دزییەکی دووڕووانەیە. بەم پێیە، هەموو شتێک لە پلەی یەکەمدا دەچێتەوە سەر ئەوەی کە ئێوە گەرەکتانە چ جۆرە مرۆڤێک بن؛ تەڵەکەبازێکی بێچاوەڕوو، یان مرۆڤێکی دروستکار.
کەواتە خۆتان لەگەڵ خۆتان ڕووبینی مەکەن و یەکلا ببنەوە، ئاخۆ دەتانەوێت کەسانێکی تەڵەکەباز بن؟

**پەڕاوێزەکان:**
١. بەردەستی: [ئاڵمانیایی Zuhanden؛ ئینگلیزی Ready-to-hand]: ئیشارەیە بە چەمکی "بەردەستی" لە هزری فەیلەسووفی ئاڵمانیایی، مارتین هایدگەردا؛ "بەردەستی" ئەو هەبوونانەن کە بەردەوام و لە هەموو شتێکی دیکە زیادتر وەبەرچاومان دەکەون؛ هەروەها ئەو هەبوونانەن کە لە "نێزیک" ئێمەوەن. تایبەتمەندیی "نێزیکایەتی"، تایبەتمەندیی ئەو "بەردەستی"یانەیە کە هەموو ڕۆژێک لە هەڵسوکەوتەکانماندا سەروکارمان پێیانەوە هەیە.
٢. ئیشارەیە بە ئەم وتارە: سیروس پرهام، افسون معنای اول، نشر دانش، شماره ٧٩ و ٨٠ ، صص٩-١١، آذر و اسفند ١٣٧٢.
٣. critical

سەرچاوە: https://www.radiozamaneh.com/٢١٨٨٠٠

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 812 • 6 December 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# لە ٢٥ی نوامبر هەتا ٢٥ی نوامبر؛ ٣٨ حاڵەتی ژنکوژی و ١٠٤ حاڵەتی خۆکوژی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە

**ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردپا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بە خستنەڕووی ئاماری ژنکوژی و خۆکوشتنی ژنان لە ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٠ هەتا ٢٥ی نوامبری ٢٠٢١ لە کوردستان، ڕاپۆرتێکی شیکاری_ئاماری بڵاو کردەوە.**




## ژنکوژی: ٣٨ حاڵەت

لە ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٠ هەتا ٢٥ی نوامبری ٢٠٢١، بە گشتیی ٣٨ حاڵەتی ژنکوژی لە کوردستان ڕوویان داوە کە وردەکاری و هۆکاری ڕوونی زۆرێک لەو کوشتنانە ناڕوونە، بەڵام بەپێی ئەوەی کە لەبەردەست دایە دەتوانین بەم شێوەیە ئەم حاڵەتانە جیاکارییان بۆ بکەین.

کوژران بەهۆی «کێشەی بنەماڵەیی»؛ ١٢ حاڵەت، کوژران بەهۆی «داواکاری جیابوونەوە»؛ ٤ حاڵەت، کوژران بەهۆی «ڕەتکردنەوەی خوازبینی»؛ دوو حاڵەت، کوژران بەهۆی »دێرهاتنەوە لە بازار بۆ ماڵە»؛ حاڵەتێک، کوژران بەهۆی «شووکردن بە کەسێکی دیکە»؛ حاڵەتێک، کوژران بەهۆی «پەیوەندیی دلداری و خۆشەویستی و پێداگری کچەکە لەگەڵ پێکهێنانی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسە»؛ حاڵەتێک، کوژران بەهۆی «پێنەدانی زێر بە هاوسەرەکەی»؛ حاڵەتێک، کوژرانی ژن و کچێکی تەمەن ١٠ ساڵە بەهۆی «مایەپووچ بوون»؛ ٢ حاڵەت و هۆکاری «ناڕوون»؛ ٢ حاڵەت.

٥ کەس لەو ژنانە لە کاتی کوژرانی خوشک، کچ، بریگرتە و هاوڕێیانیان کە لەو شوێنە ئامادەبوون و کوژران و هەروەها ژنێک لە کاتی پێشگیری لە کوژرانی کچەکەی، بە دەستی زاواکەیان، کوژرا.

٥ کەس لەو ژنانە بە ڕوونی بە بیانوونی «ناموس»ی کوژران و لەمەڕ کوژرانی فائێزە مەلەکی، بەهۆی «پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک و پێداگری لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەو کورە» ناتوانین بە ڕوونی بڵێین قەتڵی ناموسیی» بووە، چوونکە باوکی فائێزە بۆ چەندین ساڵ ئاگاداری «بوونی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی کچەکە»ی بووە، بەڵام کاتێک کە کچەکەی پێداگری لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کورە کردووە، کوژراوە.

هەروەها سەبارەت بە کوژرانی «شەکیبا بەختیار»، بەهۆی »دێرهاتنەوە لە بازار» ناتوانین بە ڕوونی بڵێین کێشەی «ناموسی» بووە.

هەرچەند تەواوی کوژرانی ئەو ژنانە سەرچاوەی لە «بیرکردنەوەی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ژنان» دایە، بەڵام ناتوانین هەموو ئەوانە لە ڕیزی «قەتڵی ناموس»ی بگونجێنین؛ سەرەڕای نەبوونی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زانستی لەو پەیوەندییەدا،ئێمە، لەگەڵ کات و شوێن لە ئێران بەرەڕوو دەبینەوە و باس کردن لەسەر قەتڵە ناموسییەکان لەگەڵ کێشەکە بەرەوڕوومان دەکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە «قەتڵی ناموسی» دیاردەیەکی جیهانییە و بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکان کە لەو پەیوەندییەدا، ئەنجام دراون، دەتوانین بڵێین کە ئەو جۆرە قەتڵانە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکن، وەکوو پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوان و هاوڕەگەزەکانی دیکە ڕوو دەدات، زۆربەی بەرنامەدارێژراو وهاوئاهەنگی پێشووتر بووە، بە کۆمەڵە و لەلایەن بنەماڵەی ئەو کەسانە رووی داوە و بکوژەکە پاش ئەنجامدانی تاوانەکە، شانازی پێوە کردووە و هۆکاری کوژرانەکەیان نەشاردووەتەوە و بە بیانووی «ئابڕوو» ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

## تاوانبارانی ئەنجامدانی ژنکوژی؛

هاوژین ١٦ حاڵەت؛ باوک ٣ حاڵەت؛ برا ٣ حاڵەت؛ ئامۆزا ٢ حاڵەت؛ داواکار ٢ حاڵەت، هاوژین و برای هاوژین؛ حاڵەتێک، برا و ئامۆزا ؛ حاڵەتێک، هاوژینی پێشوو؛ حاڵەتێک، دەزگیران؛ حاڵەتێک، برازای هاوژین؛ حاڵەتێک و ناروون؛ حاڵەتێک.

بەو شێوەیە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، ٧ ژن لە کاتی ئامادەبوون لە شوێنی کوژرانی ژنانی دیکە، کوژران (ژنێک بە دەستی هاوژینە پێشووکەی خوشکی، ژنێک بە دەستی شووی خوشکەکەی، ژنێک بە دەستی هاورێیەکەی، ٢ ژن بە دەستی زاواکەیان و ژنێک بە دەستی هاوژینی بریگرتەکەی).

## کەرەستەکانی کوژرانی ژنان؛

چەک؛ ١٧ حاڵەت، لێدان بە چەقۆ؛ ٦ حاڵەت، ئاگرتێبەردان ٦ حاڵەت، لێدان وئەشکەنجە کردن؛ ٣ حاڵەت، خنکاندن؛ ٢ حاڵەت، لێدان و خنکاندن؛ حاڵەتێک، شمشیر؛ حاڵەتێک و ناڕوون؛ ٢ حاڵەت

پارێزگا و شارەکانی شوێنی ڕووداوی قەتڵەکان؛

کرماشان؛ ١٢ حاڵەت (کرماشان ٨ حاڵەت، هەرسین حاڵەتێک، سەرپێڵی زەهاو حاڵەتێک و ڕوانسەر حاڵەتێک)

سنە؛٩ حاڵەت (سنە ٧ حاڵەت، سەقز حاڵەتێک و مەریوان حاڵەتێک)

ورمێ؛ ٩ حاڵەت (ورمێ ٢ حاڵەت، سەردەشت ٤ حاڵەت، پیرانشار ٢ حاڵەت و تیکاب حاڵەتێک)

ئیلام؛ ٦ کەس (ئیلام ٤ حاڵەت، دەشتی عەباس ١ حاڵەتێک و دەرەشار حاڵەتێک)

دوو کەس لەو کوژراوانە خەڵکی شاری کرماشان و سنە بوون و کە دانیشتووی شارەکانی ساری و هەمەدان بوون.

ئامارێکی ورد و فەرمی لە قەتڵە ناموسییەکان لە ئێران لە لایەن حکوومەتەوە بڵاو ناکرێتەوە و کاتێک لەگەڵ نەبوونی ئامارێکی ورد و ڕوون لەو پەیوەندییەدا، بەرەوڕووین، نیشانەی ئەوەیە کە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئوسووڵی ئەنجام نادرێت هەتا دوورە داهاتوویەکی ڕوون لەوەیکە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژەدا، ڕوودەدات، بە دەست بێت و نە بەرنامەیەکی ڕێگاری و گشتیی بۆ بەرئەنگابوونەوەی ئەو جۆرە حاڵەتانەش بوونی هەیە.

ئەوەیکە لە ئاماری قەتڵی ناموسییەکان بەدەست دێت، نافەرمییە، نیشانەی ئەوەیە کە ساڵانە ٣٥٠ هەتا ٤٠٠ حاڵەتی ژنکوژی لە ئێران ڕوو دەدات، بەو پێیە، بە هیچ شێوەیەک دروست نییە کە بڵێین قەتڵی ناموسی لە کوێ زۆرتر و لە کوێی ئێران کەمترە، تەنیا دەتوانین ئیدعا بکەین کە ساڵانە چالاکانی مەدەنیی و ژنان پێڕاگەیشتن بە حاڵەتەکانی کوژرانی ژنان و قەتڵە ناموسییەکان دەکەن، ئەوەش لەو حاڵەتانەدا، کە ئیمکانی پێڕاگەیشتن و خستنەڕووی کوژران و قەتڵە ناموسییەکانیان بۆ برەخسێت.

لە پەیوەندیی لەگەڵ گرووپە ئیتنیکی کە دەوترێ قەتڵی ژنان لە ناو ئەواندا، زۆرتر ڕوودەدات، دەبێت گۆڕانکارییەکان و هەلومەرجەکانی ئەوان لە بەرچاو بگرین ، وەکوو دواکەوتووی ئابووری کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەرەسەندی توندتیژی وبەرهەمهێنانەوەی توندتیژی لەو بەستێنەدا، هەیە. بەو هۆکارانە ئەگەر تەواوی پارامێترەکانی بەرهەمهێناوەی توندوتیژی و زۆربوونەوەی توندوتیژییەکان هەڵنەسەنگێنین، باس کردن لە پرسی توندوتیژی دژی ژنان لە بنەڕەتا هەڵەیە.

خۆکوژی ژنان: ١٠٤ حاڵەت

خۆکوژی سەرکەوتوو: ٩٦ حاڵەت

خۆکوژی ناسەرکەوتوو: ٨ حاڵەت

خستنەڕوو: ٣١ کەس لەو ژنانە تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بوون کە کەمترینیان تەمەنی ٩ ساڵان بووە.

٣٧ کەس لەو ژنانە خێزاندار، ٣٦ کەسیان سەتڵت بوون.

٧ کەس لەوانە قوتابیی بوون.

١٠ کەس لەوان کە لە شوێنە گشتییەکان خۆیان کوشتوو بە تایبەت لەسەربیناکان خۆیان فڕە داوەتە خوارەوە.

شێوازەکانی خۆکوژی ئەو ژنانەی کە ڕوون بووەتەوە

خۆهەڵواسین: ٣٨ حاڵەت، خۆسووتاندن: ١٣ حاڵەت، خۆفڕەدانە خوار: ٩ حاڵەت، خۆخستنە ناو ڕووبار: حاڵەتێک، خواردنی حەب: ٦ حاڵەت، خوکوشتن بە چەک: ٢ حاڵەت،

## هۆکارەکانی خۆکوژی ئەو ژنانە کە ڕوون بووەتەوە

کێشەی بنەماڵەیی ٤١ حاڵەت، دەستکورتیی: ١٣ حاڵەت، پێکهێنانی ژیانی زۆرە ملیی: ٤ حاڵەت، پێشگیری لە پێکهێنانی ژیانی دڵخواز: ٣ حاڵەت، خەمۆکی: حاڵەتێک، نەبوونی موبایل بۆ بەشداری لە وانە ئانلاینەکانی کاتی کۆرۆنا: حاڵەتێک، قەبووڵ نەبوون بۆ زانکۆ: حاڵەتێک، پێشگری لە درێژەدان بە خوێندان لەلایەن باوکەوە: حاڵەتێک، ئازار و دەسدرێژی جینسی: حاڵەتێک، جیاوازی دانان لە مافی سەرپەرەستیی کردنی منداڵ لە لایەن دادگاوە: حاڵەتێک،

جیاکردنەوەی حاڵەتەکانی خۆکوژی ژنان بەپێی پارێزگاکان:

ورمێ: ٥٠ حاڵەت، سنە: ٢٨ حاڵەت، کرماشان ٢٣ حاڵەت و ئیلام: ٣ حاڵەت.

لەو ڕێژەیە، ٣٧ کەسیان دانیشتووی گوندەکان و ٦٦ کەسیان دانیشتووی شارەکان بوون.

**بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، هۆکاری زۆربەی خۆکوژییەکانی ژنان کێشەی بنەماڵەیی و هەژاری و دەستکورتی بوون.**